# بەدرخان
# Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش

هەفتەنامەیەکی رۆژنامـــەوانیی
گشـــتیی ئـــازادە
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
"بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٤٢) شەممە،
حوزەیرانی ٢٠١٠/٦/٨ زایینی
بەرانبەر بە جۆزەردانی ٢٧١٠ی کوردی
ساڵی دەیەم

www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com


# خوات لەگەڵ فوئاد عارف



دوای بڵاوبوونەوەی هـــەواڵـی کۆچـــی دوایـــی کەسـایەتی ناسراوی گەلەکەمان "فوئـــــاد عـــارف" هەرزوو مامۆسـتای خەمخۆری مێژووی کـــورد دکتـــۆر کەمـال مەزهـــەر لە پەیوەندییەکـدا وتی بابەتێک لەسەر فوئاد عارف دەنووسم، لە دەسـپێکدا بەمجۆرە ماتەمینـی خـــۆی دەربڕی:
کەڵە کوردی گەورە و دڵسۆز و کەم وێنە فوئاد عـارف خوات لەگـەڵ هەرچەنـدە تـۆ هەتـا هەتایە لە نـاخـی دەروونـی دڵسـۆزانی کـوردا زینـدوو دەبیـت. فوئاد عارف: کۆچی دواییـت دڵی گشـت لایەکمانی داخورپاند و دنیـای لەبـەر چاومان لێڵ و تاریک کـرد و فرمێسـکی هەمووومــانــی بەلێشـاو هەڵڕشـت و یـــادەوەرییە زیندووەکـــانتی وررووژاندین...

ل٢

## بنەماڵەی خوالێخۆشبوو کاک فوئاد عارف

هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستای نیشتمانپەروەری گەورەی کورد رایچڵەکاندین، ئەمـە بە کۆسـتێکی گەورە بۆ خۆمـان و تەواوی میللەتی کورد بەگشتی و گەلی عێراقیشی دەزانین. بە لەدەستدانی ئەو کەڵەپیاوە زیانێکی گەورە بە کوردایەتی کەوت.
لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبووری و تەمەن درێژی بۆ بنەماڵە بەڕێزەکەتان.

براتان کۆسرەت رەسول عەلی
سلێمانی - ٢٠١٠/٦/٦

# زیرەک .. ژیانێک پڕاو پڕ لە داهێنان لێوانلێو لە دەربەدەری



ئەم وێنەیە بۆ یەکەمینجارە بڵاودەکرێتەوە

لە نێوەندی کلتووری و رۆشـنبیریی و ئەکادیمییەکانی کوردستان، زۆر کار ماوە بکرێ و ئەوەش کە کراوە، هەرچەندە رێژەیەکی زۆر لاسەنگە لەگـەڵ ئـەوەی کە نەکراوە، بەڵام ئەوەشـی کە کـراوە، چ جای ئەوەی کـە تـەواو نەکـراون، ئەوەندەش کە کـراون هەموویان پێویسـتیان بە پێداهاتنەوەو رێکخسـتنەوەو تەواوکردن هەیە. لەنێو هەموو کارەکاندا، ئەگەر تەنیا باسی کەسایەتییە ناودارەکان بکەین و لەنێو ناودارانیش بە تەنیا "هونەرمەند!؟"ە گۆرانیبێژەکان دەستنیشـان بکەین و قسـە لەسەر ئەوان بکەین، ئەوا لە سەرەتاوە دەبێ دان بەو راستییەدا بنێین، کە ئێمە هونەرمەنـدە گۆرانیبێژەکانی خۆمان ناناسـین، ئەوەی کە دەیزانین هەر تەنیـا ئەوانە دەناسـین، کە بەخـت و تەمەنیان بەوە راگەیشـت "دەنگ-هونـەر- گۆرانی"یان تۆماربکـرێ و ئێمەش هەر تەنیـا "ناو+دەنگ"یان دەناسـین و شـتێکی ئەوتۆ کە شـیاوی ئەوەبێ و رووی ئەوەی هەبێ هونەرمەندانی خۆمانی پێ بەدنیاو میللەتانی تر بناسـێنین، لەبەردەست نییە! ئەوە باسـی "مێژووی هونەری گۆرانی کـوردی" هەرمەکە، لەگەڵ یـەک دنیا رێزو قەدر زانیم بۆ هەموو ئەو نووسـەر و دڵسـۆزانەی کە لە بارەی کەسـانی هونەرمەند و مێـژووی هونەری کوردی کەم و زۆر کاریان کردووە، ئێمە ئێستاش مێژووی هونەری خۆمان، هەر لە پەنای مێژووی هونەرمەندەکانەوە دەزانین، ئەوەش کە لەبارەی مێژووی کەسە هونەرمەندەکانەوە دەیزانین، ناسینێکی هەژارانەیەو جگە لەوەی ناتوانێ جێگای مێژووی هونەری سەردەمەکەمان بۆ بگیرێتەوە، بۆ ناسینی کەسی هونەرمەندەکەش، ئەوەی کە نووسراوە هێشتا هەر سەرەتایە.

ل١٢-١٣



## عەتا قەرەداغی و پەیامداری راستەقینەی ئێرلەندی جەیمس جۆیس

ل١٤-١٥



## سینەم خان جەلادەت بەدرخان دەبێتە سەرۆکی فەخری پەنی کوردی

ل١٤



## خوێندکارێکی تورک دکتۆرانامەیەک لەسەر گۆڤاری هاوار دەنووسێت

ل٥






## لەم ژمارەیەدا


* میتۆلۆژیاو داستانەکانی هیندوستان
* یۆنانییەکان لە ئەربێلا کاری شوێنەواری دەکەن
* وەزارەتی شارەوانی بۆمبای تێدایە
* شوێنەوارناسانی کوردو هۆڵەندا لە کارەساتێکی گەورە رزگاریان دەبێ
* یادێک بۆ خوالێخۆشبوو زاهیر هەناری
* لە پەراوێزی سێیەمین کۆنگرەی (ی.ن.ک) هیوا، زاڵبوون، ئومێد


# دەزگای بەدرخان و سەنتەری رۆشنبیری فەرەنسی یادەوەرییەکانی "جەواهیری"یان لە هەولێر گێڕایەوە

تایبەت بە بەدرخان







دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی بەدرخـان بە هاوکاری سـەنتەری رۆشـنبیری فەرەنسـی ئێـوارە کۆڕێکـی بۆ یادکردنەوەی جەواهیری سازکرد.
لـەو ئێوارە کۆڕەدا کە لەژێر ناوی "یادەوەرییەکان لەگەڵ جەواهیـری" سـازکرابوو، وێڕای نمایشـکردنی فیلمێکی دیکۆمێنتی لە دەرهێنانی ستار محەمەد ئەمین.
هـەر لـەو ئێـوارە کـۆڕەدا "د. خەیال محەمـەد مەهدی جەواهیری و سەباح مەندەڵاوی" باسیان لە یادەوەرییەکان لەگەڵ جەواهیری کرد و دڵخۆشی خۆیان بە وەفایی کورد بەرامبەر جەواهیری دەربڕی.
کۆتایی ئێوارە کۆڕەکە وتاری هەریەک لە"د. کەمال مەزهەر ئەحمـەد، د. جەلیـل مەندەڵاوی، زیـوەر خەتاب، مومتاز حەیدەری، عوسمان رەشـاد موفتی" لەرێگای وتارەکانی خۆیان باسـیان لە گەورەیی جەواهیری کرد، لە بەرامبەر ئەو هەڵوێسـتانەی لەمەڕ مێژووی کـورد و گەلی کورد نواندوویەتی. لە لاپەڕە ١٩ زانیاری زیاتر دەخوێنیتەوە..













# کەرکووک و دەوروبەرەکەی، حوکمی مێژوو و ویژدان

## توێژینەوەیەکی بەڵگەنامەییە لە بارەی دۆزی کورد لە عێراقدا

**نووسینی د. کەمال مەزهەر**
**و: ستار باقی کەریم**
**پێداچوونەوە: عەبدولڕەحمان مەعروف**

بە گشتی ،کوردستان لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێگەیەکی گرنگی لە رووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی داگیرکردو بووبە شوێنی بایەخ پێدانی لایەنە شەڕکەرەکان، نەخاسمە بەریتانیای بەرەی هاوپەیمانان (٢٤٤).ئەوەی لەو بارەوە لەم توێژینەوەیەدا پێمان گرنگە، ئەوەیە کە بەریتانییەکان سەرەڕای پشتگوێ خستنی ئامانجە ڕەواکانی گەلی کورد لە ڕێککەوتننامە و نامە گۆڕینەوە نهێنییەکانیاندا لەمیانی سالانی جەنگدا، کە تایبەت بوون بە دوارۆژی ئەو ناوچانەی کە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانین و بەلام تورکی نین، کەچی لە وێشدا راشکاوانە ئاماژەیان بە زاراوەی کوردستان و چوارچێوە جوگرافییەکەی کردووە. لەو یاداشتنامە نهێنییە تێر و تەسەلەی، کە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ٢١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨ دەریکردووە، کە لە ٢٣ لاپەڕەی قەوارە گەورە پێکدێت، ئەوا بە دەقێکی راشکاوانە هاتووە، کە تیایدا ئەوە دەردەخات، کوردستانی عێراق بەرەو رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە تا ئەودیو چیای حەمرین درێژ دەبێتەوە (٢٤٥).هەروەها لێرەدا جێی بایەخە کە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە شەریف حوسێن لە نامە گۆڕینەوە نهێنییەکانی لەگەڵ بەریتانییەکان لە میانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا راشکاوانە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئەو مەبەستی لە عێراق هەردوو "ویلایەتەکانی لەمەوبەری تورکیا، بەغدا و بەسرایە" (٢٤٦). دەقە ئینگلیزییەکەشی بەم شێوەیە:

The former Turkish Vilayets of Basrah and Baghdad- together Ira "q

هەروەک بەڵگەنامەکان جەخت لەهەمان شت دەکەنەوە، واتە ئەوەی شەریف حوسێن ئەوپەڕی داخوازی بوو سەبارەت بەو دەولەتەی، کە لێرە (عێراق) بڕیاری دامەزراندنی دابوو، ئەویش ئەوەی دەخواست تخوبەکەی بە شێوەیەک درێژ ببێتەوە "پاشماوەکانی ولاتی میزۆپۆتامیا " کە مەبەستی لە موسڵ بوو بگرێتە خۆ (٢٤٧) .دوای تێپەڕبوونی یەک رۆژ لە راگەیاندنی لەندەن بۆ شەڕ لە دژی دەولەتی عوسمانی، ئەوەبوو لە ٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٤ سوپای بەریتانیا لە باشوور دەستیان بەداگیرکردنی عێراق کرد، بەلام ئەم سوپایە تەنها لە ساڵی دوماهی شەڕەکە نەبێت، ئەگینا نەگەیشتنە ناوچە کوردییەکان، تەنیا بەر لەوەش ،پەیوەندی راستەوخۆ لە نێوان بەریتانییەکان و سەرکردەکانی کورد دەستی پێکرد. دوای ئەوەی بەغدا لە ١١ی ئازاری ١٩١٧ داگیرکرا، ئەوە بۆ یەکەمجار بەریتانییەکان لە کەرکووک و سلێمانی پەیوەندیان بە سەرکردە کوردەکانەوە کرد، لەمبارەوە لۆنگریک دەڵێ:-

"پێش رووخانی بەغدا، ئەو ئەفسەرە سیاسیانەی کە پێشرەوێتی سوپای پەلاماردەری بەریتانیایان دەکرد،هیچ پەیوەندییەکیان بە کوردەوە نەکرد، لەبەر ئەوە ئەو پەیوەندیانەی کە بەریتانییەکان لە دوای روخانی بەغدا لە مانگی ئازاری ١٩١٧ لە گەڵیان بەستن ئومێد بڕبوون و هیچ نامەیەکی تر بە دوای ئەو نامانەدا نەهاتن، کە لەگەڵ کوردە نیشتەجێکانی



دکتۆر کەمال مەزهەر کاتێ لەناو شۆڕش بەقەڵەمەکەی خەبات دەکات

کەرکووک و سلێمانی ئاڵوگۆڕیان پێدەکرا. خانەقینیش تاکە ناوچەی کوردەکان بوو، کە لە بەرانبەر شالاوی بەریتانییەکان دەروازەکانی خۆی ئاوەلا کرد " (٢٤٨).

دوای دەست بەسەرداگرتنی خانەقین پەیوەندی نێوان بەریتانییەکان و سەرکردەکانی کورد پتەو بوو، ئەمەو لەوێندەرێش شارەزا بە کاروباری کورد و کوردزمانێکی وەک مێجەرسۆن لە ٦ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٧ ئەفسەرێکی سیاسی دانا.خۆیشی بەر لەجەنگی یەکەمی جیهانی بەنهێنی سەردانی ناوچەکە و لە نێویشیاندا کەرکووکی کرد . لە خانەقینەوەش مێجەرسۆن پەیوەندی بە سەرکردە کوردەکانەوە کرد، لە نێویاندا سەرکردەکانی تاڵەبانی. هەر لەگەڵ داگیرکردنی کفری لەلایەن بەریتانییەکانەوە لە ئایاری ١٩١٨ دەستیان بە بەستنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ ژمارەیەک لە کەسایەتییە کوردەکانی کەرکووک و دەوروبەرەکەی کرد، لەوانەش شێخ حەمید تاڵەبانی و شێخ وەهاب تاڵەبانی کوڕی (٢٤٩) .

لە کاتی جەنگ و راستەوخۆش هەر لەدوای ئەوەش، لەچەند بۆنەیەکدا ،بەریتانییەکان بەشێوەیەکی فەرمی بەم سەرکردانەو ئەوانی دیکەشیان راگەیاند کە:

"نایانەوێت بەڕێوەبردنێکی نامۆ بە نەریت و بەسەریاندا بسەپێنن"(٢٥٠) . حەزەکانیان ئەم جەختکردنەوانەش لە خۆڕانەبوون، ئەو سەرکردە کوردانەی کە بەریتانییەکان پەیوەندیان پێیانەوە بەست، ئەوە لە نێویاندا سەرکردەی خێڵەکانی کەرکووک و دەوروبەرەکەی بوون، ئەوانەش هەر لەسەرەتاوە پێداگیریان

لەسەر پابەندبوونیان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەیانەوەکرد. لەو یاداشتنامەی کە حاکمی مەدەنی لە بەغداد رۆژی ٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٧ بۆ خودی وەزیری بەریتانی بۆ کاروباری هیند ناردوویەتی ئەوەی خوارەوەی تیادا هاتووە:-

"بە شێوەیەکی گشتی خێڵەکانی کورد لەم باوەڕەدا بوون، کە ئێستا دەرفەتێک هاتۆتە پێش بۆئەوەی داوای مافە نەتەوەییەکانیان بکەن،ئەو تۆوە هزریەی ئۆتۆنۆمی کە لە سایەی حوکمی دەستووری تورکەکان دەرکەوتبوو زیندووکرایەوە. ئەوەی ئەو هزرەشی قووڵ کردەوە ئەو مەرجە ئاشکرایانەی ئەو بەیاننامەیە بوو، کە عەرەبەکان رۆژێک بەر لە داگیرکردنی بەغدا ئامادەیان کردبوو" (٢٥١) . " ئەوەش بەبەراورد لەگەڵ ئەو مەرجانەی کە لەلایەن تورکەکانەوە پیادە کرا، تەواو پێچەوانەی ئاوات و ئامانجە نەتەوەییەکان بوو"(٢٥٢).

لە میانی ئەو جەنگە فرەوانەی پڕوپاگەندەدا، کە هاوشانی جەنگی یەکەمی جیهانی بوو،هەر لەیەکەم رۆژی کانونی دووەمی ساڵی ١٩١٨ واتە ماوەیەک پێش داگیرکردنی کەرکووک، بەریتانییەکان لە بەغدا رۆژنامەیەکی کوردیان بە ناوی "تێگەیشتنی راستی" "فهم الحقیقە" دەرکرد، هەڵبەت ئامانجیان لەوەدا ئەوە بوو، کە کوردەکان بەرەو خۆیان رابکێشن و لەبەرانبەریشدا لە عوسمانییەکانیان دوور بخەنەوە. یەکەم ژمارەی "تێگەیشتنی راستی"بەم شێوە رازابۆوە یاخود نمایش کرابوو "رۆژنامەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتییە،خزمەت بە یەکێتی کورد و ئازادیان دەکات" ئەم باسەش لە بابەتەکانی

ژمارەی دواتر و سەروتار چەندان جار دووبارە کرانەوە " (٢٥٣). "تێگەیشتنی راستی" بانگەوازەکانی پتر ئاراستەی سەرکردە کوردەکانی کەرکووک و سلێمانی و دەوروبەرەکەیان کردووە، لە چاو ناوچەکانی تری کورد،چەندان جار هانی خێڵە کوردەکانی کەرکووکی وەک تاڵەبانی، جاف ، هەمەوەند ، زەنگەنە، شوان ، شێخ بزێنی و ئەوانی تریان دا، تاوەکو بیانوروژێنن و"بزاوتێکی فرەوان" لە پێناو ئازادکردنی ناوچەکوردییەکانی ژێر چنگی عوسمانییە دواکەوتووەکان بەرپا بکەن، لە هەموو ئەوانەدا بە جێ پەنجە و شان و باڵی هەمەوەندەکانیان هەڵدەدا ، ئەوەش بەو سیفەتەی ئەوانە بەڵگەی ئازایەتی کوردن،بێگومان ئەوەش تەنها هاندانیان بوو بۆ هەڵگرتنی چەک، ئیدی وتیان: پێویست ناکات دوور بڕۆین ، چەند ساڵێک بەر لەئێستا خێڵی هەمەوەندی کورد چەندان جار بە سەر سەربازەکانی تورک و عەجەم سەرکەوتوون(٢٥٤) .لە هەمان "کاتدا تێگەیشتنی راستی" بایەخێکی تایبەتی بە رووداوەکانی جەنگی دوزخورماتوو و کفری، داقوق و کەرکووک دەدا، هەواڵەکانی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش بە زمانی کوردی بڵاودەکردەوە" (٢٥٥) ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیە دەنێردرایە کەرکووک و دەوروبەرەکەی،هەروەک لە ڕێگەی کەرکووکەوە ناوچە کوردییەکانی تر دانەی خۆیان بۆ ڕەوانە دەکرا. بە دڵنیاییەوەش ئەم هەقیقەتانە بە دوورنین لە ئامانجی سیاسی و رۆشنبیرییەکی دیاریکراو.

بەریتانییەکان رێ و شوێنی تریان گرتەبەر، کە هەمان ئامانجی بە رونییەکی زیاتر لە خۆگرتبوو. دوای ئەوەی لە ئایاری ١٩١٨ کفریان داگیر کرد، ئەوابەسەرژمێرییەکی مەزندەیی ئامێزیان بۆ دانیشتوانەکەی و دانیشتوانی دوزخورماتوو و قەرەتەپە ئەنجامدا، کە ئەوسا لە رووی بەڕێوەبردنەوە سەر بەکفری بوون. لە رووی کردەییشەوە بە یەکەمین سەرژمێری دەژمێردرێت، کە بەشێوازێکی نوێ بۆ دانیشتوانی ئەم ناوچەیە کرابێت. بە پێی ئەو سەرژمێرییەی کە باسکراوە ، ئەوە کۆی گشتی دانیشتوانی ناوچەکە گەیشتە خەفتا هەزار و پێنج سەد، ئەوانی لەوانەش نیشتەجێبوون بە بیست هەزار مەزندەکران.بەلام دابەشبوونی ئەتنیکی و ئایینان بەم شێوەی خوارەوە بوو:-

١-٤٢٨٣ تورکمان، کە دابەشی سەر کفری، دوزخورماتوو، قەرەتەپە ببوون.
٢-٤٥٨ جولەکە.
٣- ٢٧٦ ئێرانی.
٤- ٣٧ عەرەب، کە دابەشی سەر دوزخورماتوو، قەرەتەپە ببوون.
٥- ١ فەلە کە ئەویش لە کفری بوو.
٦-پتر لە ٦٠٠٠٠ کورد، ئەوانەش دابەشی سەر کفری، دوزخورماتوو، قەرەتەپە ببوون. (٢٥٦).

بە پێی ئەو راپۆرتی بەڕێوەبردنەی کە بەریتانییەکان راستەوخۆ لە دوای داگیرکردنی ناوچەکە دایاننانەوە،ئەوە جەمیل بەگی بابان و کەریم بەگی جاف گرنگترین دوو کەسایەتی گوێڕایەڵ و جێبەجێکەری کفری و دوزخورماتوو و قەرەتەپە بوون، هەر لێرەشەوە ناوی گرنگترین خێڵە کوردییەکانیان دیاریکرد، کە جاف ، تاڵەبانی، داودە ، دەلۆ، زەند، زەنگەنە و پالانی بوون (٢٥٧). لە بەڵگەنامەیەکی تر کە بۆ هەمان سەردەم دەگەڕێتەوە، ئەوە هاتووە، کە "زۆر دێی گردۆڵکەکانی قەرەتەپە کوردی رووتن" (٢٥٨).

بەریتانییەکانیش بۆ یەکەمجار،لە ٧ی ئازاری ساڵی ١٩١٨ شاری کەرکووکیان داگیر کرد، ئەوەش بۆ ئەوان رووداوێکی گرنگ بوو، هەر لەبەر ئەم هۆیەش حاکمی مەدەنی ئارنۆڵد وڵسن، کە خۆی یاوەری سوپای بەریتانی دەکرد لە دوای داگیرکردنەکەوە راستەوخۆ لە رێگەی ئاسمانەوە خۆی گەیاندە کەرکووک، لەم بارەشەوە وڵسن خۆی دەڵێت:

"لە دوای چەند رۆژێکی کەم بە فڕۆکە چوومە کەرکووک،تاوەکو ئەو شێوازانە بدۆزمەوە، کە دەکرێ لە رێگەیانەوە بە باشترین شێوە چارەسەری ئەو کێشانە بکەم کە لە ئەنجامی شالاوی هێزی بەریتانی کەوتوونەتەوە و هەروەها بتوانم سۆزی خێڵە کوردەکان و نیەت باشیان دەستگیر بکەم(٢٥٩).

بەریتانییەکان راستەوخۆ لە دوای داگیرکردنی کەرکووک، لە پێناو رێکخستنەوەی ئیش و کارە ئیدارییەکانی ئەم شارە زنجیرەیەک رێ و شوێنیان گرتە بەر، نەقیب بۆلارد یان کرد بە فەرماندەی سیاسی ئەم شارە و دەوروبەرەکەی. وەک ئەوەی لە راپۆرتە ئیدارییەکانی تایبەت بە کەرکووکدا هاتووە، ئەوا بۆلارد "دیارترین و گوێڕایەڵترین شێخەکانی کورد و تورکمانی " ناسی و داوای هاریکاری لێکردن بۆ ئەوەی ناوچەکە بەڕێوە ببات. لە گرنگترین ئەو رێ و شوێنە ئیداریانەی کە بۆلارد گرتنیە بەر بریتی بوون لە پێکهێنانی ئەوەی بە ناوی "دادگای ئاشتی" ناسراوە، ئەوەش بە لاسایی کردنەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی تر، کە لە پێناو " دابینکردنی سیستەمی ئارامی" بە هەمان ناو دادگایان تێدا پێکهێنرا بوو. لە سەرووی هەمووشیانەوە، ئەحمەد حەمدی ئەفەندی، کە لە سەدەمی عوسمانییەکان دادوەر بوو، هەروەها کەسایەتییەکی بەناوبانگی کوردی ئەم شارەبوو، ئەوەشیان ئەوەی لێ بەدی دەکرا، کە دەتوانێ رۆڵێکی بەرچاو لە بەڕێوەبردنی کەرکووک و دەوروبەرەکەی و هەروەها لەلایەنی ژیانی رۆشنبیری ئەم شارە بگێڕێت،

وەک دواتر روونی دەکەینەوە (٢٦٠). بەم شێوەیە مێژوو لە بەر چاوان تەواو خۆی دووبارەکردەوە، وەک ئەوەی بۆ یەکەمجار عوسمانییەکان کەرکووکیان داگیرکرد، نزیکەی پێش چوار سەدە روویدا.

**بەشی شانزدەهەم**

**تێبینی: ئەم کتێبە پێشتر بەشی ١٤ی لە ژمارە (٧٩)ی ٢٠٠٧/٣/٢٢ لە هەفتەنامەی بەدرخان بڵاوکراوەتەوە، کە دوا بەش بووە.**










**"کەرکوک و دەوروبەرەکەی، حوکمی مێژوو و ویژدان" بە زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی و کوردی**

---

کتێبی بەدرخان

لە پەڕاوێزی سێهەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا

# هیوا، زاڵبوون، ئومێد

**کامیل حەمید**

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ی.ن.ک) لە ١ی حوزەیرانی ٢٠١٠ دا سێهەمین کۆنگرەی خۆی بە دروشمی (بەرەو گۆڕانکاری و.. چەسپاندنی یەکێتیی ناو یەکێتیی) لە هۆڵی تەلاری هونەر لە شاری سلێمانی بەست. لەم کۆنگرەیەدا زیاتر لە هەزار ئەندامی کۆنگرە و چاودێر و میوانانی ناوخۆ و دەرەوە ئامادە بوون. وێڕای پیرۆزبایی گەرم و دڵسۆزانە لەیادی دەرکەوتنی ئەستێرەگەشە پڕ هیواکەی گەلی کوردستان (ی.ن.ک ) هیواداریـن ئەم کۆنگرەیە هۆیەک بێت بۆ جارێکی دیکە زال بون بەسەرئەو هەمووو تەنگژەو تێپەڕبوون بەسەر ئەو ئاستەنگیەکانی دەرەکی و ناوخۆییەکان و دانەوەی هەناسەی سەرکەوتن و هەست نەکردن بەماندوبون خۆراگرتنی بەردەوام بێت...

لەناو ئەو هەموو کێشمە کێشانەو دوای بەخۆداچوونەوەیەکی زانستیی و کۆمەلایەتیی ئەمە مایەی هەلوەستە لەسەرکردنە کە هەنگاوێکە لە پێناو لە دیموکراتیزەکردنی پەیڕەوکراوی (ی.ن.ک). ئەمەش بنەمای خۆی لە عەقلیەتی سەردەمیانەی هەڤاڵ مام جەلال خۆی دەبینێتەوە. سازدانی ئەم کۆنگرەیە جگە لەوەی هەنگاوێکە بۆ زیاتر خۆ رێکخستنەوەی ماڵی (ی.ن.ک)ە و لە هەمان کاتیشدا هەنگاوێکە بۆ خۆ رێکخستنەوەی ماڵی کورد. خەمی مام جەلال لە پێناو سەربەرزی کورد بۆتە خەم و ژیانی رۆژانەیی و لەگەڵ خەمەکاندا خۆڕاگرەو لەگەل سەرکەوتنەکاندا گیانی مامەڵەی سەردەمیانەی بیر ناچێتەوە،زمانی گفتوگۆو لێ تێگەیشتن و نەهێشتنی شەڕ بەرنامەی ژیاتنێتی. مرۆڤێکە لەگەل مەزنی خۆیدا وەلامی سکالا دەداتەوە، بەگیانی سەردەم ویاسا بەکردوە لە رێگای دادگاوە سەنگی مەحەک و پشت گوێ نەخستنی کردۆتە ئامرازی لێک نزیک بوونەوە. سلاوکردنی کردۆتە پردی ناسین و خوێندنەوەی مرۆڤ و نرخاندنی مرۆڤی کردۆتە ئامانج و هەرگیز نیشانەی سڕینەوەی نەکردۆتە نەخشە بۆ هیچ کەس و فیکرو بۆچونێک. بەپێچەوانەوە رونکردنەوەی کردۆتە دیاری و پێشکەشی هەمووانی کردووە، تا ئەگەر دژیش بن مەبەستێتی سەردەمیانە مامەڵە بکەن و لەهەموو بارەکاندا نەگاتە ڕادەی شەڕو دروست بونی ئاژاوە کە شەڕ هەمیشە بەقازانجی ناحەزانی کورد و زیانی جوڵانەوەی کوردایەتی بشکێتەوە.

کۆنگرە... ئومێد و هیوایەکی گەشە بۆ هەموو دڵسۆزانی کوردو (ی.ن.ک) کەپردێکە بۆ بەشداری لەگۆڕانکاری و گونجاندن لەگەڵ پێشکەوتنەکان و گیانی سەردەم و بەردەوام بوونی هەنگاوەکان بەهەگبەی پڕ لەگیانی لەخۆ بوردووی نوێی کوردەواری و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و دژایەتی شەڕو خۆئامادەکردنیش بەشێوازی نوێ بۆپارێزگاری لەخاک و گەلی کوردستان وسەروەرییەکان.

بەستنی کۆنگرەی ی.ن.ک هەموو ئازارەکانی سارێژکرد.

سلاو بۆ ئەو گیانە پڕ ئومێدو ئومێدبەخشانە، کە رێڕەوی ژیانی ی.ن.ک بەرەو ئەو ئاقارە دەبەن، کە هیوای گەلی کوردستانە.

بەرەو ئامانجە پیرۆزەکان، بێ سڵکردنەوە هەنگاو دەنێن.

# بیرەوەرییەکانم لەگەڵ حەمید کاوانی

**حەمید ڕەشاش**

کورتە باسێک دەربارەی خەبات و تێکۆشانی شەهیدی قارەمان و پێشەنگی شەهیدانی کوردستان حەمید مستەفا وسو کەنداری ناسراوە بە حەمید کاوانی شەهید، لە ساڵی ١٩١٧ لە گوندی کاوانیان لەدایکبووە، دانیشتوانی گوندی کاوانیان هەر لەسەرەتای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، شەهید حەمید و مام وسووی برای هاتنە ناو ریزی پارتی دیموکراتی، بە هۆی ئەوانە بەشی زۆری دانیشتوانی گوندی کاوانییان هاتنە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی و لە پاش گەڕانەوەی سەرۆک بارزانی لە رووسیا هەر چەند جاری سەرۆک بارزانی سەفەری بارزانی کردبا لە چوون و لە گەڕانەوەی شەهید حەمیدو هەموو چەکدارەکانی گوندی کاوانییان وەکو پاسەوان لە خزمەتی سەرۆک بارزانی دابوون تا سەرۆک دەگەڕایەوە بەغدا و زۆرجاریش سەرۆک بارزانی نەمر میوانی حەمید کاوانی بووە لە کاتی هاتن و گەڕانەوەی. لەپاش کوشتنی میرانی سەدیق بەگ لە ساڵی ١٩٦١ بەشی زۆری دانیشتوانی گوندی کاوانییان و گوندی حوجران تاوانبارکران بەکوشتنی سەدیق میران و فەرمانی گرتنیان بۆ دەرچوو لەلایەن حکومەتەوە، بەڵام کەسەک لە تاونبارەکان خۆیان وەدەست نەداو هەموویان خۆیان و چەکەکانییان چوونە شاخی سەفین، بە ئاگاداری حزب ئەوانەی چوونە شاخ ئەوانیش:

**١- حەمید مستەفا وسوو کەنداری ناسراوە بە حەمید کاوانی گوندی کاوانییان.**
**٢- مام وسوو مستەفا وسوو گوندی کاوانییان.**
**٣- حوسێن مستەفا وسوو گوندی کاوانییان.**
**٤- سابیر مستەفا وسوو گوندی کاوانییان.**
**٥- مەحموود حەمەد عەلی ناسراوە بە مەحموود کاوانی گوندی کاوانییان.**
**٦- جەلال رەسوول وسوو گوندی کاوانییان.**
**٧- فەتاح رەسوول وسوو گوندی کاوانییان.**
**٨- کەریم رەسوول وسوو گوندی کاوانییان.**
**٩- جەوهەر محەمەد وەسمان گوندی کاوانییان.**
**١٠- ئیسماعیل ئیبراهیم گوندی کاوانییان.**
**١١- مورشید قادر گوندی کاوانییان.**
**١٢- جەمیل حەسەن گوندی کاوانییان.**
**١٣- مام تەها ئەحمەد تەها گوندی کاوانییان.**
**١٤- وسمان عەوڵا وسمان گوندی حوجران.**
**١٥- عەزیز عەوڵا وسمان گوندی حوجران.**
**١٦- قەرەنی خدر گوندی حوجران.**

جگە لە سێ ناوی دوایی کە خەڵکی گوندی حوجران بوون، ئەوانی دیکە سەرجەمیان خەڵکی گوندی کاوانییان بوون، ئەو چەکدارانە ماوەیێک لە شاخی سەفین مانەوە، لە پاشان بۆ خۆ پاراستن چوونە دۆڵی شاوری لای عەبباس مامەند ئاغا، لەوێ شاوری مانەوە لە پاشان چوونە ناوچەی پشدەر، پێش دەست پێکردنی شۆڕشی ئەیلوول هەموویان گەڕانەوە شاخی سەفین و بنکەو بارەگای خۆیان لە ئەشکەوتەکانی سەفین لە شەقڵاوە و دەروبەری شەقڵاوە داناوە لە گوندەکان بەنان و زەخیرە هاوکاریاندەکردن، هەروەها چەند کەسانەکی تری چەکدار چوونە پاڵ کاوانییەکان وەکو سەعید مەسیفی و وەستا شێخ محەمەدی شەقڵاوە خۆی و عومەری برای و کاک سەدیقی هیرانی و عەزیزی فاتە قەڵەوێ و کەسانی تریش ئەو چەکدارانە بوونە بنەماو بناغەی شۆڕشی و حزبیش بۆ سەرپەرشتی و سەرکردایەتی ئەو چەکدارانە، مامۆستا مەلا عەوڵا و مامۆستا شەمسەدین مفتی ناردە ناو ئەو هێزەی سەفین و لە ناو ئەندامانی حزب دەنگوباس وا بڵاودەبوونەوە گوایە سەرۆک عەشیرەتەکان وەکو عەباسی مامەند ئاغاو شێخ حەسەن بۆ سگین و کوێخا سمایل تەلان و مینەی عەلی ئاغا و زۆر سەرۆک عەشیرەتەکان، چەکداریان کۆکردەوە و خەڵک ئامادەیە بۆ شۆڕش، دەنگوباس زۆربوو،


حەمید کاوانی

حکومەتیش هەستی بە نائارامی دەکردو هەوڵی دەدا ئەندامانی پارتی لەناو سوپاو و پۆلیس نەقڵ بکات بۆ خوارووی عێراق هەر لە سەرەتای مانگی ٨ی ١٩٦١ چوار پۆلیسی قارەمان بە فەرمانی حزب بە فیرار چوونە ناو هێزەکەی سەفین، ئەو پۆلیسە قارەمانانە پێشەنگ و سەرەتای فیرارکردنی هێزی چەکداری حکومەت بوون، کە بوونە پێشمەرگە، پۆلیسەکانیش ١- عەریف سلێمان ٢- عەبدولڕەحمان مەلا قادر ٣- ڕەشید شێرە ٤- ئەنوەر جۆفین بوون، بە فیرارکردنی ئەم چوار پۆلیسە حکومەت باوەڕی لەسەر عەریف و نائب عەریفی کورد کەم بۆوە، ئێمە ئەوکاتە لیواکەمان لە فەرەزیات بووین لە پشتی ڕەواندوز لە بەرزیۆە بووین ئەوکاتە دەنگوباسی زۆر بە پەلە بڵاودەبوونەوە حکومەت تا ئەو کاتەش چەک و فیشەکی لەسەر سەربازەکانی خۆی دابەش نەکردبوو، ئەوکاتە من لێپرسراوی فەوجی "٣" بووم، کاک خورشید شێرە لێپرسراوی فەوجی دوو بوو، ئێمە ڕۆژانە حزب ئاگاداری دەکردین و لە هەر رووداوێک، هەر لەو ماوەیەش جموجۆڵی عەشائیریش سەری هەڵدا، حکومەتیش خەریکی کۆکردنەوەی جاش و هێزی پۆلیس بوو، بۆ هێرش کردنە سەر هێزەکەی سەفین، هەر لە مانگی ٨ی ١٩٦١ خوالێخۆشبوو عەریف عوسمان یوسف و چەند پۆلیسەکی قارەمان هەموو چەک و جبەخانەی سەرای هەولێریان هێناو هاتنە ناو هێزی سەفین، ئەو چەک و فیشەکانەی ئەو پۆلیسانە هێنایان هێزی سەفینی بووژاندەوە، ئەوەی چەکی نەبوو چەکدارکران، بە هێنانی جبەخانەی هەولێر حکومەت هێزەکی گەورەی کۆکردەوە لە جاش و لە پۆلیسی گەڕۆک، فەرماندەی هێزی پۆلیسەکان معاون عەبدولوەهاب ئەتروشی بوو، پۆلیسەکان هەموویان خەڵکی هەولێر بوون، ئەو هێزە گەورە لە شەقڵاوە لە ئامادەباشی دابوون بۆ هێرشکردن بۆ سەر هێزی سەفین، پێش ئەوەی هێرش بکەن پۆلیسە قارەمانەکانی هەولێر بە کۆمەڵ خۆیان و چەکەکانییان ریزەکانی حکومەتییان بەجێ هێشت، هەر هەموویان چوونە ناو ریزی هێزی سەفین، کە ژمارەیان ٧٥ پۆلیس زیاتر بوون، ئەوانە بوون بناغەی شۆڕشیان داناو تاک و تروک ماون، بەشی زۆریان باری ژیانییان تەواو نییە، بۆ نموونە حەمەد ساڵح عەوڵاو بارام سادق و ئەنووەر جۆخین و ڕەحمان ڕەشید ماون، عەریف سلێمان ئێستا نەخۆشە. بەفیرارکردنی ئەو پۆلیسانە حکومەت بەسەر شۆڕی گەڕاوە و هێرشەکەی پووچەڵ بۆوە، ئەو هێزەی سەفین بووە هێزەکی باش و حکومەتیش چەندجار هێزی جاشانی کۆدەکردەوە و هێرشی دەکردە سەریان، بەڵام هەموو هێرشەکانییان دەشکاند، لە پاشان حەرەکەی عەشایری دەستی پێکرد، لە ١٩٦١/٩/٦ لیوای سپی بەپەلە گەڕاینەوە هەولێر و چەک و فیشەک لەسەر سەربازەکان

دابەشکراو کەرستەی شەڕکردن دابەشکرا، لە سەفینیش هێزەکە بەسەرکردایەتی شەهید حەمید کاوانی و کاک عەریف سلێمان هاتنە پشتی مەخفەرەکەی دەربەندی گۆمەسپان، من ئەوکاتە لێپرسراوی حزب بووم لە فەوجی ٣ی لیوای ٣، هەر لەهەمان ڕۆژی /٩/١٩٦١ فەوجەکان دابەشکران لەسەر ئەم جێگایانە فەوجەک بۆ دەربەندیخان فەوجەک بۆ دەربەندی بازیان فەوجی ٣ کە فەوجی ئێمە بوو، بۆ شاری کۆیێ داندرا، من بەنامە پەیوەندیم لەگەڵ شەهید کاوانی و عەریف سلێمان کرد، ئاگادارم کردن لە حەرەکاتی سوپ، نامەکان بەشی زۆری شێخ ئەحمەدی شێخ عەبدولکەریم دەیبردن، لە ڕۆژی ١٩٦١ /٩/١٠ زانیمان فەوجەکەی ئێمە لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١١/ ٩/ ١٩٦١ بەرەو شاری کۆیێ دەچین، ئێمە هەموو ئەندامانی حزبمان ئاگادارکرد ئەگەر تووشی شەڕ بووین فیشەکەکان بە ئاسمانی وەنێن لە هەمان شەو من نامەیەکم نارد بۆ شەهید حەمید و کاک عەریف سلێمان، ئاگادارم کردن، کەوا بەیانی فەوجی ئێمە بۆ شاری کۆیێ بەرێدەکەوێ، پێشەکی فرۆکە دێنە سەرتان، هەر لەهەمان شەو نامەکە گەیشتە دەستیان، کاک عەریف سلێمان لە یاداشتەکەی لە لاپەڕە ١٦٣دا باسی ئەو نامەیە دەکات، ئەو کاتە هەموو خەڵک لە سوپا دەترسا، سوپا دوو ئەوەندە لە هێزی کوردستان دەترسا، بەرە بەیان فەوجی ٣ بەرێکەوتین بۆ کۆیێ، بەڵام فرۆکە جەنگییەکان ئەوەندە بە توندی بۆمبارانی دەکرد هێزەکەی پێشمەرگە توانای بەرگری نەماو ئێمە بەبێ تەقە چووینە کۆیێ، هەر لە هەمان ڕۆژدا لە دەربەندیخان و دەربەندی بازیان و لە دۆڵی خەلەکان حکومەت بە فرۆکە لە هێزی عەشایری داو هێزی عەشایری لە ترسی فرۆکە بڵاوەیانکرد، لە ڕۆژانی ١٣/ ٩/ ١٩٦١ دوو سریە سەرباز لە فەوجی ئێمە چووینە شاری ڕانیە، لە ڕانیەش چووینە گوندی بۆسکێن کە گەڕاینەوە ڕۆژ لەسەر تەواوبوون بوو، لە کاتی گەڕانەوەمان لە نزیک گوندی سەیداوە چەند کەسێک تەقەیان لە سوپاکە کرد، لە بەر ئەو تەقانە سوپا شکاو هەموو سەیارەکانمان بەجێهێشت کە ژمارەیان ١٥ لۆری زیلی سەربازی بوو، شەو گەڕاینەوە شاری ڕانیە و بۆ بەیانی هێزمان بۆهات و تۆپی گەورەو فرۆکەی جەنگی بەشداری کردو ئەو ڕۆژی تا ئێوارێ شەڕ بوو، لە بناری کێوە ڕەش، لە سوپا دوو کەس کوژراو لە هێزی کوردستانیش یەک کەس شەهید بوو، لە شەوی ١٩٦١ /٩/١٥ ئێمەی ئەندامانی حزب بڕیارماندا بەیانی هەموومان ڕێزەکانی حکومەت بەجێ بێڵین و بچینە پاڵ لەشکری کوردستان، بۆ ڕۆژی ١٩٦١ /٩/١٥ هەر من بڕیارەکەم جێبەجێ کردو خۆم و ڕەشاشەکەم چوومە ناو ڕیزی پێشمەرگە، من یەکەم سەربازی لیوای هەولێر بووم بوومە پێشمەرگەو چوومە بنکەی گوندی "پاش قۆتەڵ" لە مانگی ١١ی ١٩٦١ وا پێویست بوو بە شێوەی کاتی بگوازرێنەوە بۆ لای مەفرەزەکەی شەهید حەمید کاوانی لە گوندی ئامانج، ئەوە سەرەتای یەکتر دیتنمان بوو لەگەڵ شەهید حەمید کاوانی، ئەو گوندە ٣ مەفرەزەی لێبوو هەر مەفرەزەی "١٠-١٥"کەس دەبوو، مەفرەزەی حەمید کاوانی، مەفرەزەی مام وسوو کاوانی و مەفرەزەی دەروێش عەولای گوندی جنێران، هەموومان لە هۆلە مەڕان دەنووستین، کەسمان پێخەفمان نەبوو، دنیا زۆر سارد بوو، بەشەو لە دوو جێگای ئاگرماندەکردەوە، نانمان لە گوندەکان بۆ دەهات، هەر پێشمەرگەی ڕۆژی ٣ نانی هەبوو، لەگەڵ ژەمێ کوپەک چا چێشت لێنان نەبوو. لەپاش گرتنی پارەکەی ڕێگای کۆیێ - هەولێر کۆبوونەوەکی گشتی لە گوندی ڕێزینە کرا، ئەو گوندە لەپشت گوندی سەر کەپکانە، لە گوندی

ڕێزینە ناوی لق و پەل و دەستە داندرا هەموو هێزی لیوای هەولێر دوو لق پێشمەرگە بوو، سەرلقی ١- مەلا عەوڵا بوو، سەر لقی ٢ عەریف سلێمان بوو، شەهید حەمید سەرپەل بوو، من یاردەیدەری سەرپەل بووم، ئەوکاتە مام جەلال لە چەمی ڕێزان بوو، لە ڕەمەزانی ١٩٦٢ مام جەلال داوای ٨٠ پێشمەرگەی کرد لە هێزەکەی هەولێر بچنە چەمی ڕێزان بۆ کاری پێویست، ئەو هێزە داواکرابوو بۆ ڕزگارکردنی سەرای شاری سلێمانی بە هاوکاری لقی حزبی و پۆلیسەکانی سەرای سلێمانی، بەڵام ئەوکارە سەری نەگرت، لە شەوی جەژنی ڕەمەزانی ١٩٦٢ هێزەکە هەموومان چووینە گوندی هەلەدن، نانی جەژنەمان لە گوندی هەلەدن خوارد، لە پاش جەژن مام جەلال بڕیاری دا هێزەکە بڵاوە نەکات، کات لە بارە بۆ چالاکی لە گوندی هەلەدن، بە ڕێکەوتین بۆ ناحیەی ماوەت ئەو کاتە ماوەت لە دەست حکومەت بوو، بەڕێوەبەری پۆلیسی ماوەت معاون جەلالی حاجی عەلی بوو، هەموو هێزەکەمان چووینە ناو شاری ماوەت، پۆلیسەکان چوونە ناو سەرای ماوەت، هێزی پێشمەرگەش دابەشکراین بەسەر ماڵە پۆلیسەکان پێشمەرگەی میوان بوو، بۆ ماوەی ٤ شەو لە ناو ناحیەی ماوەت ماینەوە، دانیشتوانی ماوەت زۆر خزمەتی پێشمەرگەیان کرد، لەپاشان چووینە گوندی ژاژەڵە هێزەکەمان ئەوەندە نەبوو چالاکی گەورەی پێبکرێ، ناچار بووین داوای چەکدار لە گوندەکان بکەین. لە هەر گوندێک میوان دەبووین ئێوارێ مام جەلال خەڵکی گوندەکەی لە مزگەوتێ کۆدەکردەوە و وتارێکی شۆڕشگێڕی بۆیان دەخوێندەوە، دانیشتوانی گوندەکە ئەوەندە ورەی کوردایەتیان بەرزدەبوو خۆیان و چەکدارەکانی خۆیان دەکردە دووبەش، هەر بەشەی ماوەی ١٥ ڕۆژ لەگەڵ هێزی پێشمەرگە دەمانەوە، هەر گوندەک کە مام جەلال قسەی بۆ یاندەکرد دەبوونە ئاگرو هەموویان بەسەرو ماڵ ئامادە بوون لە پێناو سەرکەوتنی شۆڕش، لەو گەشتەمان چووینە ئەم گوندانە: ١-ژاژەڵە ٢-ئاوکورتێ ٣- شاناخسێ ٤- سوورە قەڵات ٥- سەراو ٦- میراوە ٧- سێرین، لە هەموو گوندەکان مام جەلال ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە هاندانی خەڵک، ئەو چەکدارانەی گوندەکان بە شێوەی نۆرەدارا لەگەڵ پێشمەرگە دەمانەوە ١٥ ڕۆژ ئالوگۆڕ دەکران، دوا قۆناغی گەشتەکەمان گوندی کەناروێ بوو، لەو گوندە نەخشەی گرتنی قەزای چوارتاو ناحیەی باسنی و مەخفەری گوندی گرگاشەو مەخفەری گوندی مەوکەبە و مەخفەری گوندی گاپیلۆن داندراو بەپێی پێویست هێزەکە دابەشکردن و بەم شێوەی خوارەوە:

١- پەلەک پێشمەرگە بەسەرکردایەتی عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری و کاک حەمە ساڵح عەوڵا بۆ گرتنی ناحیەی باسنی.
٢- دەستەک پێشمەرگە لەگەڵ ١٠ چەکداری نۆرەدار بەسەرکردایەتی کوێخا کەریم ماوەتی بۆ گرتنی مەخفەری گوندی گرگاشە.
٣- دوو پەل پێشمەرگە بۆ گرتنی ڕێگای سلێمانی، چوارتا بە سەرکردایەتی شەهید حەمیدکاوانی و کاکول سەعید پونگینەیی.
٤- دەستەک پێشمەرگە بە سەرکردایەتی حەمید ڕەشاش بۆ سەری بەردە قەڵی و کۆنترۆڵ کردنی سەرای چوارتا.
٥- عەریف مەجید گورون خۆی فەرماندەی پۆلیسی گوندی مەوکەبە بوو لەگەڵ مام جەلال ڕێکەوتبوو مەخفەرەکەی خۆی و مەخفەرەکەی گوندی گاپیلۆن بێنێ لەگەڵ خۆی.
٦- مام جەلال خۆی لەگەڵ عەریف عەلی مەولوود لە ناو چوارتا بوون بۆ گرتنی معاون عەبدولوەهاب ئەتروشی، بەڵام لەناو سەرای چوارتا بوو نەگیرا، لە شەوی نەورۆزی ١٩٦٢ هێزەکان هەموویان جێگای خۆیان گرت، لەبەرە بەیانی ڕۆژی نەورۆز بە بڵێسەی ئاگری لولەی تفەنگ ئاگری نەوروز کرایەوە، لە هەموو لایێک شەڕ گەرم بوو، فرۆکەش بە بەردەوامی بەرەکانی شەڕی بۆردومان دەکرد، لە پێشی نیوەڕۆ حکومەت

هێزەکی گەورەی پۆلیسی گەڕۆکی نارد بۆ داگیرکردنەوەی چوارتا، لە نزیک گوندی تەگەران لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بەرەنگاری یەک بوونەوە، هێزی پێشمەرگە توانییان هێزی حکومەت راونێن، هێزی حکومەت شکاو دوو سەیارەو چەند چەک و تەقەمەنی کەوتە دەستی پێشمەرگەکان، لەپاش نیوەڕۆ حکومەت بە هێزەکی گەورە ترو بە پاڵ پشتی هاوەن هێرشیان کردە سەر پێشمەرگەکان، فرۆکەش بەردەوام بوون، شەڕەکە زۆرگەرم بوو، شەهید حەمید و شەهید کاکول سەعید هەڵدەستن بە پێوە شەڕ لەگەڵ فرۆکە دەکەن، هەزار مخابن ئەو دوو قارەمانانە شەهید کران، لە ڕۆژی ٢١/ ٣/ ١٩٦٢ بە شەهیدبوونی حەمید و کاکول هێزەکەمان پاشەکەیان کرد و هێزی حکومەتیش گەڕانەوە، دنیا بەرەو ڕۆژئاوا بوون دەچوو، شەهیدەکان ئێستا گۆڕەکانییان لەهەمان جێگایە لە نزیک گوندی تەگەران.
دەست کەوتەکانی هێزی پێشمەرگە لەو شەڕەدا:
١- گرتنی مەرکەزی ناحیەی باسنی بەتەواوی بە بەڕێوەبەری ناحیەو بە بەڕێوەبەری پۆلیس و هەموو پۆلیسەکانەوە.
٢- گرتنی مەخفەری گوندی گرگاشە و مەخفەری گوندی گاپیلۆن و مەخفەری گوندی مەوکەبە بەهۆی عەریف مەجیدەوە، بەڵام مەرکەزی قەزای چوارتا نەگیرا لە بەر سەختی سەرای چوارتا. شەو

هێزەکەمان هەموومان گەڕاینەوە، زیانەکانی ئێمە دوو شەهیدبوون، کە بەهۆی بۆردومانی فرۆکە شەهید کران، دوو پێشمەرگە بە برینداری کەوتنە دەست هێزەکانی حکومەت، لە پاشان هەموو هێزەکەمان لە ئاشی بارام کۆبووەوە، هەموو دەستکەوتەکان کۆکراوەو خەڵکەکی زۆری گوندەکان کۆبوونەوە بۆ تەماشاکردنی ئەو هەموو دەستکەوتانە، مام جەلال وتارێکی خوێندەوە لە بارەی هەردوو شەهیدەکان، ئەو پێشمەرگانەی بێچەک بوون چەکیان درایێ. لە پاشان گەڕاینەوە گوندی درێ بۆ پشوودان و خۆ ئامادەکردن بۆ چالاکی دیکە. ئەو شەڕە دەنگی داوە، لەبەر ئەوەی حکومەت لەو باوڕەیدا نەبوو پێشمەرگە بتوانێ شەڕ لەگەڵ حکومەت بکات، میللەتیش باوڕی بەبوونی شۆڕش کزبوو، لەبەرئەوە بەشی زۆری سەرۆک عەشیرەتەکان بروسکەی پشتگیریان بۆ حکومەت لێدەدا، بەڵام ئەو شەڕە حکومەتی سەرسامکرد دانیشتوانی کوردستان ورەیان بەرزبۆوە، هێزی حکومەت ورەی بەردا و ناوچەی شاربازێڕ ئازادکزاو پاک کراوە، حکومەت توانای گەڕانەوەی نەبوو، شۆڕش لەناوچەی سلێمانی زیندووبۆوە.
لێرەدا من داوا لە کوڕان و خزمانی شەهید حەمید دەکەم ئەوانیش داوا لە حکومەتی هەرێم بکەن ئەو سێریانەی نزیک گوندی کاوانییان بە ناوی شەهید حەمید بکرێ.

# جیاوازی نێوان لەیلا عەلەوی و حەمە سەعید حەسەن چییە؟




**بەهرۆز فاکسمیل- سوید**

لەیلا عەلەوی ... ژنە هونەرمەندێکی عەرەبی میسرییە. "حەمە سەعید حەسەن"یش نووسەرێکی کوردە، ئاخۆ دەبێ جیاوازییان چی بێ؟

**- ئایا لەیلا عەلەوی مێیەو حەمە سەعید نێرە؟**
**- ئایا لەیلا عەلەوی عەرەبە و حەمەسەعید کوردە؟**
**- ئایا لەیلا عەلەوی هونەرمەندە و حەمە سەعید نووسەرە؟**
**- ئایا لەیلا عەلەوی جوان و خرپنە و حەمە سەعید ناشیرین و لاوازە؟**
**- ئایا لەیلا عەلەوی وڵاتی خۆی بەجێ نەهێشتووە و حەمە سەعید هەڵهاتووە؟**
**- ئایا لەیلا عەلەوی جاروبار "سپێدەی باخی سێوان"ی بەیان دەکاو حەمە سەعید واناکا؟**
**- ئایا لەیلا عەلەوی لە نواندندا.. ماچێ دەگرێتە دڵخوازەکەی و کەس ماچ لە حەمە سەعید ناگرێ؟**
**- ئایا لەیلا عەلەوی سووراو بۆ دەمی بەکار دەهێنێ و حەمە سەعید جنێو بەدەمی دەفرۆشێ؟**
**- ئایا لەیلا عەلەوی بە ئاشکرا تەمسیل دەکا و حەمە سەعید جاری وا هەیە بەناوی نهێنی دەشیعرێنێ؟**
**- ئایا لەیلا عەلەوی هاوپیشەی ئەکتەرەکانە و حەمە سەعید حەسەنیش هاوڕێی بوغزاوییەکانە؟**

هەموو ئەو پرسیارانەی کراون، جیاوازییەکان لەسەر لەیلا عەلەوی و حەمە سەعید حەسەن ڕاستن، بەڵام شتی دیکەش هەن و لە جیاوازی نێوان "لەیلا" و "حەمە" باسبکرێن، ئەو جیاوازیانەش ئەمانەی خوارەوەیە:.
- لەیلا عەلەوی ، عەرەبە و لەسەر "ئۆجەلان" هەڵوێستی هەیە، حەمە سەعید کوردەو لەسەر ئۆجەلان هەڵوێستی نییە.
- لەیلا عەلەوی، پێی خۆشە کورد بگاتە مافی چارەنووسی، حەمە سەعید خوا خوایەتی شۆڕشەکانی کوردستان هەموو ئاشبەتاڵ بکەن.
- لەیلا عەلەوی، ئەکتەرێکەو سەر بە مووخابەراتی میسری نییە، حەمە سەعید نووسەرەو بە دەسیسەی "دەزگایەک!" ئاژاوە دەنێتەوە.
- لەیلا عەلوی، ڕێزی سەندیکای هونەرمەندانی میسری تێک نەداوەو حەمە سەعید ڕێزی نووسەرانی کوردی تێک داوە.
- لەیلا عەلوی، لە فیلمەکانیدا خۆیشی نیمچە رووت بکاتەوە درۆ لەگەڵ خۆی ناکا، بەڵام حەمە سەعید خۆی نەک بەجل و بەرگ، بەڵکو بەلاف لێدانی ئازادیش داپۆشیوە.. کەچی لە وڵاتێکی وەک "سوید"یشدا، ڕێگەنادا خێزانەکەی بچووکترین مافی سەربەستی ژیانی هەبێ.. ئەمە جگە لەوەی منداڵەکانیشی زمانی کوردییان بیرچۆتەوەو سویدی قسە دەکەن.
بەڵێ... ئەو جیاوازییانەش لەنێوان لەیلا عەلەوی و حەمە سەعید حەسەندا هەن، جیاوازیەکانیش کەم نین.
- لەیلا بۆ نەتەوەکەی و نەتەوەکانی تریش، دڵسۆزە.
- لەیلا بۆ دیموکراسی و سەربەستی خۆیشی ڕاستگۆیە. کەچی...
- حەمە سەعید بۆ نەتەوەکەی خۆی تێکدەرە.
- بۆ سەربەستی هاوسەرەکەی کۆنە پەرستە.
- بۆ زمانی زگماکی منداڵەکانیشی خەمخۆر نییە.
- بۆ ئازادی و مافی سەرکردە کوردەکانیش، وەکو دوژمنە.
لە کۆتاییدا دەڵێن: ئایا... ئەوانەی هاوڕێیەتی کەسێکی ئاوا دەکەن... لە حەمە سەعید کەمترن... یان لە حەمە سەعید زۆرترن.
کەمتر بن زەرەریانەو زۆرتریش بن زەرەرتریانە، لە هەردوو سەرەوە... تێکەوتوون!.

**سەرچاوە: ڕۆژنامەنووس، ژ٤، ل١٠، ١٩٩٩/٩/٢٢.**

## خوێندکارێکی تورک: دکتۆرانامەیەک تایبەت بە "گۆڤاری هاوار" دەنووسێ

# ئەحمەد ئاکتورک: جەلادەت بەدرخان لەدووره وڵات ئەو گۆڤارەی دەرکردووە، ئەمەش بۆ من گرنگە کە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەم

**لێکۆڵەرێکی بەرەگەز تورک ماوەیەکە خەریکی کارکردنە لەسەر مێژووی کورد، ئەو لە راپەرینی شێخ سەعیدەوە دەستی پێکرد و ئێستا خەریکە دکتۆرانامەکەی لەسەر "گۆڤاری هاوار"لە یەکێ لە زانکۆکانی ئەمریکا، کە تایبەتە بە مێژووی رۆژنامەنووسی کوردی بە ئەنجام دەگەیەنێ، لە دەرفەتێکدا هەفتەنامەی بەدرخان لە نووسینگە تایبەتییەکەی خۆی دواندی و چەند پرسێکی گرنگی ئاراستەکرد...**

**دیداری: حەمید بەدرخان**

**و. لە تورکییەوە: میرحاج مستەفا**

*** تۆ کێی و لە کەیەوە ئاشنای کورد بوویت؟**

- لەساڵی ١٩٨٢ لە شاری "بایبورد - تورکیا" لەدایک بوومە، تا تەمەنی حەوت ساڵی لە بایبورد بووین، دواتر لەبەر ئیش و کاری باوکم چووینە ئەستەنبوڵ، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لە ئەستەنبوڵ تەواو کرد، لەبەرئەوەی ئەستەنبوڵ شارێکی گەورەو تێکەڵە لە قوتابخانە زۆر هاوڕێی کوردم هەبوو، بەتایبەتی دوای قۆناغی ناوەندی زۆر هاوڕێی کوردم هەبوو کە زۆر یەکترمان خۆشدەویست، هەروەها ماڵە دراوسێی کوردیشمان زۆر بوو، یەکەمجار کە کوردم بینی زۆر سەرنجی راکێشام لەبەرئەوەی ئەوان وەکو من قسەیان نەدەکرد و لەگەڵ یەکتر بە زمانێکی دیکە قسەیان دەکرد، کە من تێی نەدەگەیشتم و نەمدەزانی چ زمانێکە، ئەوەش بۆ من پرسیارێکی گەورەبوو کە بۆچی تێناگەم، هەروەها کە کوردەکان بە تورکی قسەیان دەکرد بە تورکییەکی خراپ قسەیان دەکرد، بۆیە من پێکەنینم بە قسەکردنە تورکییەکەیان دەهات، دواتر کە پەیوەندیم لەگەڵیان قووڵتر بوو تێگەیشتم ئەوان نەتەوەیەکی جیان لە ئێمەو زمانێکی دیکەی جیایان هەیە.

دواتر چوومە ئەنقەرە بۆ خوێندنی زانکۆ، لەوێ لە زانکۆی "ئۆرتادۆغ و تەکنیک یونیڤێرستیس- زانکۆی تەکنیکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست" لە بەشی مێژوو خوێندم، لە ساڵی یەکەم و دووەم و سێیەمی زانکۆ مێژووی عوسمانی و ئیسلامی و تورکیمان دەخوێند، لە ساڵی سێیەمدا وانەیەکمان هەبوو کە دەبوو لێکۆڵینەوەی مێژوویی ئەنجام بدەین، هەروەها فێربووین کە مێژووی فەرمی و راستی هەیە، مێژووی فەرمی ئەو مێژووەیە کە حکومەت دەیەوێ تەنها خەڵک ئەو مێژووەی کە دایڕشتووە بزانن، بەڵام مێژووی راستەقینە هەموو کەس دەیزانێ، دواتر ساڵی چوارەم فێری وانەی قۆناغی کۆتایی مێژووی تورک بووین، ئەوکات مامۆستا داوایلێکردین بابەتێک هەڵبژێرین کە دوو کتێبی بیروڕا جیاواز بەراورد بکەین، دواتر منیش بابەتی راپەڕینی شێخ سەعیدم هەڵبژارد، بۆ ئەو بابەتە دوو کتێبم هەڵبژارد کتێبێکی مێژوونووسی ئەمریکی "رۆبرت ئۆلسن" و کتێبێکی دیکەی کە هەمان بابەت بوو بە شێوازێکی جیا نووسرابوو، ئەوەی دووەم لەوە نووسینی "مەتین تۆکەر" بوو، کە زاوای ئیسمەت ئینۆنوو دووەمین سەرۆک کۆماری تورکیا بوو. لەوێوە وردە وردە ئاشنای مێژووی کورد بووم و سەرنجی راکێشام. دواتر بۆ خوێندنی باڵا چوومە ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٦ خوێندنی باڵام تەواو کرد، هەروەها لەسەر مێژووی نەتەوایەتی عەرەبەکان لە ساڵی ١٩٣٠ لێکۆڵینەوەیەکم کرد، لەسەر ئەو بابەتەی عەرەبەکان کۆمەڵێک کتێبم دەربارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خوێندەوە، لەوێش دیسان رووبەڕووی مێژووی کورد بوومەوەو سەرنجی راکێشام، دواتر دەربارەی "گۆڤاری هاوار" کتێبێکم خوێندەوەو بۆم دەرکەوت ئەو گۆڤارە یەکەم گۆڤاری کوردییە بە تیپی لاتینی و هەروەها دەربارەی ئەم گۆڤارە هیچ شتێکم نەدی باس لە جیاکاری نەتەوەیی بکا، بۆ نموونە "جانێت کلێن" کە ژنە نووسەرێکی ئەمریکییە باسی کورد دەکا، من کتێبەکەی ئەویشم خوێندەوە، کاتێک مێژووی کورد سەرنجی راکێشام پێویستم بەوە بوو فێری زمانی کوردی ببم، لەبەرئەوەش هاوینی دوو ساڵ چوومە "ئینستتیوتی کوردی لە ئەستەنبوڵ" و تا فێری زمانی کوردی ببم، بەڵام لەوێ تووشی کێشەیەک هاتم، چونکە بەشدارانی کۆرسەکە کوردییان دەزانی تەنها هاتبوون فێری نووسین و خوێندنەوە ببن، تاکە کەس من بووم کوردیم نەدەزانی، بۆیە مامۆستایەکی تایبەتیان بۆمن دانا تا فێری زمانی کوردیم بکات، لەوێ کچێک بەناوی "ئایسەل" فێری کوردی کردم، مامۆستایەکی دیکەشم هەبوو کە خەڵکی جۆلەمێرگ بوو، دواتر ساڵی ٢٠٠٩ جارێکی دیکە هاتمەوە ئەستەنبوڵ تا "گۆڤاری هاوار و رووناهی" بخوێنمەوە، ئایسەلیش حەزیدەکرد گۆڤارەکان بخوێنێتەوە، بۆیە بەیەکەوە سەرجەم وتارەکانمان خوێندەوە، لە ساڵی ٢٠٠٩ تەنها گۆڤارە کوردییەکانم خوێندەوە.

*** ئەگەر لە تورکیا بوویتایە دەتتوانی دکتۆرانامەیەک لەسەر "گۆڤاری هاوار" بنووسی؟**

- بەڵێ دەمتوانی، لە تورکیا زۆر زانکۆ هەیە، هەرچەندە زانکۆی حکومیش بن، بەڵام مامۆستاکانی زانکۆ کەسانێکی لیبراڵن، لەبەرئەوە رێگە دەدرێ کارێکی وا بکرێ، هەروەها ئەوان پشتگیریشی لێ دەکەن کە لە دەرەوەی مێژووی فەرمی لێکۆڵینەوە بکرێ، بەڵام هەندێ زانکۆ هەیە دەبێ ئاگاداربی کاتێک لێکۆڵینەوەیەکی ئاوا دەکەی، من لەسەر نەتەوایەتی ئیش دەکەم، بەڵام کەسێکی نەتەوەپەرست نیم.

*** بۆچی راپەرینی شێخ سەعیدت هەڵبژاردت بۆ تێزی دەرچوونەکەت لە زانکۆ؟**

- لەبەرئەوەی لەزانکۆ زۆر هاوڕێی کوردم هەبوو، کوردەکان زۆر حەزیان لە دەنگی شڤان پەروەر دەکردو منیش هەروا، حەزیشم دەکرد بابەتێک هەڵبژێرم گفتوگۆی زۆری لەسەر بکرێ، حەزم دەکرد لێکۆڵینەوە بکەم، جا ئەنجامەکەی چۆن دەبێ با ببێ.

*** دەربارەی بنەماڵەی بەدرخانییەکان چی دەزانی؟**

- بنەماڵەی بەدرخانییەکان بنەماڵەیەکی مۆدێرنن، هەرچەندە ئێمە لەسەر بنەماڵەی بەدرخانییەکان قسە دەکەین، بەڵام زۆر بنەماڵەی دیکەش هەن وەکو بنەماڵەی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری، قەدری جەمیل پاشا، شێخ سەعیدی پیران، نەورەسی،... بەڵام بەدرخانییەکان جیاوازییەکیان هەیە ئەویش زۆر حەز لە سەربەخۆیی و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دەکەن، ئەوە زۆر گرنگە ئەگەر منیش کوردبوومایە شانازیم بەو بنەماڵەیە دەکرد، شێخ سەعیدی نەورەسی کوردیش هەیە کە لایەنی ئایینی ئەو زۆر پتەوە، ئەویش کوردبوونی خۆی گەرەکە، بەڵام کتێبەکانی گۆڕدراوە و قەدەغەش کراوە، یانی کاتێک باس لە کوردبوونی خۆی دەکا گۆڕیویانە و کردوویانە تورک، بەڵام شتێک هەیە نابێ لەیادی بکەین، ئەویش ئەوەیە هەرچەندە ئەو بنەماڵانە کوردن، بەڵام بنەماڵەی عوسمانییەکانن، لەبەرئەوە زۆر گرنگە کە کورد و عوسمانییەکان بەدرێژایی مێژوو بەیەکەوە ژیاون.

*** دوای ئەوەی ٧٠ ساڵ دوور لەزێدی خۆیان "گۆڤاری هاوار" دەرکراوە، تۆ چ قسەیەکت لەسەر ئەوە هەیە؟**

- راستە "جەلادەت بەدرخان" لەدوورە وڵات ئەو گۆڤارەی دەرکردووە، ئەمەش بۆمن گرنگە کە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەم، ئەم گۆڤارە گۆڤارێک بووە لەناو تورکیا قەدەغە بووەو لە وڵاتێکی دیکە بڵاوبۆتەوە، لەبەرئەوەش ناوەرۆکی جیاوازە، هەروەها کەسایەتی نووسەرەکانیش جیاواز دەبێ، ئەوکاتەی کە جەلادەت بەدرخان لە ئەستەنبوڵ دەژیا باوکی لە کوردستان مامۆستای تایبەتی بۆ دەهێنا، هەروەها جەلادەت بەدرخان نەیدەتوانی بچێتە کوردستانی سوریاش.

*** پێش ئەوەی بێیتە کوردستانی عێراق هەستت بەچی دەکرد و ئەوکاتەی سینەم خان جەلادەت بەدرخانت بینی و ناسیت هەستتکەت چی بەسەرهات؟**

- بۆمن جێگای شانازییە کە کچی جەلادەت بەدرخانم ناسی، وەکو لە "گۆڤاری هاوار"یش بەناوی "سینەم خان جەلادەت بەدرخان" چەند بابەتێک نووسراوە، بۆ کوردستانی عێراقیش زۆر حەزمدەکرد ببینم، لەبەرئەوەی لە ئێمە زۆر دوورنین، بەڕاستی کە هاتم و بینیم زۆر رێز لە تورک دەگرن زۆر سەرسام بووم و زۆر دڵخۆش بووم کە مرۆڤ لەکوردستان چەندی لەدەستی بێ یارمەتی میوان دەدا، لە سلێمانی چوومە ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد لەوێ "مەزڵوم دۆغانم" ناسی و زۆر یارمەتی دام، ئامانجی سەردانەکەم ئەوەیە کە لە "گۆڤاری هاوار" زۆرشت لەسەر تۆفیق وەهبی نووسراوە، بەتایبەتی کە نووسراوە تۆفیق وەهبی و جەلادەت بەدرخان خەریک بوونە ئەلفوبێی یەکگرتووی کوردی دروست بکەن، دوایش زمانی ستاندار دابنێن، بە تایبەتی ئامانجی جەلادەت بەدرخان کە ئامانجی بووە یەکێتی نەتەوەیی دروست بکا، زۆر نووسینی تۆفیق وەهبیش هەیە، بەڵام دوای ئەوە نێوان گۆڤاری هاوار و تۆفیق وەهبی دەپچڕێ، جەلادەت بەدرخان زۆر نامە دەنێرێ تا یارمەتی گۆڤارەکە بدا، بەڵام تۆفیق وەهبی وەڵامی نەداتەوە، هاتووم تاکو بزانم رای تۆفیق وەهبی لەسەر ئەم بابەتە چی بووە، بەڵام شتێکم دەست نەکەوت، لەوانەیە کە زاراوەی سۆرانی نازانم بۆیە زانیاریم دەست نەکەوت، کە هاتمە کوردستان زۆر زانیاریم لەسەر ئەو گۆڤارە دەستکەوت و زۆر باش بوو کە هاتم.

*** ئەو هیواو ئومێدەی بۆی هاتبوویتە کوردستان، پێی گەیشتی؟**

- بەڵێ دەستمخست، باش بوو کە هاتمە کوردستان.

*** بەرلەوەی بێیتە کوردستان دەتزانی دەزگایەک بەناوی بەدرخان هەیە؟**

- نەخێر، بەڵام کە لە سلێمانی دەگەڕام رۆژنامەیەکم بینی بەناوی بەدرخان، زۆر دڵخۆش و کەیفخۆش بووم، لە هەندێک کەسم دەپرسی دەربارەی بەدرخانییەکان هیچ دەزانن؟ ئەوانیش زانیاری زۆریان هەبوو، لە کتێبخانەیەک لە شاری سلێمانی هەفتەنامەی بەدرخانم بینی، دواتر بەشی لاتینیشی هەبوو، لە بەشە لاتینیەکەش هەواڵێک دەربارەی سینەمخان هەبوو، زۆر دڵخۆش بووم و زانیم کە سینەم خان لە هەولێرەو گوتم تەواو ئەو رۆژنامەیە هی خۆمانە، شتێکی زۆر خۆشە کە بەناوی ئەو بنەماڵەیە رۆژنامەیەک دەردەچێ، هەروەها چایخانەیەکیشم بینی بەناوی ئازیزان گوتم ئەوەش پەیوەندی هەیە بە بەدرخانییەکان، ئەوانە بۆمن زۆر گرنگن چونکە دەربارەی ئەوان لێکۆڵینەوە دەکەم.

*** چیت ماوە..**

- ئومێدەوارم ئەو لێکۆڵینەوەیە تەواو بکەم و بە کتێب بڵاوی بکەمەوەو وەریشیبگێڕینە سەر زمانی کوردی، چوومە کوردسانی سوریاش، لەوێ چوومە ناوچە کوردییەکان و سەر گۆڕی جەلادەت بەدرخان و میر بەدرخان، ئەو خەباتەی خۆم پێشکەشی گەلی کورد و گەلی تورک دەکەم، ئومێدەوارم کتێبەکەم خزمەتی کورد و تورک بکا.



میر جەلادەت بەدرخان



ئەحمەد ئاکتورک ئەو خوێندکارە تورکەی بەدوای رۆژنامەنووسی کوردیدا دەگەڕێ



دەفتەری خەرجی گۆڤاری هاوار




ژمارە (١)ی گۆڤاری هاوار

---



**مرۆ (١٢٨)**

**حەمید بەدرخان**

## فوئاد عارف

چەند خۆشە کاتێ مرۆڤ لەژیاندا دەژی و لە ژیانی رۆژانەیدا دڵسۆزانە کارەکانی خۆی راپەڕێنێ و لە بەرامبەر هەموو "نا"یەک، باجەکەی هەرچی بێ باکی نەبێ... لە بەرامبەر هەموو غەدرێک و چەوسانەوەیەک و هەرچی لە بەرامبەریشی دەکرێ ئازایانە بێتە وەڵام و قسەی خۆی هەبێ...

مامۆستاو ئەفسەر و نووسەر و وەزیر و دبلۆماتێک و نیشتیمانپەروەر، خوالێخۆشبوو "فوئاد عارف" لە شاری عەمارە لە ساڵی ١٩١٣ لە باوکێکی بەرزنجی و دایکێکی مەردۆخی لەدایک دەبێ... ئەگەر بەوردیش "یاداشتەکانی فوئاد عارف" بخوێنیتەوە، کە لە ئامادەکردن و پێشەکی و رێکخستنی مامۆستای گەورە "د. کەمال مەزهەر ئەحمەد"ە.

بۆ یەکەمین جار کە ئاشنا بووم بە خوالێخۆشبوو "فوئاد عارف" لە ماڵەکەی خۆیدا لە شاری سلێمانی کاتێ بەشداری یادی "شێخ مەحموودی حەفید" دەکرایەوە وا بزانم رۆژی ٢٦/١٢/ ٢٠٠٦ بوو کاتێ لە تەک "سینەم خان جەلادەت بەدرخان" و خوالێخۆشبوو "سەلاح سەعدوڵڵا" چووینە خزمەتی "فوئاد عارف" بەمەبەستی سەردان و دیدارێکی رۆژنامەنووسی، لەکاتی پرسیارەکانی ئێمەو وەڵامەکانی ئەودا: زۆر بیرتیژو ورياو بەئاگا لە رووداني هەموو ئەو بەسەرهاتانەی کە روویانداوە بەتایبەتی ژیانی پڕ چەرمەسەری خۆیی و بەگشتی سەردەمی پاشایەتی و پاشان حوکمڕانانی عێراق و کوردستان...

ئەو زۆر هەستیارانە لەمەڕ گۆڕانکارییەکان قسەی دەکرد و دەیگوت: ئەو هەلە زێڕینەی بۆ کورد رەخساوە، گەر لەدەستمان بچێ هەرگیزاو هەرگیز جارێکی دیکە هەڵناکەوێتەوە، چونکە ئێستا بارودۆخی نێودەوڵەتی لەبارەو وڵاتە زلهێزەکانیش گوێ لە سەرکردایەتی سیاسی کورد دەگرن، بۆیە بەهەر نرخێک بێ دەبێ ئەو تەبایی و یەکتر قبووڵکردنە لەنێو خۆماندا قبووڵ بکەین....

فوئاد عارف لەژمارە ٧٨ی هەفتەنامەی بەدرخانی ٢٠٠٧/٢/٢٢ لە لاپەڕە ٣ لە دیمانەیەکی زۆر تایبەتدا سەبارەت بەدادگاییکردن و لەسێدارەدانی دیکتاتۆری عێراق "سەدام حوسێن" گوتی: "من زۆر لە نزیکەوە سەدامم دەناسی، بەڵام دادگاییکراو سزاکەشی وەرگرت، چونکە ئەو هەموو نەهامەتییەی بەسەر گەلی کوردو عێراقدا هات، ئەگەر خۆشی نەیکردبێ لە پەنای ئەو کراوە، بۆیە بە سزای خۆی گەیشت، چونکە سەرۆک کۆمار دەبێ ئاگای لە هەمووشتێک بێ، نابێ تەنیا شتە باشەکانی پێبگوترێ و شتە خراپەکانیش بەناوی ئەوەوە ئەنجام بدرێ".

سەبارەت بە بنەماڵەی بەدرخانییەکانیش گوتی: "هەموو کورد قەرزاری بەدرخانییەکانە، ئەو بنەماڵەیە زۆر خزمەتیان بە کوردو کوردستان گەیاندووە، بەتایبەتی لەبواری رۆژنامەگەریی کوردی".

بنوو، پیاوە سپییەکە، تۆ هەردەم خۆشەویستیت بۆ"خاک و نیشتیمان و نەتەوە" هەبوو، بۆ رۆژێکیش پشتت لە میللەتەکەی خۆت نەکرد، هەردەم پرسیارت لە سەرکردایەتی سیاسی کورد دەکردو ئەوانیش لە رێگای نامەکانیانەوە ئاگاداری تۆی خۆشەویستیان دەکرد.

دڵنیاین نەوەکانت بەهەمان رێبازی کوردایەتی و مەردایەتی تۆ شوێن هەڵگری پەیامی پیرۆزی تۆ دەبن.



مۆڵەتی گۆڤاری "هاوار"، دیمەشق، ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١

# مەدالیای ئیفتیخار و شۆڕەسوارانی هەولێر



**بزەی هاتێ گووتی،**
**ڕوونـاکـە ئـاسـۆم**
**وەرە جەللاد پەتت باوێژە ئەستۆم**
**ئەوە پەت نییە "مێدالی ئیفتیخارە"**
**کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم**
**کەتۆ تۆرای لە چاوان وەک خەوی من**
**لەبسکت ڕەشترە مانگە شەوی من**
**بڕۆمەجنوون بەلەیلاکەی خۆت مەنازە**
**کەناوبانگی پتر ڕۆی ئەوی من**

## ئا: عەبدولوەهاب شێخانی

مەدالیایی ئیفتیخاری بۆ گەردەنی بەرزی شەهید سەعدی گچکە و هاوڕێیانی پێشمەرگە و شەهیدانی داستانی دەشتێو مام سەید کاکە و کاک جەمال کوردە لە "درامای گەردەلوول". چەند خۆشە مردنی سەربەرزی، چەند خۆشە هەڵوێست و کوردایەتی ڕاستەقینە. چەند بەرزن شەهیدان سەعدی گچکەو هاوڕێیانی چەند بەرزە قەندیل، چەند پیرۆزە قەندیل، چەند خۆڕاگرە قەندیل، چیا سەرکەشەکەی کوردستان، مەکۆی خەبات و تێکۆشان، بەسایەی تۆ بوو کە دەیان گوت:"هیچ نەبوین و زۆرگەورەش بووین" گەورەییەکت دابوو بەو تێکۆشەرانە بە ئەندازەی خۆت بەرزو بڵند و خۆڕاگر. بۆیە شاعیر دەیگوت:

**لە قەندیلی سەربەرزەوە**
**وەڵامت بۆ دەنێرمەوە**
**شەهیدبوونم شانازییە**
**هاوڕێ ڕەنگە نەت بینمەوە!**

ئازایی و کۆڵنەدەری شەهید سەعدی گچکە کەس ناتوانی نکۆڵی لێ بکات. دەشتی هەولێر و چیای سەفین و هەورێ و کۆڕەک و قەندیل شاهێدن لە کۆڵنەدان و ئازایەتی و نەبەزی شەهید سەعدی گچکە. داستانی دەشتێو شاهێدە لە ئازایەتی و نەترسانی "سەعدی گچکە".

ئەوەی سەرپەرشتی شەڕی دەشتێوی کردووە کاک سەعدی گچکە بووە لەگەڵ بەڕێز سەید کاکە.

دەشتێو هەمووساڵێک یادی داستانی دەشتێو دەکاتەوە، گەردەلوول لە دەشتێو دروست بوو.

داستانی دەشتێو هەوێنی درامای بەرزی گەردەلوولە، کە لە هەرچوار پارچەی کوردستان بە حەزو خەم و پەژارەو تاسەوە سەیردەکرا. خۆ دەیانتوانی خۆ لەشەڕ لابدەن و تەقەنەکەن. بەڵام مردنی پێشمەرگە و بەرپرسی ڕاستەقینە دەبێ ئازایانە بێ، سەربەرزانەو جێگای شانازی میللەت بێ وەکو کاک سەعدی گچکە و هەڤاڵانی. ئەو شوێنە پیرۆزانە دەبێ لە دەفتەری سەروەری و سەربەرزی میللەتی کورد وێنەی بکێشێ و تۆماری بکات و بەنەوەی نوێی بناسێنێ و ئەوەی نەوەکانمان بزانن، کە پێش ئەوان چیان بۆ کردوون، چیان کردووە هەر لێرەوە مەدالیای ئیفتیخاری بۆ گەردەنی بەرزی شەهید سەعدی گچکە و بەڕێز سەید کاکە و هەڤاڵ جەمال کوردە و گەردەنی بەرزی دەرهێنەری درامای گەردەلوول کاک جەلیل زەنگەنە.

سەعدی عەزیز ناسراوە بە سەعدی گچکە، پێشمەرگەی دێرین و نەترس و کوردپەروەر لە شۆڕشی ئەیلوول ئامیر بەتالیۆن بوو لە هێزی شەهیدان، کە کاک عەلی عەسکەری سەرپەرشتی دەکرد لەگەڵ عەریف عوسمان، کاک سەعدی لەوێش دەوری کاریگەری هەبوو لەهێزی شەهیدان.

دوای نسکۆ چووە ئێران دوایی لەگەڵ مام فارس باوە گەڕایەوە بەغدا. لە شۆڕشی نوێی یەکێتیدا لەگەڵ بەڕێزان کاک دکتۆر خالید و مام سەید کاکە و عومەر دەبابە و قادر عەزیز، شەهید یاسین قادر خۆی. بەیەکەوە چوونە دەرەوە بۆ دروست کردنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و هەروەها لە قۆڵی سلێمانی شەهید عەلی عەسکەری، ملازم تاهیر عەلی والی ئەوانیش گەیشتنە هەمان شوێن، لە مەکۆی خەباتی پێشمەرگاتی قەندیلی سەرکەش، ئەو چیایەی کە "سەدام" دەیوت ئەگەر دار خورما لە چیای قەندیل شین ببێ ئەوکات کورد شۆڕش دەکاتەوە، بەڵام کوڕانی کوردستان بە سەرکردایەتی عەلی عەسکەری ئەو دارخورمایەیان لە قەندیل چاند، بەرەکەی وا ئەمڕۆ دەخورێت، هەموومان لە قەندیل کۆبووینەوە. تەشکیلاتی عەسکەری دروست بوو بەناوی "هەرێم" هەرێمی دەشتی هەولێر دروست بوو و کاک سەعدی گچکە سەرپەرشتی دەکرد، هەرێمی هەورێ هەتا ڕەواندوز مام سەید کاکە سەرپەرشتی دەکرد، ئەو هەرێمەی سەعدی گچکە، سەرپەرشتی دەکرد، هەرێمێکی زۆر ڕێک و پێک بوو بەهۆی ئەوەی کاک سەعدی گچکە لە ڕووی سیاسی و عەسکەری و ڕۆشنبیری ڕۆلی کاریگەری هەبوو، هەموو پێشمەرگەکان خۆشیان دەویست و هەروەها ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بوو. یەکەم چالاکی کاک سەعدی و دەستەکەی لە ساڵی "١٩٧٦" کردیان لە نێوان خانزاد و مەلا ئۆمەر بوو، پیاوێکی دەرەجەداری ئەمنی ڕژێم کەوتە کەمین و لەناوی برد.

جەمال کوردەو داستانی دەشتێو درامای گەردەلوول، جەمال ئەحمەد فەتاح ناسراوە بە "جەمال کوردە" نازناوی کوردی لە شۆڕشی نوێ وەرگرتووە، چونکە لە عەشیرەتی کوردانە، ئەوانەش عەشیرەتێکن کە شێوەی قسەکردنیان تایبەتەو لقێکە لە عەشیرەتی "گەلاڵی" بە ئەسڵ جافن لە ساڵی "١٩٦٣" بە حوکمی ناوچەکەمان، کە لە دەست پێشمەرگە بوو بە پێشمەرگە لە لقی دەشتی هەولێر، کە هێشتا نەببوو بە هێز، کاک فارس باوە سەرلق بوو، لە ساڵی ١٩٦٤ بوو بە پێشمەرگە لە "پەلی" کاک سەید کاکە تاکو تێکچوونی شۆڕشی ئەیلوول لە کۆتایی بوو بەسەرلق تاکو شۆڕش تێکچوو دواتر چووینە ئێران لە نەغەدە گیرسامەوە، ماوەیەکی کەم مامەوە هاتمەوە هەولێر لە گوندی چەرمەگە جێنشین بووم، دوای ساڵێک وەک بەرپرسی عەسکەری و هەڵبژاردە نەفی خوارووی عێراق کراین لە ناحیەی غەماس لە دیوانییە گیرسامەوە. جارێک بە نهێنی هاتمە هەولێر چاوم بە برادەرێک کەوت ناوی مەولوود هەمزە بوو، ناوی نهێنییەکەی "ئاراس" بوو، دۆستێکی زۆر نزیکی من بوو، پێی گوتم ڕێکخستنەک دروست بووە بە ناوی کۆمەڵەی مارکسی، من یەکسەر قبوڵم کردو گوتم: من دەبمە یەکەم مەفرەزەی پێشمەرگە، بە مەرجێک هەندی چەکم بۆ پەیدا بکەن. ئەویش گوتی "١٥" چەکت بۆ پەیدا دەکەم، بە مەرجێک کاک "ئارام" موافەقە بکە. من گوتم زۆر زۆرباشە. من "٢٠" ڕۆژ لە هەولێر مامەوە، کاک مەلوود هەمزە دووسێ جار چووە سلێمانی لای کاک ئارام، بەڵام دیاربوو چەک نەبوو و پێیان نەکرا. شەهید مەولوود هەمزە مرۆڤێکی زۆر چالاک و بەکار بوو لەناو ڕێک خستنی کۆمەڵە لە هەولێرو ڕۆلێکی گەورەو کاریگەری هەبوو لە هەولێر، چونکە کوڕێکی زۆر چالاک بوو. لەو ماوەیەدا کە من لە هەولێر مامەوە کاک عەلی عەسکەری و شەهید سەعدی و جەماعەت گەیشتنە قەندیل. دوای ئەوە کاک مەولوود هەمزە "ئاراس" گوتی من ڕەوانت دەکەم، لەگەڵم هات بۆ "کۆیێ" چووینە ماڵی "حەمید کەریم شانەیی" بۆ ڕۆژی دوایی شەهید حەمید لەگەڵم هات بۆ سەنگەسەر، منی بردە ماڵێک لە سەنگەسەر لەسەر شینایی توتندا بوون، کە چوومە ماڵەکەو سەر شینایی خاوەن ماڵەکە برادەرم بوو ناوی "بەکر سەنگەسەرییە" شەوێک لە ماڵی ئەودا مامەوە، بۆ ڕۆژی دوایی هەر لەناو شینایی بەرەو ڕۆژهەڵات ئیشارەتی بۆکردم بۆ بناری چیای قەندیل بۆ گوندی "سوورەدێ" ئێتر من ڕۆیشتم و مەعەسکەرێک لە پێشمدا لەو مەعەسکەر لامدا بەرەو گوندی سوورەدێ چووم بۆ ڕۆژئاوا گەیشتمە ڕەشماڵێک شەوێ لەوێ بووم، ئێوارەکەی نانم تێرخوارد بۆ بەیانی بە چارەگێک گەیشتمە گوندی سوورەدێ. کە چووم پێشمەرگەکانی حاجی شێخەی بنزێری لەوێ بوو بەگەڵ ئەوان کەوتم و چووم بۆ لای دکتۆر خالید و سەعیدی لەسەر چیای قەندیل تووشیان بووم، کە ئاوابووین گەیشتینە "دۆلەنی" ئەوانەی لە دۆڵەنی بوون مام ئەحمەد نەبی و مام عومەر دەبابە و کاک سەعید و عەلیکۆو ئەحمەد خان و برادەرانی حاجی ئۆمەران، کە ناوەکانم لەیاد نەماوە دەبێ بمبوورن، چونکە ئەوانە پێشمەرگەی زۆر ئازاو چاپووک بوون. ئێستا ساڵی "١٩٧٦" ئەوانە پێش ئێمە بە ساڵێک واتە ساڵی "١٩٧٥" چووبوونە دەرەوە و زستانەکەی لە ناوچەی دیوی ئێران پێشمەرگە بوون بۆ نان پەیداکردن و دەهاتنە گوندەکەی خۆیان و خزمەکانی ئێرانیش نانیان بۆ دەهێنان. لە ئەنجامی ئەو هاتوو چۆیە سەید عەبدوڵڵا کەوتە بۆسەی دوژمن و شەهید بوو،



له ڕاستەوە شەهید شاخەوان، مام جەلال و جەمال کوردە

**سەعات "٣" بڕۆیشتینایە تووشی شەڕەکە نەدەبووین، چونکە ڕژێم سەعاتێک پێش ئێمە گەیشتبووە گوندی "دەشتێو"، ئەوان بە حەلقە بۆ گوندی دەشتێو دێن و ئێمەش بۆ گوندی دەشتێو دەچین**

یەکەم شەهیدی شۆڕشی نوێ بوو کەس لە پێشە وی شەهید نەبوو لە شۆڕشی یەکێتی نیشتمانی برای عەلی کۆ و مام ئەحمەد نەبییە. ئەوانیش کاریگەری زۆریان هەبوو لە دروستبوونەوەی شۆڕشدا، چونکە چەند پێشمەرگەیەکی زۆرچاکیان هەبوو. دوای ئەوە من لەگەڵ مام سەید کاکە، کە چەند کەسێکی لەگەڵ هاتنە مەلەکان، ئەوانیش:

١- مەلا بەکر خەڵکی کەردز بوو.
٢- جەمال کوردە. ٣- مەلای حاجی ڕەسوول . ٤- ئەسعەد ئەحمەد خەڵکی کەردز، ئەوانەی ناویان نەنووسراوە دەبێ ببورن، چونکە هەر ئەوەندەم لەبیرە. ساڵی "١٩٧٦" ئێمە یەکەم مەفرەزەی پێشمەرگە بووین، کە هاتینە خوارەوە بۆ دروستبوونی پێشمەرگە خەڵکی گەروان، مەلەکان و وەرتێو ئەو ناوە زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێ کردین، بەو سێ چوار گوندە نزیکی "٨٠" پێشمەرگەمان بەگەڵ کەوت. دوای زۆربوونی پێشمەرگە هەرێم دروستبوو، هەرێمی هەورێ، کە کاک سەید کاکە سەرپەرشتی دەکرد هەروەها هەرێمی هەولێر شەهید سەعدی گچکە سەرپەرشتی دەکرد، من جێگری هەرێمی "٨"ی سەید کاکە بووم بەناوی هەرێمی هەورێ، لەڕووی ڕێکخستن من بەرپرسی ڕێکخستنی ئەو ناوچانە بوون. دوای گەڕان و جەولەکردن هەر دوو هەرێم هەرێمی هەورێ و هەرێمی "٨"ی دەشتی هەولێر. بووە ساڵی "١٩٧٨" لەوکاتەدا جیهازو لاسلکی نەبوو خەتی پەیوەندی زۆر لاواز بوو، دوای ئەوە سەرکردایەتی داوای هەردوو هەرێمی کرد، کە بگەڕێینەوە سەرکردایەتی لە "نۆکان" ئێمە لە ناوچەی خۆشناوەتی بووین. نامەیەکمان لەسەرکردایەتییەوە بۆ هات بە "مەجیدی مەلا فەتاحیان" نارد بوو بۆ کاک سەعدی گچکە، کە بگەڕێینەوە سەرکردایەتی بۆ کاری پێویست.

شەوەکەی لە "شالەشکێنی بتوین" بەڕێکەوتین، بە هۆی ڕێنیشاندانی ئامۆزای مەجیدی مەلا فەتاحی مەفرەزەیێکی دکتۆر خالیدیشمان لەگەڵ بوو بەرەو بناری کوسرەت چووینە گوندی "مێوژە"، ڕۆژی پاشتر چووینە گوندی "چناران" شەو و ڕۆژەک لەوێ ماینەوە، بەچەند بەلەمێک پەڕینەوە بۆ بەری مەرگە. نزیکی سەعات "١٢"ی شەو گەیشتینە ئۆردوگای مەرگە. موختارەکەمان لەگەڵ خۆمان برد لە چیای ئاسۆسمان دا، لەسەری چیادا ڕۆژمان لێ هەڵات، کە گەیشتینە گوندی "هەنجیرە" لە کەندی نزیک گوندی هەنجیرە خۆمان حەشاردا و پاڵمان داوە، تاکو ئێوارە داهات و یەک سەعات ڕۆژ مابوو گەیشتینە سەر زێی گوندیک "گەرمکان"، شەوێ لەگەرمکان پەڕینەوە، تووشی دوو پێشمەرگەی ناوچەکە بووین، یەکیان بەناوی بایزەخوار ئەوی دیکە نازانم، من و کاک سەعدی بەیەکەوە لە مزگەوت دانیشتبووین لەگەڵ هەردوو پێشمەرگەکە. ئەوکات ئێمە "٤٢" پێشمەرگە بووین بەهەردوو پێشمەرگەکانەوە، بە هەردوو پێشمەرگەکەمان وت سبەینێ بمانبەن بۆ شوێنێ، کە شەڕمان پێبکرێ، شوێنێکی باش بێ. بووە مشتومڕمان لەسەر کات و ساتەکانی ڕۆژیشتنمان بە شەو. هەردوو پێشمەرگەکان وتیان سەعات "٤" بڕۆین، کاک سەعدی گچکە گوتی ئەوان شارەزان و منیش گوتم ئەوانە شارەزا نینە، سەعات "٣" بڕۆیشتینایە تووشی شەڕەکە نەدەبووین، چونکە ڕژێم سەعاتێک پێش ئێمە گەیشتبووە گوندی "دەشتێو"، ئەوان بە حەلقە بۆ گوندی دەشتێو دێن و ئێمەش بۆ گوندی دەشتێو دەچین.

گوندی دەشتێو: لە ڕووی جوگرافی دەکەوێتە ناوچەی قەلادزە، لە ڕۆژهەلاتی قەلادزێ، نزیکەی "٥٠٠"م لە زێی قەلادزێ دوورە، دەوروبەری زوورگە و زۆر بڵندە، بەڵام هیچ بەردو شتێکی لێ نییە، تەنها هەندێک دار بەروو و دار مازی نەبێ.

ئێمە لە دوای یەک دەڕۆیشتین لەگەڵ ڕۆژهەلات جەماعەت ئاوڕیان داوە، سەربازی ڕژێم لەسەر ئەو ڕێگایەیە، کە ئێمە جێمان هێشت "٥٠٠ تا ٣٠٠"م لێک دووربووین، ئێمەش هەر ئەوەندە فریای خۆمان کەوتین چووینە سەرگردێ بەناوی "گردە چێو" من و مەلا بەکرو شەهید "ئەحمۆ"و شەهید سەعدی گچکە و "سەرباز کۆیی" گەیشتینە سەر گردەکە و جەماعەتیش وا خەریکن سەردەکەون بۆلای ئێمە، ئێمە لەسەر ئەوان ڕانەوەستاین، ڕۆیشتین بۆ ئاخیری گردەکە، لەوێ لەگەڵ کاک سەعدی مشاوەرەمان کرد، دوو پێشمەرگە بنێرین بۆ گوندی "لبانە" لەسەر زێ بۆ ئەوەی بە بەلەم هەندێکمان بپەڕێننەوە بۆ گوندی لبانە، لەو بەری زێ "مەلا بەکر و سەرباز کۆیی"مان نارد، گەڕانەوە گوتیان بەلەمەکەی لێ نەمایە.

کە ئەوان گەڕانەوە کاک سەعدی گچکە گوتی: من بۆلای سەید کاکە دەچم، من و "جەمال کوردە" لەگەڵ سەرباز لەگەڵ مەلابەکر چەند پێشمەرگەیەکی تر لەسەر قۆپکی زۆزک ماینەوە، ئێمە ئارپێچییەکمان پێ بوو، "٢" گوللەی هەبوو، لەو کات و ساتەدا کۆپتەر هاتە سەرمان، منیش یەک "R.P.J"م تێگرت.

ئالێرەدا شەڕ دەستی پێکرد: لەهەموو لایەک شەڕ دەستی پێکرد، سەعات "٨"ی بەیانییە، ڕۆژی ١٩٧٨/٣/٨ ئێمە بەرزاییەکانمان گرتیە بەڵام هیچ شوێنێکی نییە بۆ خۆ حەشاردان بۆ شەڕکردن، بەڵام هیچ شوێنێکی نییە بۆ خۆ حەشاردان بۆ شەڕکردن، ئیتر شەڕ هات و دەبێ بیکەین، دوژمن ببەزێنین. ئاسمانی شەڕ پڕ لە کۆپتەر بوو سێ دەڕۆیی و سێی تر دەهات، عەسکەری سلێمانی و ناوچەی قەلادزە هەر هەموویان لە ئێمە کۆکردەوەو شەڕ بە خەستی دەستی پێکرد، دەوری سەعات "١١" من بریندار بووم، ئاگام لە کاک سەعدی وان نەما، پاشان ئێمە جێگای خۆمان گۆڕی، وا ڕێک کەوت کاک سەعدی و مەلابەکر و سەرباز کۆیی بەیەکەوە بوون و گەیشتینەوە یەک، کات بووە "٤"ی ئێوارە کاک سەعدی دەڵێ: با ئێمە هێرش بەرین بۆیان. هەرسێکیان لەسەر چنچکان هێرشیان کرد بۆ ئەو پۆلە سەربازە پێش ئەوەی بیانگەنێ و لە کاک سەعدی دەدەن و شەهیدی دەکەن، سەربازو مەلابەکریش دەگەڕێنەوە لای سەید کاکە، دەڵێن: سەعدی گچکە شەهید، بوو زیانی دوژمن لەو شەڕەدا یەکجار زۆر بوو، یەک کۆپتەر کەوت و "٢٠٠ تا ٢٥٠" عەسکەر کوژراو ئێمە زۆر نزیک بووین لە عەسکەرەکان هەتا کۆپتەرەکە لە عەسکەری خۆیانی دا زۆری لێ کوشتن و لەوێ فڕۆکەوانەکەیان گرت، چونکە داوایان لێ کرد بنیشێ و سەربازەکان گرتیان، سەعات "٤" شەڕەکە کۆتایی هات سەر چیامان هەموو لێ گیرا بوو، هیچ فیشەکمان پێ نەمابۆوە، ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی کە شەهید بوون و چوار کەسمان لێ بەدیل گیران دوانییان هەر لەوێ گوللەباران کرد، "سەید سامی و سەباح جەمیل" سەید عەزیز سەید حوسێن بە دیل گیران و لە دواییدا لە سێدارەدران، من بەتەنیا دا بڕام لەگەڵ هەڤالانم سەید کاکە لەگەڵ مەلابەکر و سەید عەبدوڵڵا سوورە دابڕان بەرەو لای قەدزە ڕۆیشتین، منیش شەوێ ئەو شوێنەی بەخۆم لێی بەسەر کەوتبووم بەرەو ئەوێ ڕۆیشتم، ئاوابووم چووم بەرەو دەشتێو لە رووباری گوندەکە تووشی قادر عەزیزو ڕەشید گەزنە بووم، زۆر کەیفم هات و ورەم بەرزبۆوە، هەردووکیشیان زۆر ئازابوون، بڕوام پێیان هەبوو. من پێیانم وت یەکتان لە دەستە ڕاستم بڕوات و یەکیش لە دەستە چەپ، کە تەقەیان لێمان کرد لێیان دەدەین، مەڵێن کێی، چونکە ئەو ناوچەیە هەموو سەربازی دوژمن بوو، هەروەها تۆپبارانیش حەریق لە ئاسماندا بوو، بۆ کەشفکردنی ئێمە، کە "١٠٠" مەترێک ما بگەینە گوندەکە، من و کاک "قادر عەزیز" برازای سەعدی گچکە، کە ئێستا سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانە. گوتم ڕەشید بڕۆ زەلامێک لەو گوندە بێنە. چونکە ڕەشید پێشمەرگەیێکی زۆر ئازاو قارەمان بوو، وەکو شێران چوو زەلامێکی گوندەکەی هێنا، ئێمەش گوتمان ڕێگامان پیشان بدەو لە کەمین قوتارمان کە. ئەویش وەکو جوامێران ڕێناسی بۆ کردین، گووتی: بەودۆڵە دابڕۆن کە ڕۆیشتین تووشی گوندێک بووین چایان بۆ لێنایەن، بەڵام من هیچم بۆ نەخورا تەنها چایەک نەبێ وەکو خەڵکی بە ئەمەک "٣" هێستریان بۆ حازرکردین، هەرسێکمان سواری وڵاغەکان بووین بەرەو گوندی "هەڵشۆ" کە گەیشتینە ئەو گوندە ئاخیر گوند بوو، شەو زۆر نەمابوو بەیانییان بوو وتیان کەڵکی ئەوەی نییە بە وڵاغ بڕۆن، نزیکە بە پێیان بڕۆن، یەک تاقە ماڵ لەبن چیای هەڵشۆ هەیە بڕۆنە ئەوێ و ڕێگایان پیشان داین، بەیانی زوو گەیشتینە ماڵەکە. نان و چاو خواردنیان داینێ، هەتا ئێوارە خۆمان لە شاخ حەشاردا، بۆ ڕۆژئاوا چووینە گوندی هەڵشۆ، ئەوکات فرۆشگای لێبوو، دوو وڵاغی ئێرانییان بۆ گرتین و سواربووین بەرەو سنوور بۆ ئێوارەکەی گەیشتینە نۆکان، سەید کاکە خۆی و سێ کەسی تر ئەوانیش گەیشتبوونە نۆکان، لای کاک عەلی عەسکەری لەوێ سەید کاکە پێی وتم: سەعدی گچکە شەهید بووەو کاک قادریش هەرلەوآ زانی کە مامی شەهید بووە، "١٣" کەسی شەهید لەگەڵ کاک سەعدی گچکە تەرمیان کەوتە دەست ڕژێم و هەر "١٣" یان شاردۆتەوە. لە گۆڕستانی قەلادزە.

ئەمەبوو داستانی "دەشتێو"، کە کرایە درما بەناوی "گەردەلوول"، گورزێکی کوشندە بوو بە دوژمن کەوت، بەڵام بەداخەوە کاک سەعدی گچکە و "١٣" پێشمەرگە شەهید بوون، کە هەر هەموویان خەڵکی هەولێر بوون، هەزار سڵاو لەگیانی پاکی کاک سەعدی گچکە و هەڤاڵانی، خۆزگە زۆربەی داستانەکان دەکرانە "دراما" وەکو گەردەلوول بۆ نەوەی نوێ، تا بزانن ئەو بەرهەمە بە خوێنی هەزاران شەهیدی وەکو کاک سەعدی گچکە و هەڤاڵانی سەربەرز. مەدالیایی ئیفتیخاری بۆ کاک "جەمال کوردە"ی پێشمەرگەی دێرین و ماندوونەناسی و بریندار بۆ کوردو کوردستانەی، کە کۆڵی نەداو تا تەپڵی سەرکەوتنی بە تفەنگەکەی لێداو هەر پێشمەرگە بوو:

**١- شەهیدی سەرکردە سەعدی گچکەی خەڵکی هەولێر.**
**٢- شەهید فاروق سدیق خەڵکی هەولێر بوو.**
**٣- شەهید ئەحمۆ خەڵکی چەمرگە بوو.**
**٤- شەهید فەروغ قادر خەڵکی هەولێر بوو.**
**٥- فەریق هەمزە خەڵکی هەولێر بوو.**
**٦- شاهین عزەدین خەڵکی هەولێر بوو.**
**٧- تاهیر حەمەد خەڵکی هەولێر بوو.**
**٨- جەبار ئیسماعیل خەڵکی هەولێر بوو.**
**٩- عوسمان باوە خەڵکی هەولێر بوو.**
**١٠- عەزیز باپیر خەڵکی هەولێر بوو.**
**١١- سامی عوبید خەڵکی هەولێر بوو.**
**١٢- سەباح جەمیل خەڵکی هەولێر بوو.**
**١٣- ئەحمەد محەمەد ئەمین خەڵکی هەولێر بوو.**
**١٤- ئەحمەد محەمەد ئەمین خەڵکی هەولێر بوو.**

ئەو پۆلە پێشمەرگەیەی قارەمانی سەرەتای شۆڕشی نوێ، کە هەموویان خەڵکی هەولێر بوون لە داستانی دەشتێو لە ڕۆژی ١٩٧٨/٣/٨ شەهید بوون ،هەزار سڵاو لە گیانی پاکیان بێت.



جەمال کوردە



شەهیدی سەرکردە سەعدی گچکە

# ململانێی مەزهەبی و کاریگەری لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی "٢٠٠٥" لە عێراقدا "ئەنجومەنی نوێنەران بە نموونە"



پشکۆ عەلی ساڵح
pshko ali@yahoo.com

**چوارەم :شێوازی هەڵبژاردن :**
سیستەمی کارپێکراو لە هەڵبژاردنەکە، سیستەمی هەڵبژاردنی (نوێنەرایەتی ڕێژەیی –لیستی داخراو) بوو، کە مەبەست لێی: دەنگدەر، دەنگ بە لیست دەدات، هەموو حزبێک، یان کیانێک بەپێی ئەو دەنگانەی بەدەستی دەهێنێت لە هەڵبژاردنەکاندا، کورسی دەبێت لە پەرلەماندا. لە یاسا کۆنەکە، واتە ژمارە (٩٦)، سیستەمی هەڵبژاردن بە شێوازی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، لەسەر ئاستی عێراق بوو . بەپێی ئەم سیستەمە سەرانسەری عێراق یەک بازنەی هەڵبژاردن بوو . لیستی پاڵێوراوانی لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئاستی عێراق پێشبڕکێیان کرد و دەنگیان کۆکردەوە، بەڵام بەپێی یاسای نوێی هەڵبژاردن عێراق بەسەر (١٨) بازنەی هەڵبژاردن دابەشکرابوو . واتە هەر پارێزگایەک، بازنەیەکی سەربەخۆی هەڵبژاردن بوو . بۆ دیاریکردنی (٢٣٠)کورسی،بۆ (٤٥) کورسییە قەرەبووکردنەوەکەش،لە سەرانسەری عێراق هەڵبژاردنی بۆ کرا، بۆ ئەوان عێراق بەیەک بازنەی هەڵبژاردن دانرا . بەمەبەستی پاراستنی مافی کەمینە ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، بۆ ئەوەی دەنگەکانیان لە بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان ، لە پێشبڕکێی لیستە بەهێزەکاندا بەفیرۆ نەڕوات، دەنگەکانیان لەسەر بنەمای یەک بازنەی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی عێراق کۆدەکرێتەوە.

**أ. لایەنە باشەکانی ئەم سیستەمە :**
١. ئەم سیستەمە لە هەموو سیستەمەکانی تر زیاتر هەوڵی چەسپاندنی دادوەریی و یەکسانی دەدات، چونکە حزبە بچووکەکانیش بەپێی ئەو دەنگانەی بەدەستی دەهێنن لە پەرلەماندا نوێنەریان دەبێت . نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی سەرجەم دەنگدەران دەکرێ، چونکە دەنگی هیچ کەسێک بەفیرۆ ناڕوات . ئەم سیستەمەش پێچەوانەی سیستەمی زۆرینەیە، کە دەنگی بەشێکی زۆری دەنگدەران لە بازنەکانی هەڵبژاردن بەفیرۆ دەڕوات .
٢. حزبە بچووکەکان و گرووپە میللییەکان دەتوانن نوێنەریان بگەیەننە پەرلەمان . ئەمەش بەوەی کە دەنگەکانیان لەسەرجەم بازنەکانی هەڵبژاردندا کۆدەکرێتەوە و بەپێی ڕێژەی ئەو دەنگانە کورسیان لە پەرلەمان بۆ دیاری دەکرێت، بەوەش حزبە بچووکەکان سەربەخۆیی خۆیان دەپارێزن و ناچنە پاڵ حزبە گەورەکان .
٣. سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، بەشێک لە حزبەکان دەخاتە دەسەڵات و بەشێکی تریشیان دەکات بە ئۆپۆزیسیۆن . ئۆپۆزیسیۆنەکان ڕۆڵێکی ئیجابیان دەبێت، دەبنە چاودێر بەسەر حزبە دەسەڵاتدارەکان و سنوور بۆ دەسەڵاتیان دادەنێن . حزبە بچووکەکانیش ڕۆڵی تایبەتی خۆیان دەبێ و دەتوانن لەگەڵ حزبە گەورەکاندا هاوپەیمانی ببەستن، چونکە زۆرجار ئەو حزبانە ناتوانن بەتەنیا حکومەت پێکبهێنن .
٤. ئەم سیستەمە، لەگەڵ گیانی سەردەم و بنەماکانی دیموکراسیدا دەگونجێ . ڕێگە بە هەموو حزب و کەمینەو گرووپ و توێژو کۆمەڵەکان دەدات، کە نوێنەریان بگاتە پەرلەمان . ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی پەرلەمان گوڵدانی ڕەنگە جیاجیاکان و ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵ بێت .
٥. ئەم سیستەمە ئومێد لای هەموو لایەنگران و ئەندامانی حزب و کەمینە و چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵا دروست دەکات، تا بەشداری هەڵبژاردن بکەن، بۆ ئەوەی نوێنەریان بگاتە پەرلەمان، ئەمەش کاریگەریی لەسەر ڕێژەی بەشداربوون دەبێت .
٦. ئەم سیستەمە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دیاردەی فێڵ و ساختەکاری، چونکە دەوڵەت بە گشتی لە یەک بازنەی هەڵبژاردندایە.
٧. دەنگدان لەو سیستەمە زۆر ئاسانە، بە تایبەتی ئەگەر ڕێژەی نەخوێندەواری بەرز بێت لەو وڵاتە.
٨. کارتەکانی دەنگدان زۆر بەئاسانی ئامادە دەکرێن، تەنها لۆگۆی حزبەکەو ژمارەکەی لەسەر دەنووسرێت، یان وێنەی سەرۆکی پارتەکان .
٩. لە چوارچێوەی ئەو ئەو سیستەمەدا، دەتوانرێت تەنها شوێنی پێکهاتەکانی وڵات لە ڕووی نەتەوە، ئایین، مەزهەب، ڕەگەز، تەمەن، شوێنی جوگرافی لەبەرچاو بگیرێت .

**ب. لایەنە خراپەکانی ئەم سیستەمە:**
١. سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی دەبێتە هۆی زۆربوونی حزبی بچووک، واتا نوێنەرایەتی کردنی ژمارەیەکی زۆر لە حزبی سیاسی لە پەرلەماندا، دەبێتە هۆی ئەوەی یاساکان بە زوویی لە پەرلەمان دەرنەکرێن . بەهۆی زۆری بیروبۆچوون، هەروەها کار دەکاتە سەر جێگیری حکومەت .
٢. پەیوەندیی بەهێز لە نێوان دەنگدەرو پاڵێوراو بەشێوەی کەسی نابێت . دەنگدەران دەنگ بە لیستی حزبەکان دەدەن بە شێوەیەکی گشتی، دەنگ بە خودی پاڵێوراوەکان نادەن بە تایبەتی .
٣. ئەم سیستەمە لەکارپێکردندا گرانە، چونکە لە ڕووی حسابییەوە زۆر ئاڵۆزەو بە ئاسانی ناتوانین تێیبگەین، بۆیە زۆرجار دەبێتە هۆی دواکەوتنی ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان . کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەل بڕەخسێ بۆ تەزویر کردن و دەستکاری کردنی دەنگەکان .
٤. کەسایەتییە سەربەخۆکان، ناتوانن بەتەنها دەنگی پێویست بهێنن و بچنە پەرلەمانەوە، چونکە ڕکابەری حزبەکانیان پێ ناکرێ .

**پێنجەم : پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران :**
لە ڕۆژی (٢٠٠٥/١٢/١٥) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەنجامدرا . بەپێی ماددەی (١٥) یاسای نوێی هەڵبژاردن لە (٢٠٠٥/٩/١٢) بڕیاریدا، ئەنجومەنی نوێنەران لە (٢٧٥) کورسی پێک بێت. لەم ژمارەیەش (٢٣٠) کورسیان بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردندا لە پارێزگاکان دابەش دەکرێن، بەم شێوەیە : بەغداد (٥٩)، نەینەوا (١٩)، بەسرە (١٦)، سلێمانی (١٥)، هەولێر (١٣)، زیقار (١٢)، بابل (١١)، دیالە (١٠)، ئەنبار (٩)، کەرکوک (٩)، واسیت (٨)، سەلاحەدین (٨)، قادسییە (٨)، نەجەف (٨)، دهۆک (٧)، میسان (٧)، کەربەلا (٦)، موسەننا (٥)، (٤٥) کورسیشیان بە کورسی زیادە (تعویضي) دانران، بۆ تەواوکاری ژمارە گشتییەکە . کە لەسەرانسەری عێراق هەڵبژاردنی بۆ کرا و بۆ ئەوان عێراق بەیەک بازنەی هەڵبژاردن دانرا. بەمەبەستی پاراستنی مافی کەمینە ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، بۆ ئەوەی دەنگەکانیان لە بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان ، لە پێشبڕکێی لیستە بەهێزەکاندا بەفیرۆ نەچێ، بڕیاریدا دەنگەکانیان لەسەر بنەمای یەک بازنەی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی عێراق کۆبکرێتەوە، تا لەو ڕێگەیەوە نوێنەرەکانیان بگەیەننە پەرلەمان . یاسا نوێیەکەی هەڵبژاردن، بەگشتی کاری بە سیستەمی هەڵبژاردنی فرە بازنە کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیستەمی یەک بازنەی هەڵبژاردنیشی فەرامۆش نەکردووەو کاری پێدەکات . ئەمەش کارکردنە بە دوو سیستەمی هەڵبژاردن، کە هەردوکیان پێکەوە تارادەیەک دادپەروەرییەک بۆ نوێنەرایەتی دەنگدەران دابین دەکات . ڕێژەی (٢٥٪)ی بۆ ژنان دیاریکرابوو.

لە پرۆسەکە (١٥,٥٦٨,٧٠٢) کەس مافی دەنگدانیان هەبوو. (١١,٨٩٧,٧٥٦)دەنگی دروست و (١٣٩,٦٥٦) دەنگی نادروست. (٦٢,٨٣٦)کاغەزی سپی. (٣١,٣٤٨) بنکەی دەنگدان ئامادە کرابوون لە سەرتاسەری عێراق . وە(٥٦٠) بنکەی دەنگدان لە دەرەوەی عێراق ئامادە کرابوون، لە (١٥) وڵاتی دەرەوەی عێراق کە (٢٩٥,٣٧٧) دەنگی دروست و (١,٩١٢) دەنگی نادروست و ((١,٠٩٤) کاغەزی سپی. واتە بە ڕێژەی (٧٦،٤٪) . کۆی (١٩) هاوپەیمانی سیاسی و (٣٠٧) قەوارەی سیاسی تۆمار کراو متمانە بە (٧٦٥٥) پاڵێوراو کرا . ڕێژەی بەشداریکردنی سوننە زیادی کرد ، لە (ئەنبار) گەیشتە (٨٦،٤٪)، لە (سەلاحەدین) گەیشتە (٩٨،٤٪) . لە ڕۆژی دەنگداندا تا ڕاددەیەک بارودۆخ جێگیر بوو، کارە تیرۆریستییەکان کەمتر بوو .

**أ . ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردن و دابەشکردنی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران :**
ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردن و دابەشکردنی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لەلایەن کۆمیسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق ڕاگەیەنرا. کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو. (بڕوانە بەڵگەنامەی -١).
هەرچەندە لە (٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥) پرۆسەی هەڵبژاران لە عێراق ئەنجامدرا، لە (٢٠٠٥/١٠/١٥) ڕاپرسی لەسەر دەستوور کرا، بەڵام بەگشتی هەڵبژاردن لە عێراق، ئەزموونێکی نوێ بوو، بەتایبەت لەو ناوچانەی کە تا ساڵی (٢٠٠٣) لە ژێر سایەی ڕژێمی بەعس مابووەوە. یەکەم جار بوو گەلانی عێراق لە پرۆسەیەکی دیموکراسی بەشداری بکەن، ئەم ڕاستییەیان بۆ ڕوون بێتەوە، کە (گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە). جەماوەر دەنگ بەو لایەنانە دەدات و دەیانگەیەنێتە دەسەڵات، کە خواست و ویستەکانی خۆی تیابەدی دەکات، هەر کاتێکیش لە خزمەتکردنیان دواکەوت لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا دەسەڵاتی لێوەردەگرنەوە .
**(ئەبرەهام لینکۆڵن) شانزەهەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڵێ :**
Government of people," by the people, for the people" واتا (حکومەت هی گەلە، لەگەلەوەیە بۆ گەل) .
دواتر لەسەر داوای (مجلس حوکم) و دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان، نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاری عێراقییەکانی کرد بۆ دانانی سیستەمێکی هەڵبژاردن . لە نێوان مانگیئازاروئایاریساڵی (٢٠٠٤)دا، نەتەوە یەکگرتووەکان گفتوگۆی چڕ و فراوانی ئەنجامدا لەگەڵ کەسایەتییە (سیاسیی، ئەکادیمیی، ئایینی، کۆمەڵایەتییەکان)، لە هەموو لایەکی عێراق و لیژنەی هەڵبژاردنی (مجلس حوکم)ی عێراق . نێردراوی نێوەدەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق، ڕای وابوو ئەو چێوە یاساییەی کە هەڵبژاردنەکانی عێراقی پێ بەڕێوەچوو، بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ پێوەرە دیموکراسییە باوەکانی جیهان دەگونجێ، چونکە هەموو ئازادییە پێوەنددارەکان مسۆگەر کراوە . چێوە یاساییەکە نوێنەرایەتییەکی گرنگی ژنان و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی مسۆگەر کردووە، یاسایەکە هانی کاری پوخت دەداو دەرگای کێبڕکێی نێوان کێبڕکێکەرانیش دەکاتەوە .

**ب. کەموکوڕییەکان :**
١. نەبوونی ئامارێکی ورد، تا گەلانی عێراق پێکهاتەی خۆیان لە ڕووی نەتەوەیی، ئایین و مەزهەبەوە دیاری بکەن . بۆ هەڵبژاردن پشتیان بە (پسوولەی خۆراک) بەست .
٢. ڕێژەی بەشداریکردنی (گەنجان، بەساڵاچوان لە هەردوو ڕەگەز، ژنان)، دیار نەبوو .
٣. دەبوایە ئاستی تەمەنی خاوەنی ئەو دەنگانەی، کە بە حزب و لایەنە سیاسییەکان دراوە بزانرێ؟ بۆئەوەی بزانرێ، کە گەنج بە زۆری دەنگی بە چ لایەنێک داوە . بەهەمان شێوە دەنگی ژن، چین و توێژەکانی تر دیارییکرایە، (تەمەن، پیشە، ئاستی خوێندن)یان .
٤. دەبوایە هەموو کاندیدکراوەکان، تەمەنیان، پیشەیان، ئاستی خوێندنیان بزانرایە .
٥. ئەو لایەنانەی بە لیستی هاوبەش بەشدارییان کردووە، چەند لایەنن؟ هەریەکەیان چەند کورسیان بەرکەوتووە ؟ ئەم زانیارانەش نەزانران .

**تەوەرەی دووەم: کاریگەری ململانێی مەزهەبی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی (٢٠٠٥)، لەسەر ئاستی سیاسی:**
**یەکەم:** بارودۆخی گۆڕەپانی سیاسی عێراق پێش هەڵبژاردن
**دووەم** : ئاراستەی کارکردنی شیعە
**سێیەم:** ئاراستەی کارکردنی سوننە
**چوارەم** : ڕۆڵی زەرقاوی لە گەشەسەندنی پەرەپێدانی تائیفیەت
**پێنجەم:** سیاسەتەکانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان
**شەشەم** : ڕەنگدانەوەی ململانێکە لە هەڵبژاردنی کانونی یەکەم، (٢٠٠٥).
**حەوتەم** : گرنگی پرەنسیپی تەوافوق بۆ عێراق

**تەوەرەی دووەم: کاریگەری ململانێی مەزهەبی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی (٢٠٠٥)، لەسەر ئاستی سیاسی:**
**یەکەم** : بارودۆخی گۆڕەپانی سیاسی عێراق پێش هەڵبژاردن :
لە دوای کۆچی دوایی پەیامبەرەوە (د.خ) و دوای دەرکەوتنی پەیڕەوی شیعە، شیعەکان بێبەش دەکرێن و لەناو دەبرێن . دەوڵەتە یەک بەدوای یەکەکان، ڕێگەیان بە کردنەوەی ڕێکخراو و کۆمەڵەی تایبەت بە شیعەی نەدەدا، تەنانەت نوێژی هەینی و کاری سیاسیش . ئەم پەراوێزخستنەی شیعە، بووە هۆی کەمبوونی شارەزایی لە حوکم و کاری سیاسی، هەرچەندە لە ڕووی دارشتنی تیۆری سیاسی سەرکەوتوو بوون . لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی دەیخستنە پەراوێزەوە، بەڵام شیعە توانیان ئۆپۆزیسیۆنێکی پێگەیشتوو پێکبهێنن، هەروەها تیۆر بۆ کاروباری حوکم دابنێن . چەندین تیۆرو بەرنامەی کاری نوێیان لە بواری ئابووری و سیاسی و چەندین بواری تر پێشکەش کرد، کە بووە هۆی ڕوودانی گۆڕان لە هۆشیاری سیاسی سوننە بەرامبەر بەو تیۆرانە و تا ڕادەی قبوڵکردنیان . لەمەشەوە ململانێ و کێشەی نێوانی سوننەو شیعە، نەچووە سەر تەوەری شەرعیەتی عێراق وەک قەوارەیەکی هەرێمی، وەک لە حاڵەتی دابەشبوونی (کورد/عەرەب)، بەڵکو پەیوەندیی بە ناسنامەی دەوڵەتەوە بووە . بە تایبەتی ڕۆڵی گونجاوی سەرکردە ئایینییەکان وئەوپلەیەی،کەحوکمی عێراقی پێ بکرێت، بەو پێیەی عێراق دەوڵەتێکی تارادە ئیسلامی بوو، واتە یاساو ڕێساکانی لە دەقە پیرۆزەکانی ئایینی ئیسلامەوە وەرگرتووە . بێگومان بۆتە هۆکاری گرژی و دابەشبوونی تائیفی، چونکە شیعەکان پێیان وابووە کەمی نوێنەرایەتییان، لەسیستەمی سیاسی عێراقی، کێشەیەکی سەرەکییە، کە ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە، ئەوەش بەوەی ئاواتی نیشتمانێکی تریان لە دەرەوەی عێراقدا نییە.
لێرەوە ئەگەر شیعە لەڕێی ناسنامەی ئایینی و مەزهەبی دەستیان بە خۆپێگەیاندن کردبێت . هەروەک سوننەکان، کە دوای ڕووخانی ڕژێم خۆیان بەبێ سەرکردە دەزانی، ئەمە مافی خۆیان بووە، هەربۆیە مزگەوتەکانی سوننەو شیعە بەبێ جیاوازی بوونە گۆڕەپانی کاری سیاسی، بەمەش مزگەوتەکان لەبەر چەندین هۆکار بوونە ناوەندی تەعبیئەی سیاسی . ئەوەش بەو پێیەی کە مزگەوتەکان تاکە شوێنێک بوون تا ئێستا بەپاکی ماوەتەوە، تاوەک میکانزمێکی سەرەکی بۆ ڕێکخستن سوودی لێوەربگرن. هەروەها ئامۆژگارییەکانی ڕۆژانی هەینیش، وەک کەناڵی پەیوەندیی کردنی سیاسی بەکار هێنرا و بووە هۆی هاندانی توندڕەویی لە هەردوولا . ئەمەش مەترسی هەبوو، بەوەی مزگەوتەکانی کرد بە سەنتەری کۆکردنەوەی بەخشینەکان، بۆیە لەو بارودۆخەدا مەزگەوت ڕۆڵێکی خراپی گێڕا و بووە ئامرازێکی ترسناک بۆ هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ. بەمەش مزگەوت ڕۆڵی دامەزراوەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیشیان گێڕاو و ڕۆشنبیری سیاسی شێوێنراو و دووریان خستەوە لە عەلمانیەت. هەروەها کاریگەرییەکی خراپی کردە سەرگەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی.
لەلایەکی ترەوە، بەڕای (موفق الروبیعی) ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراقی "ئەو کەسانەی، کە نووسینگەکانی حزبی بەعسیان بەڕێوەبردووە، ئێستا ڕوویان لە ئایین کردەوەو مزگەوتەکانیان کردۆتە بنکەی سەرکردایەتی کردنی سیاسی، هەمووشیان لە سوننەکان بوونە ". لەسەر ئاستی سیاسیش، مێژووی ڕەسمی دەوڵەتی عێراقی نوێ لەلایەن سوننەوە، لەسەرەتای دروستبوونییەوە، نووسراوەتەوە . زنجیرەیەک لە حکومەتە بەهێزو عەلمانی و نەتەوەییەکان، کە یەک بەدوای یەک لە عێراق حوکمیان کرد و لە ژێر کۆنترۆڵی سوننە بوون، هەوڵیاندا ناسنامەی دەوڵەتی عێراق لەژێر ناونیشانی عەلمانیەت و دەوڵەتی نەتەوەیی توندڕەو بتوێننەوە، کە لە ساڵی (٢٠٠٣) ڕژێم ڕووخا، لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق دوو ئاراستەی کارکردن هەبوو، ئاراستەیەکیان هەوڵیدا قەرەبووی نەهامەتییەکانی خۆیان بکەنەوە. ئاراستەیەکی تر، کە بەعسییە سوننەکان بوون، بە ئەستەمیان دەزانی دەست لەو دەستکەوتانەی پێشوویان هەڵبگرن و دەیانویست پارێزگاری لێبکەن.

**بەشی شەشەم**



| ز | ناوی لیست | کورسییەکانی پارێزگا | کورسی قەرەبوو | کورسی نیشتمانی | کۆی کورسییەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هاوپەیمانی عێراقی یەکگرتوو | ١٠٩ | ٠ | ١٩ | ١٢٨ |
| ٢ | هاوپەیمانی کوردستان | ٤٣ | ٠ | ١٠ | ٥٣ |
| ٣ | بەرەی تەوافقی عێراقی | ٣٧ | ٠ | ٧ | ٤٤ |
| ٤ | لیستی عێراقی نیشتمانی | ٢١ | ٠ | ٧ | ٢٥ |
| ٥ | بەرەی عێراقی بۆ دیالۆگی نیشتمانی | ٩ | ٠ | ٢ | ١١ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٤ | ٠ | ١ | ٥ |
| ٧ | کوتلەی موصالەحەو تەحریر | ٣ | ٠ | ٠ | ٣ |
| ٨ | رسالیون | ١ | ٠ | ١ | ٢ |
| ٩ | بەرەی تورکمانی عێراقی | ١ | ٠ | ٠ | ١ |
| ١٠ | لیستی رافیدەین | ٠ | ١ | ٠ | ١ |
| ١١ | لیستی میسال ئالوسی | ١ | ٠ | ٠ | ١ |
| ١٢ | بزووتنەوەی ئێزدی | ١ | ٠ | ٠ | ١ |
| | کۆی هەمووی | ٢٣٠ | ١ | ٤٤ | ٢٧٥ |

**بەڵگەنامەی ژمارە (١)**



ستراتیژ

سمکۆ محەمەد

## مەسەلەی سەیارەکەی پارلەمان

مەسـەلەی کڕینی سـەیارە بـۆ پارلەمانتارانـی کـورد لەلایـەن پارلەمانی کوردستانەوە، گفتوگۆیەکی تری توندی لەنێوان فراکسیۆنی بەناو ئۆپۆزسـیۆن و ئەوانـی تر دروسـت کـردووە، ئەم حاڵەتـەش وەکو هەر کەیسـێکی تـر کەڵکـی لێوەرگیراوە بۆ ریکلامی سیاسـی، سـەرۆکایەتی پارلەمانیـش زەمینەکـەی خـۆش کـردووە کەجارێکـی تـر پارلەمانی ئیفلیج کردووە.

راسـتەکڕینی سـەیارە بەو مەبلەغە پارەیـە بۆ پارلەمانتـاران، گوناهێکی گەورەیە کەهەم خەڵک ئاستی بژێوی خراپە و جیاکردنەوەی پارلەمانتاران دەگەیێنێ لەگەڵ خەڵک، هەم گورزێکی کوشندەیەلەبودجەی پارلەمان کەباشتر وابوو بۆ چاودێری کردنی کارەکانی حکومەت کەڵکـی لێوەربگیرێ، بەڵام بەراورد کردنیشـیان بەپارلەمانتاری جهانـی دەرەوە، زۆر لەریکلام کردنە سیاسییەکە نالۆژیکی ترە.

گوناهێکـی تـری کڕینی سـەیارە بۆ پارلەمانتـاران، هیـچ جیاوازییەکـی نییـە لەگـەڵ دابیـن کردنـی شـوقە و ئیمتیازاتەکانـی تـر، یـان دابیـن کردنـی نەسـریەی تایبـەت و هتـد، لەحاڵێکـدا تـەواوی پارلەمانتـاران ئاسـتی بژێویـان زۆر لەسـەرووی خەڵکەوەیـە کەخۆیان بەدەمراسـتی خەڵک دەزانـن، لەحاڵێکدا ئەوە تەنها ئەوانن کەخۆیان بەدەمراستی خەڵک دەزانن، ئەگەرنا تەواویان دەمڕاسـت و نوێنـەری حزبەکانـن و هیچی تر، حزبیش چ بەناو ئۆپۆزسیۆن بێت، یان دەسـەڵاتدار، یان ئەوانەی بێدەنگن و بەنـاو ئەندام پارلەمانن، هیچ شـتێک لەیەکتریان جودا ناکاتەوە.

جیـاوازی بیروڕا لەنێـوان ئەندامانی پارلەمانـی فراکسـیۆنی گـۆڕان سـەبارەت بەکڕینی سەیارە، کارێکی وەهای کـردووە کەفراکسـیۆنەکانی تریش بێدەنـگ و ببـن بەپاڵەوان، بـەڵام دەنگێکـی نـزم و شـەرمنن، دەنگێک کەتەنهـا موجامەلەی خەڵکە و هیچـی تر، ئەگەرنا بۆچی پێشـتر لەسـەر بڕیارەکە دەنگی پێدەدرێ و دواتر پەشـیمان دەبنەوە، یان ئەوەی لەشـوێنێکدا ئیسـلامییەکان بەزمانی دوور لەیاسا، حەرامی دەکەن و دواتر پەشیمان دەبنەوە، گوایە مەرجەکەیان ئـەوە بـووە پارلەمـان سـەیارەکە بکرێـت، بـەڵام پارەکـە نەدرێـت بەخودی پارلەمانتاران، ئەمەش حیلە شەرعیەکی ترە بەناو ئۆپۆزسیۆنەوە.

وەرگرتنـی پـارە و ئیمتیازاتـی تـر دوور لەچاوی میدیا و بەشـێوەیەکی ناشـەفافانە لەلایەن پارلەمانتارانەوە، لەسـەرووی هەمووشـیانەوە فراکسیۆنی گۆڕان، زۆر لەوەرگرتنی سەیارە خراپترە، هەروەها وەرگرتنی مووچـەی خانەنیشـینی لەلایـەن سـەرۆکی فرکسیۆنی گۆڕانەوە، نەک هەر بەگەندەڵی سەیر دەکرێت، بگرە لەخیانەتێـک دەچێ هـەم لەبەرامبەر فراکسیۆنەکەی خۆی و هەم لەبەرامبەر خەڵـک، لەحاڵێکـدا ئەم فراکسـیۆنە لەهەموو فراکسـیۆنەکانی تـر زیاتر باس لەگەندەڵی دەکات و گوایە دژی دەوەسـتێتەوە، ئەمـەش لەکاتێکدایە کـە نەخودی گـۆڕان بەگشـتی و نە ئەندامانی فراکسیۆنەکە ئەو وەڵامانەی سـەرۆکەکەیان رەتناکەنەوە کەچەند گەندەڵیە.

سـەرەنجام سـەیارە کڕیـن بۆتـە مایەی شێوەیەکی تری ریکلام کردن بۆ سیاسـەت لەنێـو پارلەمـان، ئەو پارلەمانـەی کەلەپارلەمانەکانـی تـر ئیفلیجترە، چونکـە ئیفلیجی پارلەمان تەنهـا ئەوەنییـە کەئۆپۆزسـیۆنی تێدانەبێ، بەڵکو ئەوەیـە بەبیانووی جیاواز هـەم دژایەتی ئۆپۆزسـیۆنی جدی دەکات، هەم یاسا شەرعییەکان پەکدەخات، هەم خۆی لەنێو دەسەڵاتەو شـانی خۆی خاڵی دەکاتەوە، ئەمەش تا ئەو جێگەیە بردەکات کەپێی دەڵێن مەسـەلەی سـەیارە، لەدوای ئەمەش چاوەڕێی مەسەلەی تر دەبین.

# غازی حەسەن : کاتێک شاعیرێک دەبێتە وەزیر کۆمەڵێک سنوور بۆ خۆی دروست دەکات

**غـازی حەسـەن نووسـەر و رۆژنامەنووسـێکی خـاوەن ئەزموونەو لەناوەڕاستی هەشـتاکانەوە دەستی قەڵەمی گرتووەو لە خۆشەویسـتی و گەورەیی رۆژنامەو نووسینەوە، درێژەی بەکارەکەی داوەو ئێستاش سەرنووسەری رۆژنامەی "بارزان"ە.**

**لەسەر چەند پرسـێکی رۆژنامەوانی گـەرم و نەمانـی خوێنـەری جدی و قۆناغەکانی خوێندنەوە دواندمان.**

### ئا: عەبدولڕەحمان مەعروف




*** لـە دەسـەڵات و کۆمەڵـگای کوردی نموونەیەکمان هەیە، کاتێک ئەحمەدی شـاملووی شـاعیری گەورەی فـارس و جیهـان، نامەیـەک دەداتە شـاعیرو رۆشـنبیرێکی گەورەی کورد بۆ ئـەوەی وشـیاربێتەوەو واز لە پۆسـت و کورسی و وەزارەت بێنێـت، چونکە ئەو زۆر لەو کورسی و پۆستە گەورەترە، ئەمە چۆن لێکدەدەنەوە؟**

- بێگومـان ئەمـە داوایەکـی چاکە، چونکە ئەدیب و شـاعیرو نووسـەر کاتێک کاری نووسین و بەڕێوەبـردن تێکەڵدەکات، ئیتر رووبـەڕووی قەیـران و کێشـە دەبێتەوە.. بەتایبەتی ئەگـەر ئەو پلـەو پایـە کاریگەریـی لەسـەر دەسـەڵاتی وشـەو نووسـین و دەربڕیـن دروسـت بـکات.. پێم وایـە کاتێـک شـاعیرێک دەبێتە وەزیر کۆمەڵێک سنوور بۆ خۆی دروست دەکات، دەسەڵاتی وشە بە دەسەڵاتی سانسـۆری وشەو راونانـی وشـە دەگۆڕێتـەوە، بەتایبەتی لەرۆژهەڵاتـدا، چونکە هیچ کورسی و پلەیەکی سیاسی و ئیـداری بەبـێ لەقالبدانـی کەسـەکان بەدەسـت نایێت.. کەس وەکو نووسـەر، یا شاعیر ، یا رۆژنامەنووس دەسـەڵات و کورسـی پێنادرێت، بەڵکە دەبێت بـە شـێوازێک لـە شـێوازەکان پەیوەنـدی بـە ئایدیۆلۆژیـاو بیـروڕای ئەو لایەنە هەبێـت، کە کورسی دەسەڵاتی پێدەبەخشێت.

گەورەیـی هـەر نووسـەرێک لەئـازادی قەڵەمەکەیەتـی، لـە بەرپرسـانە بیرکردنەوەیەتـی، نەک پێگەو دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری. کاتی خـۆی پیرەمێردی نەمر نامەیەکی بۆ مێژوونووسی گەورەی کورد محەمەدەمین زەکی بەگ نووسـیوەو داوای لێدەکات واز لە کورسی دەسەڵات بهێنێت و خەریکی نووسـینەوەی مێژوو بێـت. چونکـە کاری دووەمیـان دەمێنێتـەوەو دەسـەڵاتی پتـر دەکات، نەک دەسـەڵاتی ئیداری. ئەمـە ئاماژەیەکـی گرینگی ئـەو ناکۆکییەیە، کە لەنێوان دەسەڵات و پایـەی سیاسـی و ئیـداری و پێگەی رۆشنبیری نووسـەرانە.. منیش پێم وایە ئەگەر هەلومەرجی کۆمەڵگە سروشتی بوو، پێویستە نووسـەران بیر لە ئازادی خۆیان بکەنەوە.

*** بـەڵام دەسـتەیەکی دیکـە وازیـان لەدەسـەڵات نەهێنـا، کـە زیانێکـی گەورەیـان هـەم لەخۆیـان دا و هـەم لەنەتەوەکەشیان دا؟**

- ئێمـە دەبێـت لەگەڵ کەتـواری کۆمەڵگە شـرۆڤەی ئەو دیاردانە بکەیـن، کـە خەڵکـی بەگشـتی رووبەڕووی بوونەتـەوە. کاتێک نووسـەرو شـاعیر دوارۆژی خۆیان لەکورسی و پایەی ئیداری دەبیننەوە،ئاسایی دێتەبەرچاویان، کە لەپێنـاو دەسـکەوتێکی کاتی پایەی رۆشـنبیریان بێخنـە ژێر پرسـیارەوە. لەهەمان گاڤیشـدا ئەگەر دیقەتی قۆناغی گواستنەوە لەکوردستاندا بکەین، زۆر ئاساییە کەسانی رۆشنبیر لەژێر کاریگەریی بزاڤـی رزگاریخوازیـدا بژیـن و بەهەمـان پێوەریش بەشـداری لەدەسەڵات بکەن، یاخود بەهۆی کاریگەریی و بەهێزی رۆڵی حزب لەکۆمەڵگـەدا ئەوانیش بـەدوای کورسـی و دەسـەڵاتدا بگەڕێن. چونکە سـایکۆلۆژیای کورسـی، سـایکۆلۆژیای دەسـەڵاتی باوکسـالاری کۆمەڵگـە نیشـان دەدات، واتـە ئەگەر تۆ لەنێو کایە سیاسی و ئیدارییەکاندا شوێنێکی دیارت بۆ دانەنرابێت، وەکو ئەوە وایە تۆ کۆمەڵگەیەکی رۆشنبیریت لەدەست دابێت.

بۆیە کاتێک سەیری فەلسـەفەی ژیانـی سیاسـی و ئاسـایی کۆمەڵگەی کوردسـتان دەکەیت، رۆشـنبیریش ناچار دەبێت، بێتە بەشـێک لە رەوشە گشـتییەکەو بەئـەرێ و نـەرێ بچێتـە نێـو ململانێ بـێ کۆتاییـەکان. بەڵام بـۆ دەربازبـوون لەتاریکییـەوە بـەرەو روناکی، بـەڵام ناتوانێت، بیرکردنەوەمان بگۆڕێـت، ئەگەر کاریگەریی کۆمەڵایەتی- ئابووری لەپرۆسەکەدا دابڕێت.

سەبارەت بە حاجی قادری کۆیی و پیرەمێردیش رەنگە من هەندێک پێچەوانەی ببینم، ئەوان لەڕووی فکرییەوە گۆڕانکاریان بەسـەردا ئەم رۆژنامەگەرییـە لە هەندەران گۆڕانـکاری بەسـەردا هاتـووە. لەئەمەریکاشـدا رۆشـنبیرانی کورد دەتوانم بێـژم رۆڵیان نییە، ژمارەیەکی زۆر کەم لە ئەمەریکا دەژین، چونکە ژیان لەوێ جیاوازە لەگەڵ ئەوروپا،بۆیەکارێکی ئاسان نییـە رۆشـنبیران کاری رۆژانەو کاری ئازادانـەو خۆبەخشـانەش

## کاری ڕۆژنامەگەری یەکێکە لەکایە بەرزو گرینگەکانی نێو کۆمەڵگە، ئەوانەی دەبنە ڕۆژنامەنووس زمان دەزانن، زانستی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری دەخوێنن

نابێت لەبیرمان بچێت تێکەڵبوونی رۆشنبیر بەدەسـەڵات کێشە نییە بەقەد ئەوەی رۆشـنبیر هەمـوو توانا رۆشـنبیرییەکانی تەسلیمی کورسـی و دەسـەڵات بـکات. لەبیرمان نەچێت لەهەموو دنیادا رۆشـنبیر خودانـی رایەلەیەکـی بەهێزن لەگەڵ نیشـتیمانەکەیان، لەگەڵ کێشـە مرۆییەکان، بـەڵام بەتێکڕا کورسـی نەیتوانیـوە خزمەتی بەهاو توانای تاکەکەسی رۆشـنبیر بـکات، بەقەد ئـەوەی گوزەرانی رۆژانەی چاک کردووە. بەڵام نەیتوانیوە دەرفەتی داهێنانی ئەدەبی و فکری بۆ برەخسێنێت.

*** ئەی ئەو هاوکێشە چۆن لێکدەدەیتەوە کەسـێک بخوێنێتەوەو گۆڕانی بەسەردا نەیێت؟ هەروەهـا پیرەمێـردو حاجی قادری کۆیی بەنموونە بهێنینەوە، دوای ئەوەی چوونە ئەسـتەنبۆل کاریگەریی خوێندنـەوەو گـەڕان دیدگای ئەوانی نەگۆڕی؟**

- مـن وای بۆ دەچم کـە هەموو کەسێک ناتوانێت بگۆڕێت، چونکە گۆڕانـکاری لەهـەر کەسـێکدا بنەمایەکـی ئابـووری و فکـری قووڵـی هەیـە، کاتێک کەسـێک دەچێتـە دەرەوەی کوردسـتان، لەژێـر کاریگەریـی ئابـووری و پێکهاتە نوێکانی کۆمەڵگە نوێیەکەو لەژێرکاریگەریی فکری-رۆشنبیری دروسـت ، دەسـت بەگـۆڕان دەکات، بۆیـە شـتێکی ئاساییە کەسـانێک هەبن هەموو ژیانیان خوێندنـەوە بێت، بەڵام نەگۆڕێن، چونکـە ئـەو کەشـوهەوایەی ئەوان تێیدا دەژین، نەگۆڕەو هیچ گۆڕان و پێشکەوتنێکی ئابووری و ئینجا رۆشـنبیری تیدا نییە، با نمونەیەکت بـۆ بهێنمەوە لەنێـو ئەمەریکادا کەسـانێک دەبینیت، کـە ئاسـتی بژێـوی و داهاتیان کەمـەو لەناوچـە هـەژارەکان دەژیـن و ئابوورییە زلەکە هێندە خزمەتی ناوچەکەیانی نەکردووە، کەسـایەتییەکی دواکەوتـوون و گۆڕانکارییەکی هێندە گەورەیان بەسـەردا نەهاتـووە لەچـاو ناوچەکانـی دیکـەدا. کەوایـە خوێندنە ئەگەر دەستمان بگرێت هاتبوو. بەتایبەتیش پیرەمێرد، کە گەڕایەوە کوردسـتان، توانی توانـا رۆشـنبیرییەکەی وەکـو دەسـەڵات لەپێنـاو پێشـکەوتنی کۆمەڵگـە بەکاربهێنێت. راسـتە ئەوانـە نەبوونـە خودانـی هیـچ فەلسـەفەیەکی تایبەتی، وەکو چۆن تاکو ئێسـتاش رۆشـنبیری کورد هیچ فەلسەفەیەکی تایبەتیان نییە. بەڵام ئەوان لەرێگەی تێکەڵبوون بـە گۆڕانکارییەکانـی ئـەوان سـەردەمی ئەسـتەنبۆل گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. بەداخەوە ئەوەی ئێستا دەیبینم ترسناکە، کەسانێکی زۆری رۆشنبیر لەدەرەوە دەژین، یاخود لەدەرەوە تێکەڵی دنیایەکی نوێ بوون، بەهۆی مشـەخۆری و وابەسـتە بوونـی ژیانیـان بە سۆسـیال، نەیانتوانیـوە کەڵـک لـە گاریگەرییەکانی گۆڕانکاری ئابـووری وەربگـرن. راسـتە هەندێکیـان دەخوێننەوە، بـەڵام هەیانـە لـە بـەر دابـڕان رقـی لەخوێندنەوەشە.

*** دەکرێـت دوای ئەو هەموو گـۆڕان و پێشکەوتنەی رۆژنامەگەری کوردی دوای راپەڕین، بەراوردێـک بەرۆژنامەگەری هەندەران، لەوانەش ئەمەریکا بکرێت، کە تۆ لەوێ ژیاوی؟**

- نامەوێـت باسـی هەنگاوە گەشـەکانی رۆژنامەگەریـی کـوردی بکەمـەوە، تەنیا ئـەوە نەبێت تا ئاسـتێکی باش سـوود لەتەکنەلۆژیـای گەیانـدن و بڵاوکردنەوە لەهەموو ئاستەکان کـراوەو رۆژانـەش کاری نوێتر ئەنجام دەدرێت. کاتـی خـۆی رۆژنامەگەری کوردی لەهەندەران کـە ئازاد بوو، توانـای دەربڕینی زۆرباشـتر بـوو، بـەڵام ئێسـتا بەهـۆی فرەبوونـی بـواری چاپ و بڵاوکردنـەوەو دەربڕیـن، ئەم رۆڵـە لەنـاوەوەی کوردسـتانی باشـووردا فرەترو باڵاتـر بووە. رۆژنامەگـەری کـوردی خەریکە کۆتایی پێدێت، کاتـی خۆی ئەوە لەبەر نەبوونی ئازادی و داکۆکی لە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانی باشـوور ئەنجام دەدرا، بـەڵام ئێستا ئەرک و تێگەیشتن و پێگەی بـۆ گەشـەپێدانی رۆشـنبیری بکـەن. کاک سـاقی بارزانـی کەدامەزرێنـەرو هەڵسـوڕێنەری سەرەکی و هاوکاری من سایتی (کلاورۆژنە)مان بەڕێوە بردووە، ئەویش دوای کاری رۆژانـەمـان بـە خۆبەخشـانە. کاک قـادر حەمەدەمیـن کـە دامەزرێنـەری بڵاوکـراوەی (بـارزان)ە لەئەمەریکا، بەدەردەسـەری ئەم چاپکـراوەی دەردەکـرد، ئەویش لـە چوارچێوەیەکی دیاریکـراوو خۆبەخشـانە، ماوەیەکیـش خۆبەخشانە هاوکاریم کرد. من دەتوانم بێـژم لەئەمەریکادا کورد هێنـدە لـەم بـوارە کاریگەریـان نەبووە. بۆیە بەراورد ناکرێت.

*** تـۆ پێت وایە دەبێت هێڵێکی سـوور هەبێت، هێڵی سـوور بەمانای سانسۆرو پێش پێگرتن و خنکاندنـی دەنگەکان نـا، بـەڵام دەبێت هێڵێکی سـووریش هەبێت؟**

- من نامەوێت بڵێم هێڵی سوور، بەڵکە بەپێویسـتی دەزانم هەموو لایەک رێزی یاسـا بگرین، رێزی بیروبۆچوونی بەرامبـەر بگرین، لەجیاتـی رەفزکردنەوەی یەکترو یەکتر نەخوێندنـەوە بایەخ بـە پەرەپێدانـی بیـروڕای جـودا، رەخنەی بەرپرسانە بدەین. هەموو کاتێک هێڵی سـوور لەژێر ناوی جودا بەخراپی تەفسـیر دەکرێت، بـەڵام کاتێـک یاسـا سـەروەر دەبێـت، هەمـوو لایـەک وەکو یـەک بـە یەکسـانی و دادوەرانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێـت. زۆر ئاسـاییە دەسـەڵات هێڵی سوور لەپێنـاوی خـۆی بەکاربهێنێت و لەهەمان گاڤیشدا بەرهەلستکارو سەربەخۆکان بە پێشێلکاری دژی خۆیانی ناوببەن، یاخود بیانەوێت لەژێـر ئـەم نـاوە کاردانـەوە خراپەکانیان بشارنەوە.

*** نەبوونـی خوێندنـی ئەکادیمـی و مامۆسـتای پسـپۆڕو سـەرچاوەی زانستی دروسـت، ئەمە گرفتێکی گـەورە نییە؟ هەرچەنـدە لـەم سـاڵانەی دواییـدا لەپەیمانگـەو کۆلیژەکانـدا بەشـی راگەیانـدن و رۆژنامەگـەری خەریکە سـەرهەڵدەدات، بـەڵام لەئاسـتی خەونەکانـدا نیـن، لایەنێکی دیکـەی ئەم پرسـیارەش بۆ لەهەندەران بواری رۆژنامەگـەری بە یەکێک لـە خوێندنە هەرە قورسەکان دادەنرێت؟**

- ئـەوە مانـای ئەوەیـە کاری رۆژنامەگـەری یەکێکـە لەکایـە بەرزو گرینگەکانی نێو کۆمەڵگە، ئەوانـەی دەبنە رۆژنامەنـووس زمان دەزانن، زانسـتی سیاسی و کۆمەلایەتـی و ئابـووری دەخوێنن، کەسـانێکن لە بـوارە جیاکاندا شـارەزایی پەیدا دەکەن و پسپۆری وەردەگرن. بەڵام لای ئێمە وای لێهاتووە ساناترین کار بەکاری رۆژنامەگەری بگوترێت.

مەسـەلەی زۆری کۆلێـژ و پەیمانگـەکان ناتوانێـت رۆژنامەنـووس دروسـت بـکات، چونکـە بەشـێکی زۆری ئەوانـەی لە بەشـی راگەیانـدن دەخوێنـن، هیـچ ئارەزوویەکیان لـە کاری راگەیاندن نییـە، دوور نییە لەبەر نەبوونی سـەرچاوەو کتێبی تایبەتی مەنهـەج بەزمانی کوردیش ئەو قوتابیانـە نەتوانن وەکو پێویسـت سـوودمەندبن. زۆر گرینگە پسپۆری لە وانەکان هەبێت، رێوشـوێنێکی تایبەت بۆ وەرگرتنـی قوتابیان لەم بەشـە دیاری بکەن، هەروەسا ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە رۆژنامەگەری پیشـەیە و کارە، بۆیـە دەبێـت لەبـواری فێرکردنـدا بایـەخ بـە فێرکاری پراکتیکی بدرێت.

*** لەزۆربـەی وڵاتان بۆ ئەرشـیفکردن پەنا دەبەنە بەر مایکرۆفیلم ، تائێستا لەم بوارەدا لەکوردسـتان هیچ هەوڵێک هەیە؟**

- بێگومان دنیا بەرەو ئاسانکاری لە بەڕێوەبردنی کارەکان هەنگاو دەنرێـت، ئەرشـیفیش یەکێکـە لـەم بوارانـە، تۆ ئەگەر سـەیری ئەنتەرنێـت و پێشـکەوتنی کۆمپیوتـەر بکەیـت، هەسـت دەکەیت ئەرشـیف و پاراسـتنی دۆکۆمێنـت و بڵاوکردنـەوە چەندە (ئاسـان و خێراو بەپاکی بەکاربردنی) لێهاتووە. لەئێستادا هەموو شـتێک بەرەو ئەرشـیفی مایکرۆفیلـم دەبردرێـت. خێـرا بەکاردەهێنرێـت، ئاسـانە لـە دۆزینـەوەو سـوودوەرگرتن و پاراسـتنی و هەڵگرتنی و تەسـنیف کردنـی، هەروەهـا کەسـێک دهوتوانێت دوور لە موچەخۆری نێـو ئەرشـیفخانەکان یەکسـەر بـەکاری بهێنێـت. لەبیرمـان نەچێت، کە ئەمانـە دەکرێت هەر هەموویان لە هەوادا، لەئاسـمان لەرێگەی ئینتەرنێتەوە بپارێزرێت. کوردسـتان سـەرەتایە، ئێمـە هەموو چەند ساڵێکە ئەم زانستە نوێیـە، ئامێرە سەرسـوڕهێنەرە بەکاردەبەیـن، بۆیـە ناکرێـت بەراوردی ئەم دوو حاڵەتە وەکو یەک بکرێـت. بـەڵام دەتوانرێـت بەشـی سـەرەکی و بنەڕەتـی بەڵگە نامەو نووسراوە گرنگەکان لەقۆناغـی یەکـەم لەرێگـەی مایکرۆفیلم بپارێزرێت و ئەرشیف بکرێت.

**بەشی دووەم و کۆتایی**

## پرسەو سەرەخۆشی

* بەنـاوی دەزگای چاپ و بڵاوکردنـەوەی بەدرخـان پرسـەو سەرەخۆشـی لە بنەماڵـەی نیشـتمانپەروەر "فوئـاد عـارف" دەکەیـن، کـە مەردانـە بەدرێژایـی ژیانـی لەگـەڵ دۆزە رەواکـەی گەلەکەیدا بوو. لەخوای گـەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

* بەنـاوی دەزگای چاپ و بڵاوکردنـەوەی بەدرخـان پرسـەو سەرەخۆشـی لە بەڕێـز وەزیری پێشـووی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان "یەدوڵڵا عەبدولکەریم فەیلی"دەکەین، بەبۆنـەی کۆچـی دوایی لەناکاوی برایانەوە"سـەلام عەبدولکەریـم فەیلی"لـە ٢٠١٠/٦/١ لەشـاری بەغدا، لەخوای گـەورە داواکارین ئـەوە دوا ناخۆشـی بنەماڵەکەیان بێت.

**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان**

# تەتەڵە

شاسوار هەرشەمی - سوید

دەبێ هەمیشە ئەوەمان لەبیربێت کە فەرمانڕەوایی کوردانی ئەییوبی لە کوردستان یان حەلەب و جزیرە لەنێوان ساڵانی ١١٨٣-١٢٦٠ زایینی تەنیا ماوەیەکی کورتی پشودانی ٧٧ ساڵە بوو، لە نێوان دەیان شەپۆلە کۆچی یەک لەدوای یەکی هۆزە تورکەکان لەناوەڕاستی ئاسیاوە بۆ کوردستان و وڵاتی ڕۆم، خودی دەوڵەتی ئەییوبی لە هەڵمەتی گەورەی مەغۆڵان تیاچوو. دوای ئەوە شەپۆلی مەغۆلی تورکی جۆراوجۆری تر فەرمانڕەوایی کوردستانیان کەوتەوە بەردەست، وەک ئێلخانیان و جەلایەریان، ئاق قۆینلوو، تەیمووری لەنگ، بەسەر هەموو شوێنێکدا رادەگەیی. تورکانی ئازەربایجان کە لە سەرەتای سەدەی پازدەهەم ئالای شیعەگەریيان بڵند کرد، شەڕێکی خوێناوی توندیان لە دژی کوردانی سوننە بەرپاکرد، نزیکەی سەرتاپای کوردستانیان داگیرکرد. بەڵام هەموو ئەو هەڵمەت و پەلامارو داگیرکردنانە نەیانتوانی لەناو سنوورەکانی ناوەوەی کوردستاندا چیتر گۆڕانی گەورەی ئەتنی بێننەکایەوە. ئەو سنوورەی سەلاحەددین و نەوەکانی لە ڕۆژئاوای کوردستان چەسپاندیان، تا ئەمڕۆش کە هەشت سەدە تێدەپەڕێت نزیکەی هەروەکو خۆی ماون. تاکە هەڕەشەیەکی گرنگ کە لەو سنوورانە کرابێت لەو ماوە دوورو درێژەدا، ئەوا لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بوو، کاتێک کە وڵاتە هاوپەیمانەکانی ئەورووپا ویستیان بە ڕێککەوتننامەی سیڤەر "سیڤەر" هەندێ بەشی گرنگی ئەو مەڵبەندە لە کوردستان دابڕەن، بەڵام پەیماننامەکە هەرگیز بواری جێبەجێ کردنی بۆ نەڕەخساوە. دیارە بەرەنجامی ئەو کارە گرنگەی سەلاحەددین لە ڕۆژئاوای کوردستان، بووە هۆی ساڕێژکردنی بەشێک لە برینەکانی ڕۆژهەڵات. من دڵنیام گەر سەلاحەددین ناوەندی دەستەڵاتی خۆی لە میسر هێشتباوە، ئەمڕۆ نەخشەی کوردستان و ئەو خاکانەی کوردنشین هەرگیز بەم شێوەیەی ئەمڕۆ نەدەبوون. لە مەش دڵنیام کە لە ڕۆژگارێکی جەنجاڵی نێوان دوو شەپۆلی پەلاماری شەڕکەرانی لەبن نەهاتوودا "پەلاماری شەپۆلە ئاسای هۆزە تورکەکان لەناوەڕاستی ئاسیاوە پەلاماری خاچپەرستانیش لە ئەوروپاوە" کارێکی لەمە گەورەتر، لەماوەی ٧٧ ساڵدا لە دەست نەدەهات.

لەناو هۆزە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی موسڵیش "زراری و باجەلان و شێخ بزێنی" بۆچونێکی وا هەیە، کە سەلاحەددین ئەوانی وەکو پشتێنەیەک لەوێ نیشتەجێ کردووە.

من ناتوانم ئەمە بسەلمێنم، بەڵام دەزانم موسڵ ئەو شارە بوو کە سەلاحەددین تەمەنی منداڵی و لاوی خۆی تێدا بردۆتەسەر و بێگومان شارێکی خۆشەویست بووەو دەبێ بە ئەندازەی پێویست بایەخی پێدابێت.

کارێکی ئاسان نییە وەڵامی ئەوە بدرێتەوە کە ئاخۆ سەلاحەددین میسری جێهێشت و بۆ شام گەڕایەوە، لە کاتێکدا ئەو بۆیەکەمین جار دەوڵەتی ئەییوبی لە میسر ڕاگەیاند بوو؟ هەروەک ناشزانین کە ئاخۆ بۆچی کوڕەکەی خۆی کردە فەرمانداری حەلەب و جزیرێ و بیری لە بەغدا و حیجاز و شوێنی تر نەکردەوە، کە لەو شوێنە پەڕگەیەی کوردستان گرنگترو "پیرۆز"تریش بوون. ئاخۆ بۆچی خوشکی خۆی بۆ هەولێر ناردو لەوێ بە شوی دا؟ ئاخۆ لەپای چی پەیوەندی وا بەهێزو نزیکی لەگەڵ میری هەکاری و شێخ و مەلاو زانایانی کورد دامەزراند؟

دەکرێ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە تاوتوێ بکرێن و هەندێ ڕاستی و فاکتەریان لێ هەڵبکرێندرێت، بەڵام ئەمانە هەمووی هۆکارن. هۆکارەکان لە سەردەمی ڕووداوە مێژووییەکاندا زۆر گرنگ و بە بایەخن، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بایەخی هۆکارەکان نزم دەبێتەوەو بەرەنجامەکان بایەخ پەیدادەکەن. ئێمە ئەوە دەزانین کە ئەگەر سەلاحەددین بەو ئاراستەیە بیری نەکردبایەوە و کاری نەکردبا، سەرەنجامەکانیشی بۆ ئێمە، خەڵکی کوردستان جۆرێکی تر دەبوو.

***

سەلاحەددین هێشتا لە ڕۆژانی تەنگانەدا بە هانامانەوەدێت سەلاحەددینی ئەییوبی، بەو ئاکارو ڕەفتارو خەسڵەتە مرۆڤایەتییەی، لە شەڕو بەڕێوەبردندا، دوور لە دەمارگیری ئایینی و ناوچەیی، هەیبوو، ئێستاش بەڵێ تا ئەمرۆش بەردەوامە لە خزمەتکردن بە گەلەکەی خۆی. ئەو خزمەتەی نزیکەی بە تەنیا بۆ گەلەکەی خۆی بە میرات جێیهێشتووە. زۆر کەس ڕەنگە ئەمەی بەلاوە سەیربێت! دیاردەیەک هەیە لای ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی دانیشتووی ئەروپا و ئەمریکا دەبیندرێت و هەستی پێدەکرێت. بەشێکی زۆری چاکەی ئەم دیاردەیە بۆ خودی کەسایەتی سەلاحەددینی ئەییوبی دەگەڕێتەوە.

کورد لای هاووڵاتی ئەوروپی و ڕۆژئاوایی و دامو دەزگا نا حکومی و حزبی دیموکراتییەکانەوە ڕێزێکی تایبەتی لێدەگیرێت و پشتگیری لە داخوازییە ڕەواکانی دەکرێت، تاکی ئەوروپا هەمیشە کوردان لە عەرەب و تورک جیا دەکەنەوە "ئێمە باسی هەڵوێستی سیاسی حکومەتەکان ناکەین، کە لەسەر بناغەی پاراستنی بەرژەوەندی و دەستکەوتەکان لەلایەک و گوشاری خەڵکیش لەلایەکەی ترەوە، پارسەنگ ڕادەگرێت".

زۆرجار لەخۆمم پرسیوە، کە ئایا بۆچی هەڵوێستی تاکی ئەوروپی بەگشتی لەگەڵ عەرەب و تورکان دۆستانە نییە. بەڵام کە دەزانن کەسێک کوردە ڕوویێکی تری تەواو جیاو دۆستانە پیشان دەدەن؟ ئایا بۆچی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا بە خۆڕایی لەسەر ئێمە دەنووسن، لە کاتێکدا وڵاتانی عەرەب و تورک دەبێ پارەیەکی زۆر بدەن تا وتاریان لەسەر بڵاوبکرێتەوە؟ ئەم مەسەلەیەم لەگەڵ زۆر کەسی کوردو بیانیش هێناوەتە گۆڕێ و تاوتوێمان کردووە. دوای وتووێژو تاوتوێکردنی ئەم پرسە ڕاستییەکی سەرەنجڕاکێشم بۆ دەرکەوت!

سێ ڕووداوی زۆر گەورەو کاریگەریی مێژوویی، هەمیشە لە هەستی نادیاری هاووڵاتی ئەوروپی و ڕۆژئاوایی ئامادەن و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لەودیو ناخیانەوە کاریگەریی لەسەر هەڵوێست وەرگرتنییان دەبێت، کاتێک کە ڕووبەڕووی پرسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبنەوە. ڕووداوەکان بریتین لە: پەلاماری موسوڵمانانی عەرەب بۆ سەر ئیسپانیا و داگیرکردنی.

ئەو پەلامارەی کە چی وای نەمابوو بگاتە ناو شاری پاریسیش. ئەو داگیرکردنە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆی بۆ سەر داب و نەریت و ئایینی هاوبەشی ئەوروپییەکان پێکهێناو زۆر لەمەترسی لەناوچوونی نزیک کردنەوە.

ڕووداوی دووەم: هەڵمەتە یەک لەدوای یەکەکانی خاچپەرستانی ئەوروپی بوو بۆ ڕزگارکردنی ئورشەلیمی قودس و شوێنە پیرۆزەکانی تری مەسیحی لە دەست موسڵمانان "سەراسێنان" دوای ئەوەی کە تورکانی سەلجوقی بە ڕێبەرایەتی ئەرسەلان، ئەو گەشتیارە بێ چەکە مەسیحییانەیان کوشت و بۆ سەردانی بێت لەحم و ئورشەلیم بەڕێگاوە بوون. خاڵی وەرچەخانی ئەو پەلامارانە، هەڵمەتی سێیەم بوو کە لە شەڕی بەناوبانگی "حتێن"دا ڕووبەڕووی سەلاحەددینی ئەییوبی بوونەوەو تێکشکان و ئورشەلیمیان لە دەست دەرچوو.

لەهەموو سەرچاوە ئەوروپییەکاندا، سەلاحەددین بە سەرکردەیەکی کوردی جوامێرو لێوەشاوە و مرۆڤدۆست و دڵفراوان و بە بەزەیی و شارەزا لە هونەری دیپلۆماتی ناوی براوە. ئەو برینداره ئەوروپییەکانی تیمار دەکردن و دەیناردنەوە. دیلەکانی ئازاد دەکردن، تەنانەت ئەو لە گەرمەی شەڕدا پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ ڕێچارد شێردڵی پاشای بەریتانییای گەورە دامەزراند، کە زانی نەخۆشە پزیشکی تایبەتی خۆی ناردە سەری. کە لەشەڕیشدا سەرکەوت و چەکدارانی ئەوروپی لە قودس ڕاونا، دووبارە ڕێگای پێدان تا سەردانی شوێنە پیرۆزەکانییان بکەن، تەنانەت ڕێگەشی پێدان تا بنکەو پێگەی خۆیان لە سورو تەرابلس و ئەنتاکیا هەبێت. سەلاحەددین بە شێوەیەکی دیپلۆماتییانە پەیمانی ئاشتی لەگەڵ بەستن تا هەست بە دۆڕاوی نەکەن. هەڵوێستە جوامێرەکانی سەلاحەددین لە شەڕدا دواتر بوون بە بناغەی پرەنسیپە مرۆڤایەتییەکانی شەڕە ئەوروپییەکان تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت شەرم لەخۆیان دەکەنەوە، کە ئەوان لەو شەڕانەدا چەندە نەزان و کەودەن و نا مرۆڤانە بوون و ئەو فەرماندە کوردەی بەرامبەریشیان چەند جوامێر بوو، ڕووداوی سێیەمیش: پەلامارەکانی تورکانی عوسمانی بوو بۆ ناو خودی ئەوروپا، کە بە گرتنی شاری کوستەنتینیە "ئەستەمبوڵ" لە ساڵی دەستی پێکرد، ئەو شارەی کە واتایەکی سومبوڵی ئایینی زۆر گەورەی بۆ ئەوروپا هەبوو، بەوەی کە ناوەندی ئایینی ئەرتەدۆکس بوو لە جیهان. ئەو پێشڕەویەی تورکان لە ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپا ئەوەندە پەرەی سەند تا گەیشتە پاڵ دیوارەکانی شاری ڤیەننا. ئا لەو سەردەمەدا تورکان گەورەترین هەڕەشەیان لەسەر زمان و ئایین و فەرهەنگ بگرە مان و نەمانی ئەوروپیانیش پێکهێنا.

ئەو سێ ڕووداوە گرنگە، لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن و دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بە شێوەی جۆراوجۆر هاووڵاتی ئەوروپی و ڕۆژئاوایی پێ گۆش دەکرێت و هەمیشە لەبیریان ئامادەیە، بە جۆرێک بوونەتە بەشێک لە هەستی نەدیوی تاکی ئەوروپی. کە تاکی ئەوروپی و ڕۆژئاوایی ڕووبەڕووی کوردان دەبێتەوە یان پرسی و کێشەی کوردی دێتەپێش و داوای هەڵوێست لێوەرگرتنی لێ دەکات، ئەوکاتە هاوکێشەکە بۆ ئەو زۆر سادەو ئاسان و ڕوونە: کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژین. لەوێ کێشەیان لەگەڵ عەرەب و تورکان هەیە، عەرەب و تورکیش ئەوانەن، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان زۆری نەمابوو ئەوروپا و فەرهەنگ و داب و نەریتەکەی تەفروتوونا بکەن.

کوردان هاوکات نەوەی سەلاحەددینی ئەییوبین، ئەو دوژمنەی کە جوامێرانە جەنگی و لە چاکە و ستایش بەولاوە هیچی بۆ دوژمنە پەلاماردەرەکانی جێنەهێشتبێت، ئەمە ئەو هاوکێشە سادەیە، کە ئەودیو بیری تاکی ڕۆژئاوایی پێکهێناوە لە پێکهێنانی دیدی تایبەتیدا بۆ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. سەیردەکەین لەمەشدا گیانی نەمری سەلاحەددین هەروەک سوپەری تارمایی لە پێشمانە و فریامان دەکەوێت و دۆستمان بۆ کۆدەکاتەوە.

سەرەنجام

سەلاحەددینی ئەییوبی لە دەرەوەی کوردستان لە دایک بوو، دوور لە وڵاتەکەیشی پێگەیی. بە دەست و بازووی خۆی و لێهاتوویی و لێوەشاوەیی باوکی و مامی توانی هەزاران کیلۆمەتر دوور لە کوردستان فەرمانڕەوایەتییەک دابمەزرێنێ. لە سەردەمێکدا شەپۆلی گەورەو یەک لە دوای یەکی تورکان، باڵیان بەسەر کوردستاندا ڕادەکێشاو لەگەڵ شەپۆلی زووتری عەرەبان لەنگەریان بەیەکتری دەگرتەوە. لە سەردەمێکدا کە ناوچەکە بۆ چرکە ساتێکیش حەسانەوەی نەبوو، هەمیشە لە شەڕ دابوو یاخود لە خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕی داهاتوو. ئەو وەکو فەرمانڕەوایەک لەسەر ئەو ناوچە شەڕاوییە، بووە میراتگری شەڕ. تەنانەت ئەو هەر کوڕی شەڕ بوو، شەڕ ئەوی خەملاندو پێیگەیاند. سەلاحەددین سەرەڕای خەریکبوونی بەردەوامیشی بە شەڕەوە، توانی ئاوڕێک لە زێدو وڵاتی خۆی بداتەوە. دەوری هەمیشە بە میرو مەلای کورد گیرابوو. کوڕو خزمەکانی خۆی ناردنە کوردستان و لەسەر ناجێگیرترین بەشی ئەوکاتی کوردستان کردنی بە فەرمانڕەوا. ئەو ناوچانەی ڕۆژئاوای کوردستان، کە هێشتا ململانێیەکی گەرمییان لەسەر بوو. ئەو کارەی ئەو هاندەرێکی باشی خۆگرتنەوەی کوردان و باڵادەست بوونی ڕەگەزی کورد بوو لەو ناوچانەدا، کە تا ئێستاش بەگشتی وەکو خۆیان ماونەتەوە.

**بەشی دەیەم**

## فوئاد عارف چووە کاروانی نەمرانەوە

ئەو ڕۆڵە کوردەی کوردستانی عێراق، براگەورەو پشت و پەنای هەموو کوردێک بوو، لە چوارپارچەی کوردستان دڵسۆز و نەبەزی ڕێگای کورد و کوردستان بۆ ماڵەکەیان لە بەغدا هەمیشە بارەگای دووەمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو، لە خۆشەویستە هەرە نزیکەکانی بارزانی نەمر بوو، مامی گەورەو خۆشەویستی بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعود بارزانی بوو، کە هەمیشە پرس و رایان لێ وەردەگرت.

ڕابەر و پێکهێنەری بەیانی ١١ی ئازاری شکۆداربوو، لە دۆستە هەرە نزیکەکانی نیشتیمانپەروەرەکانی عێراق بوو، وەک: خوالێخۆشبووان: سەماحەتی موحسین ئەلحەکیم، کامل جادرچی و حوسێن جەمیل و سەدیق شنشل و محەمەد حەدیدو فائیق سامەڕائی و جەنابی هدیب الحاج حموود سەرۆک عەشیرەت و پیاو ماقوڵانی بەسرەو دیوانیەو کەربەلاو نەجەف و ناسریەو بەعقوبەو موسڵ و هەموو ئەوانە لەڕێگای کاک فوئاد زیاتر ئاشنایان پەیداکرد لەگەڵ کوردستان، کاک فوئاد ٣-٤ بوو بە وەزیر و زۆرجاریان لەپێناو بەرژەوەندی کورد ئیستیقالەیدا.

دۆستی نزیکی عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام و ناجی تالیب و عەبدولڕەحمان بەزاز بوو.

یاوەری نزیک و دڵسۆزی مەلیک غازی ڕەحمەتی بوو، خوالێخۆشبوو فوئاد عارف لە ئەستێرە هەرە گەشەکانی ئاسمانی کوردستان بوو، یاریدەدەری هەژار و لێقەوماوان بوو، لە بنبڕکردنی شەڕی براکوژی لە کوردستان ڕۆڵێکی یەکجار گەورەو کاریگەری هەبوو لە ڕۆژانی خانەنشینکردنی بە فرۆشتنی زەوییەکانی ژیانی مام ناوەنجی بەسەر برد، سەرکردایەتی کورد خانوویێکی بۆ دابینکرد، چونکە توانای خانوو کڕینی نەبوو، سەد هەزار سڵاو لەگیانی پاکی کاک فوئاد عارف و سەرەخۆشی لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم لەو کارەساتە گەورەیە، خوا بەبەهەشتی گەورەی شاد بکات و سەبوریش بۆ کەسوکارو کورد و کوردستان.



**سەدساڵ تەمەن تۆزێکە**
**لە مناڵی تا ئەمڕۆکە**
**بۆتۆش تەنها ئێستاکە**
**ماڵئاوایی لە پڕێکا**
**کورد پەروەری و کفنێکە**

**پارێزەر**
**کەمال محێدین**
**هەولێر - ٢٠١٠/٦/٦**

## باهەبێ (٤٣)

سەنگەر زراری

### داشکاندن و بەلاشەکەی فامیلی فەن؟!

برادەرێک لە مەسیفە، کاتێ پێم گوت: بەپێی ئەو ڕێکلامەی لە تەلەفزیۆن بینیومە، ڕۆژی (٦/٥) (فاملی فەن) بۆ منداڵان بەلاشە و پارەی هیچ شتێک وەرناگیرێ، لەسەر قسەی من منداڵەکانی خۆی سواری ئۆتۆمبێلەکەی کرد و بەرەو هەولێر و لەوێش بۆ (فامیلی فەن) بەڕێ کەوت. دەیگوت: یارییەکان گرانن و من لەکاتەکانی دیکە ناتوانم ئارەزووی منداڵەکانم تێر بکەم، بەڵکو ئەگەر بشچم دەبێ پارەیەکی دیاریکراو دابنێم و بەو پارەیەش منداڵەکانم لە هەموو یارییەکان تێر نابن، بۆیە ئەمە فرسەتە.

ئێوارێ تەلەفۆنێکم لەو برادەرەوە بۆ هات و بە تۆنە دەنگێکی جیاواز و نیمچە تووڕەوە قسەی دەکرد.

— کاکە من ئەوە لە فامیلی فەنم.

— دەی باشە.

—ئەو دیعایە چ بوو دەتکرد؟!

— دیعایەی چ؟!

- نەتگوت فامیلی فەن ئەوڕۆ بەلاشە!!

— با.. تەلەفزیۆن گوتی نەک من!!

— وەڵا نە بەلاشە و نە تەڕەماشە... هەموو شتەکان بە پارەن، ئینجا ئەوە باشە من پارەم پێیە، ئێستا لێرە ئافرەتێکم بینی هەزار دیناری پێ بوو، چوار منداڵی خۆی هێنابوو، وای دەزانی دۆدرمەکەی ئێرەش وەکو ئەوەی سەرجادە بە (٢٥٠) دینارە، کە چوار منداڵەکەی برد و پێی گوتن کاکە چوار دۆدرمەم بدێ، پێیان گوت: دادە بڕۆ بیتاقە بێنە، دوای ئەوەش هەر دۆدرمەی بە هەزار دینارە نەک چوار دانە بە هەزار، بەمەش ئافرەتەکە دەستی منداڵەکانی گرت و بەساردی گەڕایەوە.

— ئەی خوا بیانگرێ ئەوە بۆ وایان کردووە؟

- باشە کاکە باشە خواحافیز...

بەبێ ئەوەی چاوەڕێی (بە خێرچی)یەکەی من بکات، برادەرەکەم تەلەفۆنەکەی لەسەرم داخستەوە، وەکو ئەوەی من پارەم لێ وەرگرتبێ. کاکە من چی بکەم؟!

***

هەر لە ڕۆژی بەلاشەکە، برادەرێکی دی، خێزان و منداڵەکانی سواری ئۆتۆمبێل کرد و چوو بۆ فامیلی فەن، لەوێ کە بینی ڕاست نییە و بەلاش نییە، گوتی: باشە دەی ئەوە (٢٥) هەزار دینار دادەنێم و با بۆ ئەو منداڵانە بێت و نەیانگەڕێنمەوە، کەچی (٥٠) هەزار دیناری ڕۆیشت و منداڵەکانیشی بە نابەدڵی گەڕاندەوە، چونکە منداڵەکانی نەیانتوانی بە ئارەزووی خۆیان ئەوەی دەیانویست بیکەن.

بڕیار بوو ڕۆژی ٢٠١٠/٦/١ کە ڕۆژی جیهانی منداڵانی جیهانە، شاری یاری فامیلی فەن بەبۆنەی ئەو ڕۆژەوە داشکاندن بۆ منداڵان بکات و لەسەدا پەنجای ئەو پارەیە وەربگرێت کە بۆ هەر یارییەک، یان چوونە ژوورەوە لەمنداڵان، یان ڕاستتر لە دایک و باوکی منداڵان وەردەگیرێ. کەچی وانەبوو؟!!

بڕیار بوو ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٥ کە دەکاتە چوار ڕۆژ دوای ڕۆژی جیهانی منداڵان شاری یاری فامیلی فەن بکرێتە بەلاش و پارە لە منداڵان یان ڕاستتر لە دایک و باوکی منداڵان وەرنەگیرێ، ئەوەشیان وانەبوو؟!!

بەوەدا کە فامیلی فەن نرخی یارییەکانی گرانن و لەتوانای زۆرینەی خەڵکی ئێمەدا نییە منداڵەکانی زۆر بباتە ئەو شوێنە، بۆیەش هەندێک تائێستاش ئەو شوێنەیان نەبینییوە، خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت کە زۆربەیان خاوەنی کۆمەڵێک منداڵن، ئەو ڕۆژی داشکان و بەلاشەیان بە هەل زانی و دەستی ڕیزە منداڵەکەیان گرت و بردیانن بۆ ئەوێ، کەچی نە (٦/١) داشکاندن هەبوو، نە (٦/٥)یش بەلاش بوو. هەموو ئەوانەشی کە لەو ڕۆژەدا چوون، نەگەڕانەوە و برە پارەیەکیان سەرف کرد کە ڕێژەی خەڵکەکەی زۆر لە ڕۆژانی تر زیاتر بوو، ئەمەش بووە ڕێکلام و پارە پەیداکردنێکی زۆر باش و ڕەنگە چەندبارەی بکەنەوە شوێنی تریش وایکەن.

ئەی کێ لەمە بەرپرسە؟!

# یۆنانییەکان لە ئەربێلا کاری شوێنەواری دەکەن

**تایبەت بە بەدرخان**

بۆ یەکەمجارە لە مێژووی کوردستان و وڵاتی یۆنان زانکۆی ئەسینا، کە زانکۆیەکی ناوداری ئەوروپییەو تەمەنی نزیکەی ٢٠٠ ساڵە، گرێبەستی لێکتێگەیشتن لەگەڵ بەشی شوێنەوار و مێژووی زانکۆی سەلاحەدین مۆر دەکا، بۆ کارکردنی هاوبەش و کارکردن بە شێوەیەکی ئەکادیمی.

"د.نەرمین عەلی "لەلێدوانێکی تایبەت بە بەدرخان دەربارەی ئەو پرۆژە گرنگە گوتی: یەکەم جارە زانکۆی "ئەسینا" لەگەڵ بەشی شوێنەوار و مێژووی زانکۆی سەلاحەدین کاری هاوبەش دەکەن و لەو بارەیەوە گرێبەستێکی لێکگەیشتن مۆراکرا بۆ ئاڵوگۆڕکردنەوەی کادیر و مامۆستا و لێکۆڵینەوە و زەمالەو دابینکردنی کورسی خوێندنی باڵا لەنێوان هەردوو زانکۆکە، هەروەها گردێکی شوێنەواری دەستنیشانکرا لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری کوردستان بۆ دەستپێکردنی هەڵکۆڵین و پشکنین لە هەولێر، کە لایەنی پەیوەندیدار "دەستەی نۆژەنکردنەوەی قەلای هەولێر"، بەڕێز کاک دارا یەعقوبی پێشنیازی کرد بۆ زانکۆی ئەسینا تا بەشداری بکات لە لێکۆڵینەوەی سەردەمی هیلینستی لە قەلای هەولێر و کوردستان و کارکردن بە هاوبەشی لە کنەو پشکنین.

"د. نەرمین عەلی" هەر لە درێژەی لێدوانەکەیدا گوتی: هاوکاری کلتووری و ئاڵوگۆڕکردنی لەنێوان گەلی کورد و گەلی یۆنانی، کە ئەو دوو گەلە پەیوەندی مێژوویی و شارستانی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، کارێکی پڕ بایەخە، هەروەها بڕیارە باڵیۆزخانەی یۆنان لەرێگای راوێژکاری ئابووری و بازرگانی لە کوردستان "نیکۆلاس کۆکاس "لە ریگەی دەستپێشخەری راوێژکاری ئابووری و بازرگانی بە هاوکاری و رێکخستنی "د. نەرمین عەلی" لەگەڵ بەشی پەیوەندییە ئەکادیمییەکانی زانکۆی سەلاحەدین "د. محەمەد عەزیز" و راوێژکاری کۆلیژی ئاداب "د. عەبدولحەمید بەرزنجی" هەردوو بەشی شوێنەوار و مێژوو، چەندین کاری هاوبەش دەکەن.

ئەو تیمەی زانکۆی ئەسینا لەلایەن "د. ئەحمەد دزەیی" سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بە گەرمی پێشوازیان لێکراو سەرۆکی زانکۆ پاڵپشتی تەواوی زانکۆی سەلاحەدینی بۆ ئەنجام گەیاندنی ئەو پرۆژەیە دەربڕی.

دوای ئەو گرێبەستە لێکگەیشتنە بڕیارە گرێبەستێکی گشتی و قووڵتر لە هەموو بوارەکان لەنێوان هەردوو زانکۆکە مۆر بکرێ.

هەر لە میانی ئەو سەردانەیاندا تیمی زانکۆی ئەسینا لەگەڵ باڵیۆزخانەی یۆنان لە کوردستان چاویان بە بەڕێزان وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار "سەمیر عەبدوڵڵا" و نەوزاد هادی پارێزگای هەولێر و ئەبوبەکر عوسمان "مەلا ئاوات" بەڕێوەبەری گشتی شوێنەواری کوردستان لەگەڵ بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێر "حەیدەر حوسێن" کەوت، هەریەک لەو بەڕێزانە بە گەرمی پێشوازیان لێکردن و ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ کارکردنی هاوبەش و پێویستی کوردستان بە تواناو شارەزایی ئەوان لە بواری شوێنەوار و گەشت و گوزاری، وەزیری شارەوانی زۆر زیاتر ئەو هەنگاوەی بەگرنگ و پڕ بایەخ زانی.

ماوە بگوترێ ماوەیەکە بەشی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەدین لە هەوڵ و تەقەلاکانی بەردەوامە بۆ ئەوەی لە گرد و شوێنە شوێنەوارییەکانی کوردستان و کنەو پشکنین ئەنجام بدرێ، کە لەو کارەدا "د. نەرمین عەلی" رۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە، بۆ یەکەمجاریش لەکوردستانی عێراقدا تیمی زانکۆی لیۆن٢ و سۆربۆنی فەرەنسی بەهاوکاری بەشی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەدین کنەو پشکنینیان لەگردی کلک مشک دەستپێکرد، دوای ئەوانیش تیمێکی هۆڵەندی لە گردی ساتوو قەلا کنەو پشکنینیان ئەنجامدا، لە ئێستاشدا بەپێی ئەو گرێبەستە بەشی مێژوو و شوێنەواری زانکۆی ئەسینا لەگەڵ بەشی شوێنەوار و مێژووی زانکۆی سەلاحەدین کاری کنەو پشکنین بە ئەنجام دەگەیەنن، ئەو هەنگاوانەش دەبێتە ریگا خۆشکەرییەک بۆ ئەوەی دەرگای بەشی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەدین بەڕووی تەواوی زانکۆ ئەوروپی و جیهانییەکان بکرێتەوە، تاکو کاری ئەکادیمی و زانستی لە بواری شوێنەوار پەرەی پێ بدرێ و کادیرە کوردەکانیش سوودی لێوەربگرن و شوێنە شوێنەوارییەکانیش بۆ لایەنی گەشتوگوزاری کلتووری بەکاربێ، کە روویەکی گەشی کوردستان نیشان دەدا.

شایانی باسە دوای ئەوەی پارساڵ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە ئەسینای پایتەختی یۆنان شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخانی لە ١٩-٢٠/ ٢٠٠٩/٩ رێکخست. ئەوە یەکەمین تیمی فەرمی یۆنانییە دێنە کوردستان بۆ ئەنجامدانی کاری رۆشنبیری و کلتووری و مێژوویی.


لە راستەوە: کۆکاس، د. ئەحمەد دزەیی و د. کۆمپانیۆس


لە راستەوە: د. کۆمپانیۆس، کۆکاس، د. نەرمین عەلی و دارا یەعقوبی


لە راستەوە: کۆکاس، نەوزاد هادی، د. کۆمپانیۆس و د. نەرمین عەلی

# شوێنەوارناسانی کوردو هۆڵەندا لە کارەساتێکی گەورە رزگاریان دەبێ

**عەلی بانیشاری —هەولێر**

دوای گەڕانەوەیان لە گردی ساتووقەڵاو کۆتایی هاتنی هەڵمەتی هەڵکۆڵینیان دوو تیمی کوردی و هۆڵەندی تووشی رووداوێکی هاتووچۆ بوون.

٢٠١٠/٦/٢ لەسەر رێگای نێوان کۆیە-هەولێر و نزیک بازگەی کەسنەزان دوو ئۆتۆمبیل بەیەکیاندا کێشاو لەئەنجامدا کەسێک گیانی لەدەستدا و٨ کەسی دیکەش برینداربوون، لەو ڕووداوی هاتووچۆیەدا د.مایەر سەرۆکی تیمی زانکۆی لایدنی هۆڵندی و م. دڵشاد عەزیز زاموا سەرۆکی تیمی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەدین و م. کۆزاد محەمەد ئەحمەد ئەندامی تیمی زانکۆی لایدنی هۆڵەندی و هێمن نوعمان و نیاز عەزیز لە بنکەی شوێنەواری کۆیەو دوو پۆلیسی سەر بە قایمقایەتی کۆیە و شۆفێرێک بەسەختی برینداد بوون.

ئەم ڕووداوە دوای ئەوە هات ئەو شوێنەوارناسانە بە دێژایی مانگی ئایار لە گردی ساتوو قەلای سەر بەناحیەی تەق تەق کنەو پشکنینی شوێنەواریان ئەنجام دابوو، لەو مانگەدا چەندین شوێنەواری گرنگیان لە لایەن ئەو شوێنەوارناسانەوە دۆزرابووەوە لەو ڕۆژەدا تەسلیمی مۆزەخانەی شارستانی هەولێر کرا بە پێی ئەو گرێبەستەی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی کرابوو.

لە کنەو پشکنینی شوێنەواری ساتوو قەڵادا شارێکی کۆن و چەندین شوێنەواری گرنگ دۆزانەوە کە بە درێژای ٥٠ ساڵی ڕابردوو کنەو پشکنینی شوێنەواری لەو شێوەیە لەکوردستان نەکراوە، کە مێژووی شاراوەی کۆنی کوردستان دەردەخات.

شایەنی باسە سەرۆکی تیمی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەدین دڵشاد عەزیز زاموا بەبرینداری و بەهاوکاری پۆلیسی هاتووچۆی هەولێر بەدرێژای ٤ کاتژمێر لە شوێنی ڕوداوەکە مانەوە تا شوێنەوارەکانیان تەسلیمی مۆزەخانەی هەولێر کرد، کە زۆرینەی شوێنەوارەکان بەڕزگارکراوی مابوونەوە و لەم ڕوداوەدا زیانیان پێنەگەیشتبوو.

دەزگای بەدرخان هیوای زوو چاکبوونەوەو ساغ و سەلامەتییان بۆ دەخوازێت.


لە راستەوە: د. مایەر، دم. کۆزاد محەمەد ئەحمەدو هێمن پاش بریندابوونیان لە رووداوەکە




م. دڵشاد عەزیز زاموا

# مزگەوتەکەی حاجی جەلیل خەیات


**پارێزەر حوسامەددین سەرداری**

قەڵات و منارەی چۆلی لە شاری هەولێر بە ناسنامەو سلۆگان و لۆگۆی هەولێرییەکان دەژمێررێت و بە موڵکی هەموو هەولێرییەک لەقەلەم دەدرێت، پێویستە هەموو هەولێرییەک سەربڵند بێت بە بەرز راگرتنی ئەم شوێنەوارانە و ئیفتیخاری پێبکات. دەستخۆشیش لە کاربەدەستان و لێپرسراوان بکات، لەو کاتەی هەڵدەستن بە بایەخدان و پاراستن و بەرزڕاگرتنیان. بۆ زانین: کەم گەشتیار هەیە سەردانی پایتەختی هەرێمی کوردستان بکات و وێنەیەک لە نزیک قەلای دێرینی هەولێرو منارەی چۆلی نەگرێت، خۆ گەشتیارو میوانە بیانییەکان بۆ یادگاری سەرەڕای وێنەی فۆتۆگرافی، فلیمی ڤیدیۆیش دەگرن. جێگەی دەستخۆشییە، کە شارەوانی هەولێر ریگەنەدات بە خاوەن موڵکدارە بازرگانییەکان باڵەخانەی فرەنهۆمی (پتر لە ٣-٤ نهۆم) لە دەوروبەری قەلای هەولێر دروست بکەن، تا نەبێتە بەربەست لە شاردنەوەو دیار نەبوونی قەشەنگی قەلاکە بۆ بینەرانی. ئەمەی باسمان کرد وەک شوێنەوارو کەلەپوور بوو، خۆ هەندێک شوێنی گەشتیاری دیکە هەیە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕین دروستکراوە لەوانە پارکی سامی عەبدولڕەحمان و پارکی شانەدەرو پارکی منارە و پارکەکەی بەردەم پارێزگا و ئەوانی دیکەش، کە جێگەی دەستخۆشییە، ئەم شوێنە گەشتیارانەش، شوێنێگی گونجاوە بۆ کات بەسەربردن لەلایەن هەولێرییەکان وگەشتیارەکان.بەڵام هەندێک شوێن هەیە کە هاوڵاتییان دەستییان هەبووە لە دروستکردنی، گرنگی ئەم شوێنانە بۆ شاری هەولێر لە وانی دیکە کەمتر نییە، لەوانەش مزگەوتە ئەندازە جوان و گەورەکەی "حاجی جەلیل خەیات و بنەماڵەکەی "، کە لەسەر شەقامی شەست مەتری دروستیان کردووە، من لە نزیکەوە ئاگادارم خوالێخۆشبوو (حاجی جەلیل) و کوڕەکانی زۆر بە دروستکردنی ماندووبوونە (یەزدانی مەزن پاداشتیان بداتەوە)، ئێستا بۆتە شوێنێکی خواپەرستی و گەشتیاری بۆ خەڵکی کوردستان و دەرەوی کوردستان، ئەوەی مەبەستمە لەم نووسینە و پێم سەیرە، رێگە پێدانی سەرۆکایەتی شارەوانی بە دروستکردنی چەندین باڵەخانەی فرەنهۆمی نزیک ئەم مزگەوتە بە جۆرێک کە رێگر دەبێت لە بینینی جوانی ئەم مزگەوتە و شاردنەوەی جوانی تەلارسازی و هونەری منارەو گومبەتەکانی مزگەوتەکە (هەر وەکو لە وێنەکە دا دیارە)، بۆیە وەکو پێشنیازێک بۆ بەڕێزان پارێزگاری هەولێر و قایمقامی ناوەندی هەولێر و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاو سەرۆکی شارەوانی هەولێر و ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی پێشکەش دەکەم، ئەویش داواکارم لە هەموو ئەم بەڕێزانە، رێگە نەدەن باڵەخانەی فرەنهۆمی لە دەورو بەری ئەم مزگەوتە جوانە ( کە گەورەترین وجوانترین مزگەوتی هەرێمی کوردستانە) دروستبکرێت و ببێتە هۆی شاردنەوەی جوانییەکەی، چونکە مزگەوتەکە تەنیا موڵکی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو حاجی جەلیل نییە، بەڵکو موڵکی خودایەو موڵکی هەموو خەلکی هەولێر و کوردستانە . ئەم پێشنیازەشم تەنیا بۆ خۆشەویستی شاری هەولێرە، لەگەل رێزم بۆ هەموو لایەک و داواکارم لە هەولێرییە بەڕێزەکان راوبۆچوونی خۆیان لەمبارەیەوە دەربڕن بە پشتیگری و پێچەوانەی؟


ئەو باڵەخانەیەی مزگەوتی جەلیل خەیاتی شاردۆتەوە

# یادێک بۆ خوالێخۆشبوو مامۆستا زاهیر هەناری

هۆشیار محەمەد ئەمین کۆیی

**زاهیر هەناری کورد پەروەرو کەسایەتی بواری پەروەردە**

بەڕێزان خانەوادەی مامۆستای خوالێخۆشبوو زاهیر هەناری بەڕێز مامۆستا عەبدولڕەحمان هەناری.. بەڕێز کاک باوەڕ...

**ئامادەبووانی بەڕێز..**

وا دیسان کەسایەتییەکی کوردپەروەری پەروەردەییمان لەدەستدا، پاش خزمەتێکی زۆر لە شارو دێهاتەکانی کوردستان.. بە سەرماو سۆڵ و بەستەڵەکی زستان... بە پیادەو سواری و سەختی ڕێگاو بان.... دۆڵ و شاخت بڕی بۆ خزمەتی منداڵە چاو گەشەکان... مامۆستا زاهیر ئاسوودەبە لەدوا مەنزڵت وا نەوەکانی ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان بە پەروەردەی ڕەسەنی بەڕێزت چەندین ساڵا کەسانی ڕۆشنبیرو بە توانا و خاوەن بڕوانامەی بەرز لە خزمەتی کۆمەڵگای کوردی دان و نەوەی تریان پێگەیاند... کۆڵانەی چوارماڵە لە کۆیە کۆڵانەیەکی داخراوە، بەڵام بۆ کوردایەتی و خزمەتی کۆمەڵگای کوردەواری کراوەیە، هەر لەو کۆڵانەیە جگە لە مامۆستا زاهیر هەریەک لە نووسەرو ئەدیب زەکی ئەحمەد هەناری و کورد پەروەر مامۆستا سابیر ئیسماعیل ژیانییان تێدا بردۆتە سەر.

مامۆستا زاهیر وێستگەکانی ژیان پڕن لەسەروەری، لە ساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ شەش قوتابی کۆیی: عەبدولڕەحمان هەناری برات و کەمال سادق و عەبدوڵڵا ئەحمەدو کەماڵ ڕەشید حەوێزی و کەریم شارەزاو موعتەسیم عەبدولمەجید لە خانەی مامۆستایانی بەغدا لە گەڕەکی "ئەعزەمیە" وەرگیرا.. لە ساڵی ١٩٥٠ یەکەم دامەزراندنی لە ڕانییە بوو، بەڵام زۆری نەخایاند حاکم بایز ئاغای هاوڕێی پێی ڕاگەیاند، کە فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و دەبێ خۆت ڕزگار بکات، بەڵام موخابن کاتی گەڕانەوەی بە ڕێگای سلێمانی لە قەرەهەنجیرە دەستگیر دەکرێ و لە بەندیخانەی هەولێریش بە کۆمەڵێک بەندکراوی هاوڕێی شاد دەبێتەوە، لەوانە کوردپەروەر حسامەدین تەیب ناسراو بە "شەعب"... دوای ئازاد کردنی وەک سزایەکی ئیداری لەگەڵ هەردوو برا بەڕێزەکەی بۆ ماوەی ٣ ساڵ بۆ هەولێر دەگوێزرێتەوە.

قوتابخانەی قادرییە لە شاری کۆیە لە ساڵی ١٩٥٣ لە خانووێکی دوو نهۆمی کرێ، کە خاوەنەکەی خوالێخۆشبوو حاجی جەلال بوو دامەزرا... ساڵی ١٩٥٤ بەندە لە پۆلی دووەمی سەرەتایی بوو ئەو سەردەمە بەڕێوبەرەکەمان مامۆستا زەکی ئەحمەد هەناری بوو... دواتر هەر لە هەمان ساڵ مامۆستایەکی گەنجی ڕێکوپێکمان بۆ هات، جەستەی پڕبوو لە چالاکی، حەزو ئارەزوویێکی زۆری لە کارەکەی هەبوو، ڕووی لەگەڵ قووتابیان خۆشبوو، ئێمەش زیاتر کەوتە ناو دڵمان و لەوانەکانی بێزار نەدەبووین، ئەو مامۆستایەش زاهیر هەناری بوو. لە بواری هونەر.. هونەردۆست بوو.. گۆرانی و سروودی نیشتمانی فێردەکردین، جارێک مامۆستا باکووری هاتە قوتابخانەکەمان، مامۆستا زاهیر یارمەتی زۆری دا بۆ ناساندنی قوتابییە دەنگخۆشەکان.

لەوانەی وەرزش لەبەر ئەوەی گۆڕەپان لەناو قوتابخانەکەمان نەبوو دەیبردینە ناو ڕەزو باخەکانی کۆیە، کە لە قوتابخانەکەمان نزیک بوو، فێری پەڕینەوەی ڕووباری دەکردین، لەسەر شاخەکانی قۆنگر لەدواوەی قوتابخانە بە فانیلەی عەلاگەی سپی و شۆرتی ڕەش یاری سوێدی پێدەکردین.

لە پەنجاکان و شەستەکان ساڵانە لە بەهاران لە کۆیە فیستیڤاڵی وەرزش بۆ هەموو قوتابخانەکانی ناو شارو دەرەوەی کۆیە ئەنجامدەدرا، پێیان دەگووت: "أستعراچ".. ئەو ڕۆژە لە شاری کۆیە زۆربەی بازاڕ و دووکانەکان دادەخران و خەڵکەکە بە ژن و پیاوەوە بۆ سەیرکردن لە گۆڕەپانی یاری ئامادە دەبوون، بۆ ئەم مەبەستە هەمووجارێک مەعاریفی هەولێری ئەو ڕۆژگارە موفەتیشێکی بۆ سەرپەرشتی دەنارد، ئەویش خوالێخۆشبوو "عەزیز مەولوود" بوو، مامۆستا زاهیر توانی ئاستی وەرزشی لە قوتابخانەکە بەرزبکاتەوە، لە یارییەکانی ڕاکردن و یەک لۆقە و سێ لۆقە و پازدان، ئەو قوتابییانەی هەڵدەبژارد کە لە دێهاتەکانەوە بۆ قوتابخانەکەمان دەگوازرانەوە.

ئێستاش لە بیرمە کە مامۆستا زاهیر لە ساڵی ١٩٥٧ لەو فیستیڤاڵە یاری "باڵەخانە"ی پێشکەش کرد، کە لە "١٠"قوتابی پێکهاتبوو، "٥"قوتابی وەک بناغەی باڵەخانە و ٤ی تر لەسەر ئەوان و لەسەرەوەی هەمووان دەبوایە قوتابییەکی کێش سووک بێ، بەڕێزی قوتابی ئەمیر تاهیری هەڵبژارد، ئەویش پارچە شیعرێکی خوێندەوە بە ناوی "وەرن بۆ خوێندن" کەبووە جێی ڕەزامەندی ئامادەبووان و چەپڵەیەکی زۆریان بۆ لێدان.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٧ وەزیری ناوخۆی عێراقی مەلەکی تەشریفی هاتە کۆیە، ئێمە کۆمەڵێک قوتابی پۆلی پێنجەم و شەشەم بووین، جل و بەرگی دێدەوانی "کەشافە"مان لەبەرکردو بەیاوەری خوالێخۆشبووان مامۆستا زاهیرو عەبدولمەجید شێخ نورەدین جەلیزادەی بەڕێوبەرو چەند مامۆستایەک لە نزیک یانەی فەرمانبەران، کە ئەو سەردەمە لە دەرەوەی شاربوو پێشوازیمان لە جەنابی وەزیرکرد، ئێستاش لەبیرمە کە مامۆستا زاهیر ئالای عێراقی مەلەکی بە گەورەترین قوتابی سپارد و لە ڕیزی



خوالێخۆشبوو مامۆستا زاهیر هەناری

پێشەوەشی دانا، ئەویش یادی بەخێر حەمیدی نادری کارەبا بوو.

لە ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هاوڕێی خۆشەویستی کەمال سادق بەشداری لە ڕێپێوانی چین و توێژەکانی کۆیە دەکا بۆ پشتگیری لە شۆڕشی ١٤ی تەمموز.

ساڵی ١٩٦٠ کۆنگرەی دووەمی مامۆستایان لە شەقڵاوە بەسترا "١٥" مامۆستای کۆیی ئەندامی باڵای کۆنگرە بوون، کە لە نێوانییاندا مامۆستا زەکی ئەحمەد هەناری کاکی و هاوڕێی دێرینی سدیق سادق و "٣" کەسایەتی تری کۆیی وەک میوان داوەت کرابوون، کە لە نێوانیاندا هەردوو شاعیر ئەحمەد دڵزارو عوسمان عەونی بەشدار بوون.. مامۆستا زاهیر لەگەڵ هاوڕێیانی: نامیق حەوێزی و کەمال جەمیل و کەمال سادق و حەمید ساڵح و تاهیر سەعید و نامیق عەبدوڵڵا و موعتەسیم عەبدولمەجید خۆیان گەیاندە شەقڵاوە و لە کۆنگرەکە بەشدار بوون و لە پاش کۆنگرەش گەشتێکیان بە هاوینە هەوارەکانی ئەو ناوچەیەدا ئەنجامدا.

لە ساڵی ١٩٦٨ بەدیداری مامۆستا زاهیر شادبوومەوە کە لە شاری سلێمانی سەرقاڵی دابەشکردنی کتێبی "گوڵستان"ی شێخ سەعدی بوو بۆ سەر کتێبخانەکان، کە لە گۆڕینی مامۆستا زەکی ئەحمەد هەناری برای بوو کە لە ساڵی ١٩٦٧ کۆچی دوایی کردبوو.

**ئیتر بەم شێوەیە لە خەبات و خزمەتکردن بەردەوام دەبێ:**

ساڵی ١٩٦٣ گرتن و ئەشکەنجەدان لە ڕەشبگیرییەی تاوانبار تەها شەکرچی.

ساڵی ١٩٧٠ تەواوکردنی زانکۆ بەشی دەروونناسی لە زانکۆی موستەنسریە لە بەغدا.. دواتر دامەزراندنی بەسەرپەرشتیار لە پەروەردەی دهۆک، بەڵام لەبەر گۆڕینی ناوی "عوسمان ئیبن عەففان" بۆ کوردی لە خولێکی زمانی کوردی، لەلای پارێزگار سکالای لێدەکەن و ناچاری دەکەن کە داوای گواستنەوە بکا، ئەویش هەولێر داوادەکا بەڵام لەبەر ئەوەی پێویستیان بە سەرپەرشتیار نابی بۆ پەروەردەی سلێمانی دەگوازرێتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕش دەکاو ڕۆڵی هەبوو لە دامەزراندنی قوتابخانە لە ناوچە ڕزگارکراوەکان.. دوای هەرەس هێنانی شۆڕش بۆ پەروەردەی هەولێر دەگوازرێتەوە، لە ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ کۆمەڵێک سەرپەرشتیاری تر لەبەر واژوونەکردنییان بۆ حزبی بەعس، بەبێ خواستی خۆیان خانەنشین دەکرێن، لە ساڵی ١٩٩١ مامۆستا عەبدولڕەحمان هەناریش بەهەمان شێوە، ئەمەش هەڵوێستێکی بەرزی ئەو بەڕێزانە بوو، کەچی لە دوای ڕاپەڕین مافی ڕەوای خۆیان بۆ نەگەڕاوە، لەوکاتەی کە کەسانی تر هەبوون کە هاوکاری حزبی بەعسی فاشیست بوون پلەو پایەیان بەرزتر کرایەوە، بەڵام هەڵوێستی ئەو سەرپەرشتیارانە هەردەم لە دڵ و دەروونی میللەتدا زیندووە.

مامۆستا زاهیر کە لە هەولێر نیشتەجێ دەبێ زۆرجار هاموشۆی هاوڕێی خۆی عەبدوڵڵا کۆیی "بڕام" لە کەبابخانەکەی دەکا، کە شوێنی کۆبوونەوەی کۆمەڵێک ڕۆشنبیرو هونەرمەند دەبێ، هەندێ جاریش لە ڕۆژانی هەینی بەیاوەری هونەرمەند تاهیر تۆفیق بۆ گەشت و سەیران دەچن.

مامۆستا زاهیر کەسایەتییەکی کراوەو بێ فیز بوو، مرۆڤێکی هەست ناسک بوو، لە دوای ڕاپەڕین لە دوکانەکەم سەردانی دەکردم و بە دیداری شاد بوومەوە.

کە لە کارگەکەی کاک باوەڕی کوڕی گەورەی دەچوومە لای بە زۆری لە شوێنی خۆی دادەنام و کاتی ڕۆیشتن تا دەرەوەی کارگەکە بەڕێی دەکردم.

لەم چەند ساڵەی دوایی زۆرجار لەگەڵ دکتۆر ئەحمەد سابیر کۆیی لە ماڵەوەیان لە گەڕەکی زانیاری سەردانمان دەکرد.

لەبەرئەوەی کەسێکی کۆمەلایەتی بوو حەزو ئارەزووی لە دانیشتن لەگەڵ برادەران و گەشت و سەیران بوو، زۆرجار خۆی داوای دەکرد کە ئەگەر دانیشتنمان هەبێ ئاگاداری بەڕێزی بکەینەوە.

مامۆستا زاهیر دڵسۆز و بە ئەمەک بوو، ئەمە جگە لەوەی کە لەکۆیە ماڵیان نزیک ماڵی باوکم بوو، "کۆڵانەی چوارماڵە و ماڵی ئێمە ئەو سەردەمە لەسەر ئەو گۆڕەپانە بوو، کە ئێستا پێی دەڵێن گۆڕەپانی حاجی قادری کۆیی" لێرە حەزدەکەم ئەو هەڵوێستەی بەڕێزی باسی بکەم:. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ بۆ چارەسەری خوالێخۆشبووی خێزانم دەبوایە بۆ عەممان بچم، چەند ڕۆژێک پێشتر مامۆستا زاهیر پێی ڕاگەیاندم: کە هەرچەند پارەت پێویستە ئەوا ئامادەم بۆت دابین بکەم... بڵێ "ok" بەڕێزی زۆرجار وشەی okی ئینگلیزی بەکار دەهێنا بەمانای ڕازیبوون.

مامۆستا زاهیر مرۆڤێکی ورەبەرز بوو، ڕۆژێک پێش کۆچی دوایی لە بازاڕی هەولێر بەدیداری شاد بوومەوە و بۆ ڕۆژی دواتر ئەو هەواڵە ناخۆشەم پێگەیشت، بەڵام کەس دەسەڵاتی بەسەر مردندا نییە.

یادەوەری و کارەجوانەکانت هەردەم لە دڵ و دەروونمانە و نامرن، بەو چەند دێرەش ئەستەمە هەموو خەسڵەتە جوانەکانت باس بکەم.

لە کۆتاییدا دەڵێم هەزار سڵاو لە گیانی پاکت و هەموو ئەو مامۆستا کوردپەروەرانە، جێگایان بەهەشتی بەرین بێ و ئەم کۆستەش دوا کۆستی بنەماڵەکەیان بێ..

**پەراوێز:** ئەندامانی کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لەشەقڵاوە لەکۆییەکان ساڵی ١٩٦٠

١- محەمەد تۆفیق وردی ٢- ڕەشید کۆیی ٣- تاهیر سادق ٤- محەمەد حەوێز ٥- فائق جەمیل ٦- ناجیە عەبدولڕەحمان شەرەف ٧- سابیر ئیسماعیل ٨- سەدیق سادق ٩- کەریم شارەزا ١٠- عەبدولمەجید نورەدین جەلیزادە ١١- زەکی هەناری ١٢- شەفیق سابیر ١٣- مەجید حەداد ١٤- کەمال عەبدولقادر ١٥- ئەحمەد حەوێز.

**میوانەکانی لە کۆییەکان**

١- ئەحمەد دڵزار ٢- عوسمان عەونی ٣- کەمال محێدین

---



(کارۆس..!)

ئیدریس شەیداهۆ

## دڵداری خۆشە نازەنین، دڵم مەشکێنە

نیلسۆن ماندێلا کە زۆربەی تەمەنی خۆی لەبەندیخانە بەسەر بردو دواتریش زۆر ئازایانە کە هاتە سەر تەخت و گوتی من هیلاکم و تاقەتی بەخێوکردنی وڵاتم نییە، ئیدی وڵاتی بۆ کۆمەڵێک گەنجی دوای خۆی جێهێشت..

کاتی خۆی (لینین)یش هەرەوای کرد، کە نەخۆش کەوت، وڵاتی بۆ کۆمەڵێکی دوای خۆی جێهێشت و وتی بەو مەرجەی وڵات پڕ کەن لەدیموکراسی و ئازادی..

ئاشت بنەوە، چونکە ئەزموونی چەندین ساڵەی شەڕەدۆڕاوەکانمان پێمان دەڵێ ژیان تەنها لەئاشتییەکی سەرتاسەریدایە، ئاشت بنەوە، ژیان پێماندەڵێ بوونمان لەبەیەکەوەبوونماندایە، ئاشت بنەوە ئەو شەڕەی ئەمجارەی ئێوە شەڕی دوو برا نییە، شەڕی خێزانێکە کە ڕۆژگارێک لەسەر یەک سفرە دانیشتوون و یەک نان و ماستتان دەخوارد، ئەمە شەڕی ماڵێکە کەحەوشەو دیوەخانیان تێدا دابەش کرد، ئەمە شەڕی بەر خیوەتێکە کەگوریس و خیوەتیان لەیەک کرد، ئەمە شەڕی بەر مزگەوتێکە کە بەرماڵ و حەدیسیان لێک ترازاندن.

ئاشت بنەوە، وەرنەوە باوەشی ئەو پیرەژنەی کە لەرۆژگاری ئەنفالدا، کە لەرۆژگاری نەهامەتیدا، کە لەرۆژگاری قات و قڕیدا، ساواریان دەخستنە بەردەم و تا تێر خواردن بن و هیممەتتان زیاتر بآ، ئەم شەرە مەکەن بەشەڕە دەنووکی نێو ڕۆژنامەکان.

وەرنەوە باوەشی ئەو ئاشتییەی، کە خەریکە لەغروورپدا غەرق دەبآ، وەرنەوە نێو حەوزی ئەو دیموکراسیەی کەخەریکە وڵاتان غیرەمان لێدەکەن

کەس لەشەڕدا هیچی نەبردەوە دۆڕان نەبآ، کەس لەشەڕدا هیچی نەبردەوە ڕیسوایی نەبآ، وەرنەوە بۆ ئەو باوەشەی کەئێواران لەگەڵا نەرمەبایەکی فێنکدا بەسروودی (ئەی ڕەقیب) چایەکی دەمەو عەسرانمان بەیەکەوە دەخواردەوە، وەرنەوە بۆ ئەرشیفی ئەو پێشمەرگانەی کە لەشەرێکی دەستەو یەخەدا بەسروودی (ئەی شەهیدان) دەگەڕانەوە.

---

# چارەسەرکردنی کێشەی منداڵە سەرگەردانەکان ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە!

کازم عومەر دەباغ

لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لەشارە گەورەکان زۆر بەزەقی هەست بەدیاردەیەکی ناشارستانی دوور لە کۆمەڵگای مەددەنی دەکرێت هەر لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆژ لەئاسۆ تا درەنگی شەو، ئەویش بڵاوبوونەوەی منداڵانە لەسەر شەقام و شۆستەو شوێنە گشتییەکان بەمەبەستی کارکردن بۆدابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانە کەم دەرامەتەکانیان، ئەویش کاری بۆیاغچییەتی و فرۆشتنی بنیشت و کلێنکس و گەڕان لەسەر گوفەک و حاوییەکان بۆ کۆکردنەوەی قوتی بەتاڵی فانتاو بیبسی.

هەموو مرۆڤێک کە لەخوار تەمەنی (١٨) ساڵی بێت بەپێی یاسا بەمنداڵ ئەژمار دەکرێت، یاسا جیهانییەکانی تایبەت بەمافەکانی منداڵان و مافی مرۆڤ ئاماژە بەوە دەکەن، کە نابێت بەهیچ شێوەیەک ڕێگابدرێت کار بەمنداڵان بکرێت بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان، ئەم کارانەی کە منداڵان لێرەو لەوێ ئەنجامی دەدەن بەپێی بۆچوون و لێکدانەوەی شارەزایانی دەروونناسی کاریگەریی نێگەتیڤی دەبێت، کاریگەرییەکەشی ئەوەندە بە هێزو گەورەیە وا دەکات هەست بەکەسایەتی خۆی نەکات و خۆی بەلاواز بزانێت لەبەرانبەرەکەی، بەتایبەتی کاتێک منداڵانی دەوڵەمەندو لێپرسراوان دەبینن، کە بەسواری تازەترین ئۆتومبێل دێن بۆ سەنتەرو شوێنەکانی خولی فێربوونی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر ....هتد.

کەچی ئەو بەم کولەمەرگی و مەینەتیە بەجل و بەرگی شڕ و سکی بەتاڵ خەو دەیباتەوە لەبەر گەرمای خۆر لەسەر شۆستەو پەنا دیوارو پەسیوی خانووە کەلاوەکان تاڕادەیەک جاری وا هەیە بێزاری و ماندوویەتی وا لەم منداڵە سەرگەردانانە دەکات ڕووبەڕووی شەڕو گێچەڵ و تاوانی گەورە ببنەوە، لەڕاست هەموو ئەم دیاردە قێزەونانەش حکومەت بەرپرسی سەرەکییە.

دیاردەی کارکردن بەمنداڵان لەسەر ڕێگاو شوێنە گشتییەکان جگە لەوەی، سیمای جوانی شارو شارۆچکەکانی ناشیرین کردووە دامودەستگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشی لەکەدارکردووە لەبەر دیدەی ڕێکخراوە جیهانییەکان، کە لە کوردستان کاردەکەن زیاتر هەست بەمەترسی و گەورەیی ئەم دیاردەیە دەکرێت، کاتێک ئەم منداڵانە لە ترافیک لایتەکان لە ئۆتۆمبێلەکان دێنە پێشەوە بە زەلیلی و بەدەم پاڕانەوە داوای ئەوە دەکەن، کە بنیشتێک یان کلێنکسێکیان لێبکڕێت .

کەسانێک هەن نەک هەر شتیان لێ ناکڕن، بەڵکو خۆیان لێ توورە دەکەن، سووکایەتیان پێدەکەن، لەبری ئەوەی ئامۆژگاریان بکەن و ڕێ نیشاندەریان بن، ئەوکات ئەم منداڵانە هێندەی دیکە هەستیان بریندار دەبێت و کەسایەتیان دادەبەزێت .

لێرەوە ڕووی پرسیار ئاراستەی ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکانی کوردستان دەکەین و دەڵێین: ئایا ئەوان بەوە ڕازی دەبن منداڵەکانیان لەم بارودۆخە دژوارە سەختە ژیان بگوزەرێنن ؟!! بێگومان لەوەڵامدا دەڵێن نەخێر.

---

# بەیادی جاران

ژمارە ٣



ئەژی عەبدوڵڵا گۆران

**بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە:**

**لە ئەرشیفی: د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور**

ئەم بەڵگەنامەیە تایبەتە بە"ئەژی عەبدوڵڵا گۆران"و نمرەکانی ساڵی خوێندنی ١٩٤٨-١٩٤٩ لە قوتابخانەیەکی هەولێردا.

**ناو:** ئەژی.

**ناوو نازناوی باوکی:** عەبدوڵڵا گۆران.

**پیشەی باوک:** فەرمانبەر.

**شوێنی لەدایکبوونی قوتابی:** هەڵەبجە.

**ڕەگەزنامەی:** کورد سەربە عێراق.

**ئاین و ئاینزای:** موسڵمان.

**مێژووی لەدایکبوونی:** ١٩٣٦.

**دوا قوتابخانەی کە لێی بووە:** ئەربیل ئەلئولا.

**مێژووی وەرگیرانی لەم قوتابخانەیە:** ١٩٤٩/٢/١٩.

**ئەو پۆلەی لێی وەرگیراوە:** پێنجەم.

**مێژووی دابڕانی لەو قوتابخانەیە:** ١٩٤٩/٩/٢٢.

**هۆی دابڕانی لەم قوتابخانەیە:** چووە بۆ سلێمانی، لەبەرئەوەی دایکی بۆ ئەوێ گواستراوەتەوە.



هونەری بەدرخان
Bedirxan

**بڵاوکراوەیەکی هونەریی تایبەتە بە یادی هونەرمەندی گەورەی کورد حەسەن زیرەک لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ**

بەسەرپەرشتی: دکتۆر مەولوود ئیبراهیم حەسەن

**ژمارە ٥١ - ١٤٢، ٢٠١٠/٦/٨ی زایینی**

# ژیانێک .. پڕاو پڕ لە داهێنان .. لێوانلێو لە دەربەدەری!؟



**دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن**

**یەکێ بێ گەوەبێ و بەرەڵڵا بێ وەک منی لێ دێ و زەحمەتە چابێ (زیرەک)**

لە نێوەندی کلتووری و رۆشنبیریی و ئەکادیمییەکانی کوردستان، زۆر کار ماوە بکرێ و ئەوەش کە کراوە، هەرچەندە رێژەیەکی زۆر لاسەنگە لەگەڵ ئەوەی کە نەکراوە، بەڵام ئەوەشی کە کراوە، چ جای ئەوەی کە تەواو نەکراون، ئەوەندەش کە کراون هەموویان پێویستیان بە پێداهاتنەوەو رێکخستنەوەو تەواوکردن هەیە. لەنێو هەموو کارەکاندا، ئەگەر تەنیا باسی کەسایەتییە ناودارەکان بکەین و لەنێو ناودارانیش بە تەنیا "هونەرمەند!؟"ە گۆرانیبێژەکان دەستنیشان بکەین و قسە لەسەر ئەوان بکەین، ئەوا لە سەرەتاوە دەبێ دان بەو راستییەدا بنێین، کە ئێمە هونەرمەندە گۆرانیبێژەکانی خۆمان ناناسین، ئەوەی کە دەیزانین هەر تەنیا ئەوانە دەناسین، کە بەخت و تەمەنیان بەوە راگەیشت "دەنگ-هونەر- گۆرانی"یان تۆماربکرێ و ئێمەش هەر تەنیا "ناو+دەنگ"یان دەناسین و شتێکی ئەوتۆ کە شیاوی ئەوەبێ و رووی ئەوەی هەبێ هونەرمەندانی خۆمانی پێ بەدنیاو میللەتانی تر بناسێنین، لەبەردەست نییە! ئەوە باسی "مێژووی هونەری گۆرانی کوردی" هەرمەکە، لەگەڵ یەک دنیا رێزو قەدر زانیم بۆ هەموو ئەو نووسەر و دڵسۆزانەی کە لە بارەی کەسانی هونەرمەند و مێژووی هونەری کوردی کەم و زۆر کاریان کردووە، ئێمە ئێستاش مێژووی هونەری خۆمان، هەر لە پەنای مێژووی هونەرمەندەکانەوە دەزانین، ئەوەش کە لەبارەی مێژووی کەسە هونەرمەندەکانەوە دەیزانین، ناسینێکی هەژارانەیەو جگە لەوەی ناتوانێ جێگای مێژووی هونەری سەردەمەکەمان بۆ بگێڕێتەوە، بۆ ناسینی کەسی هونەرمەندەکەش، ئەوەی کە نووسراوە هێشتا هەر سەرەتایە. مێژووی هونەری "گۆرانی" ئێمە لە کەیەوە دەست پێدەکات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستمان بەچەندین بەرگ و وەڵام هەیە، جارێ با لەو مێژووە گەڕێین و بپرسین، ئێمە چی لە بارەی هونەرمەندە ناودارەکانمان.. سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، محەمەد عارفی جزیری، حەسەنی جزیری، مریەم خان، عەزیز ئاغای عەلی مەردان، رەسول گەردی، نەسرین شێروانی، ئەسمەر و نازدار فەرهاد، خودادادی عەلی، یار محەمەدی، رەشۆڵ، سێوە، عیسا بەرواری، محەمەدی ماملێ، قادر کابان و تەحسین تەهاو فوئاد ئەحمەد و شەماڵ سائیب و گوڵبەهار و ئارام تیگران و مشکۆو حەیدەرە کەچەڵ و حەسەن جەیران و قادر زیرەک و ئەیاز زاخۆیی و قادر دیلان... و دەیان و سەدان ناوی ناوداری تر، کە جگە لە دەنگ و ناوەکانیان شتێکی وا لە بارەی ژیانی تایبەت و هونەرییان نازانین، کە ئەو زانیارییانە شیاوی ئەوەبێ وەربگێردرێتە سەر زمانێکی تر و هونەرمەندەکەو هونەری میللەتی کوردی پێ بناسرێ، دەیان بەستەبێژ و حەیرانبێژ و هۆرەچڕ و لاوکبێژ و بەیتبێژ و شمشاڵژەن و دەفژەن و دەهۆڵژەن و زورناژەن و نایژەن و تەمبوورژەن و چی و چی و کێ و کێی تر، کە هەریەک لەمانە لە رۆژگاری خۆیانداو لەجێگای خۆیاندا "دەنگی ژیان" بوون، ئێستا هەندێک لەو هونەرمەندانە ئەوەندە زانیاریمان لەبارەیانەوە نییە، کە پێناسەیەکیان بۆ پڕ بکەینەوە.

ئێستاکە ئێمە لە سەروبەندی یادی رۆژی مردنی هونەرمەندی گەورەو ناوداری کورد "ئەمر حەسەن زیرەک"ین، من دەمەوێ ئەمساڵ لەم یادە "چەپکێک گوڵ" گوڵی وشە بخەینە سەر گۆڕی ئەو هونەرمەندە گەورەو مەزنە، دیارە ئەوەی ئێستا ئێمە دەیکەین، "بەداخەوە" ئەمەش لێکۆڵینەوەو کارکردنێکی شیاو و بە بەرنامە نییە، من زۆر دەمێکە بەدڵ حەزم دەکرد فرسەتم بۆ هەڵکەوێ و چەند ساڵێک بۆ هونەر و ژیانی ئەم هونەرمەندە "دەربەدەر"ە تەرخان بکەم و بەتوانای بێ توانایی خۆم مۆمێک لەسەر گۆڕەکەی داگیرسێنم، بەڵام ژیان و ئەرکی ناخۆشی ئەو "حەز"ەی منی زۆر دواخست و وەکو دەریش دەکەوێ هەتا دەبێ ئەرکم گرانتر دەبێ و کاتم کەمتر و مەرگم نزیکتر!! لەنێوان ترسی مەرگ و حەزی کارکردندا، چارم نەبوو، دەبوو دەستەو دامێنی کەسانی تر ببم، باباتاهیری لوڕی هەمەدانی لەمێژە فەرموویەتی": من کە بۆم ناکرێ بێم تۆ ببینم، وا چاکە بچم ئەوانە ببینم کە بۆیان دەکرێ تۆ ببینن".

منیش کە بۆم نەکرا، کارێک بۆ زیرەک بکەم شیاوی خوێندنەوە بێت، واچاکە کاری کەسانێک بخوێنمەوە، کە بەراستی شیاوی خوێندنەوەیە، حەسەن زیرەک لەنێو هونەرمەندانی کورد، ئەو گۆتە بەنرخەی بەردەکەوێ، کە لەنێوەندی ئەدەبیدا عەرەبەکان بە "موتەنەب" شاعیریان داوە، گوتەکە دەڵێ:" موتەنەبی، دنیای لەخۆی پڕکردووەو خەڵکیشی بەخۆوە خەریک کردووە". بەراستی لەنێوەندی هونەری گۆرانی کوردیدا، زیرەکیش رێک و راست ئەوەی کردووە، زیرەک زۆری لەسەر نووسراوەو ئەو کتێبانەشی کە لەبارەی هونەر و گۆرانییەکانی ئەو نووسراون، کەم نین، بەڵام بەڕای من و لای من، لەگەڵ رێزم بۆ هەموو ئەو بەرێزانەی کتێبێک تا دەگاتە وشەیەک- یان لەبارەی زیرەک و هونەرەکەیەوە نووسیوە، جێگای رێزن و بەنرخن، بەڵام گوتم بەڕای من دوو کتێب لەریزی پێشەوەی هەموو کتێبەکانن، یەکیان "چریکەی کوردستان"ە کە زیرەک و میدیای زەندی لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردوو چاپیان کردووەو بڵاویان کردووتەوە. دووەمیان ئەو دوو بەرگەیە کە برادەر و هاوڕێی حەسەن زیرەک "میرزا کەریم خۆشناو" لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو نووسیویەتی و بڵاوی کردووتەوە.

کتێبی "چریکەی کوردستان" لە ژیانی هونەرمەند حەسەن زیرەک دەتوانین بە بەرهەمی سەردەمی زێڕینی ژیانی زیرەک ناوببەین، چونکە لەو رۆژگارەداو لەگەڵ خاتوو میدیای زەندی پێکەوە دەژین و زیرەک لەو ساڵانەدا وەک هەر کەسێکی ئاسایی ماڵێکی گەرمی هەبوو ئێواران بۆی دەگەڕایەوەو شەو تێیدا دەحەسایەوەو بەیانیان لەوێوە دەچووە سەرکار، چریکەی کوردستان بەرهەمی گوتنی زیرەکەو نووسینەوەی میدیای زەندی و باسی ژیانی زیرەک دەکات، هەڵبەت لەسەرزاری زیرەک خۆی و بە شیعری خۆی و لە منداڵییەوەو تا ساڵی ١٩٥٨ کە زیرەک عێراق بەجێدێڵێ و دەگەڕێتەوە ئێران، چریکەی کوردستان خوێندنەوەیەکی وردو پشوودرێژانەی دەوێ.

میرزا کەریم خۆشناو کەسێکە لە ساڵانی دوایی و پێش کۆچی حەسەن زیرەک لەگەڵ زیرەک ژیاوەو زۆریش لێک نزیک و تێکەڵ بووینە، بۆیە میرزا کەریم زۆر شارەزای ژیانی زیرەک بووەو زیرەکیش زۆر بە بڕواپێکردنەوە زۆرجار گرێی دڵی خۆی بۆ میرزا کەریم کردووتەوەو نهێنی و بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕاوەتەوە، ئەو تێکەڵی و بڕواپێککردنە، لەنێوان زیرەک و میرزا کەریم بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم کتێبە دوو بەرگیەی میرزا کەریم زۆر زۆر دەوڵەمەند و یەکجار گرنگ بێت، کە لەم دوو بەرگەدا دەتوانین لە سەرچاوەیەکی بڕوا پێکراوەوە شارەزای زۆر لایەنی ژیان و هونەری زیرەک ببینن، کە لە کتێبەکانی تر و نووسینەکانی تر دەستمان ناکەوێ، هەتا کتێبی "چریکەی کوردستان" کە زیرەک و میدیای خێزان پێکەوە چاپیان کردووە، میرزا کەریم باسی ساڵانی پێش مردنی زیرەک دەکات.

ژیان و هونەری زیرەک، ژیان و هونەرێکە هەڵدەگرێ زۆر لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی و ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئاستی ماستەر و دکتۆرادا لەسەر بنووسرێ، زیرەک کەسێکی ئاسایی نەبوو، زیرەک... زیرەک بوو.

زیرەک لە هەموو ژیانی خۆیدا، هونەری کوردی بەدوای خۆیدا راکێشاو ئەم هونەر و هونەرراکێشانەی زیرەک دەیان هونەرمەندی گۆرانیبێژ ە مۆسیقاژەن و چەندان تیپ و دستەی هونەری لێکەوتەوەو بەردەوامیش لێی دەکەوێتەوە، زیرەک هەر تەنیا نەبووە سەرمەشقی گۆرانیبێژ و هونەرمەندان، بەڵکە بووە هۆی دڵگەرمکردنی دەیان نووسەر و لەوەش زیاتر ئەوەتە زیرەک دەبێتە هۆی دروستبوونی نووسەرێک، بەناوی "میرزا کەریم خۆشناو" کە ئەوەندەی من ئاگادار بم میرزا کەریم پێش ئەم کتێبە دووبەرگییە، هیچ نووسینێکی تری نییە، میرزا کەریم لە گەرمەی نووسینەکەیدا دان بەم راستیەدا دەنێ و دەڵێ": جا ئەم پەڕاوەم بە شێوەیەکی سادەو ساکار و خۆماڵی خستووتە سەر کاغەز، نەک وەک ئەدیبێک یان نووسەرێکی پیشەیی".

جگە لەوەش کە میرزا کەریم بەهۆی خۆشەویستی و گێڕانەوەی بەشێک لە ژیانی زیرەک بووە بەنووسەر، ئەوا هەر لەم گێڕانەوەیە بەشێک لە یادەوەری و ژیانی خۆشی تۆمارکردووە و تۆمارکردنێک لەگەڵ گەورەترین و ناودارترین هونەرمەندی کورد "حەسەن زیرەک" کە دیارە، ئەگەر زیرەک نەبووایە زەحمەت بوو میرزا کەریم ژیانی خۆی ئاوا بگێڕێتەوە، خۆ ئەگەر ژیانی خۆشی گێڕابووایەوە، ئەوا بێ شک، ئەو رەواجەی نەدەبوو، کە ئێستا هەیەتی، لەگەڵ رێزی زۆرمان بۆ خوالێخۆشبوو میرزا کەریم، لە لایەکی ترەوە میللەتی کورد دەبێ، زۆر سوپاسی میرزا کەریم بکات، لەبەر دوو هۆ: یەکەم: وەک دواجار لەم دوو بەرگەدا دەیخوێنینەوە، میرزا کەریم تا بۆی کراوەو لە دەستی هاتووە یارمەتی زیرەکی داوەو خزمەتی کردووە لە رۆژگارێکدا کە زیرەک بێکەس و بێدەر بووە. دووەم: زۆر راستگۆیانە ئەوەی لە زیرەکی بینیوەو بیستووە نووسیویەتی. جا بەراستی شتی چاک و بەنرخی لەبارەی زیرەکەوە بۆ تۆمار کردووین، کە تا ئێستا کەس بەم شێوەیە راستەوخۆ و لە نزیکەوە باسی زیرەکی بۆ نەکردووین، بۆیە لە دڵەوە دەڵێم: خۆزگە هەموو هونەرمەندێکی رەسەنی کورد، برادەرێکی وەکو میرزا کەریمی دەبوو، خۆ ئەگەر وابووایە ئێستا ئێمە بۆ ناسینی هونەرمەندەکانی خۆمان لە جێگایەکی تر دەبووین. ئێستا با ئەو پێشەکییە کورتە بخوێنینەوە کە خوالێخۆشبوو میرزا کەریم بۆ کتێبی "حەسەن زیرەک و هەندێک لە بەسەرهاتەکانی" نووسیوە، با بزانین چۆن دەست پێدەکات.

**پێشەکی**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان خوێندەوارانی بەڕێز و خۆشەویست ئەویندارانی دەنگە بەسۆزەکەی هونەرمەندی ناودار و خۆرسک "حەسەن زیرەک"ی خوالێخۆشبوو.**

شەیدایانی بیستنی دەنگوباس و بەسەرهاتەکانی ئەو هونەرمەندە.. وا ئەم کورتە باسە کە بریتییە لە دوو بەش، دەربارەی ژیان و بەسەرهاتەکانی ئەخەمە بەردەستی ئێوەی بەڕێز، بۆ ئەوەی کە تەنها لەبەر دەنگە خۆشەکەی و هۆنراوە تەڕ و دڵ گیرەکانی و ئاوازە بە سۆزەکانی کە بووەتە وێردی سەر زمانی هەموو کوردێک و بە تایبەت گۆرانیبێژەکانی ئەم سەردەمە نەناسرێت، بەڵکو ئەم هونەرمەندە پتر لە هونەرەکەشی



هونەرمەندی گەورەی کورد حەسەن زیرەک



میرزا کەریم خۆشناو






حەسەن زیرەک

بەسـەرهاتەکانی بۆ ئەوە دەشـێ پەراوێکـی جوانـی لـێ دروسـت بکرێـت هـەر بەسـەرهاتێکی ئەم مرۆڤـە سـەرنجی خوێندەوارانـی بەڕێز رادەکێشێ.
جا کەواتە ئامانجمان لە نووسینی ئەم نامیلکەیە ئاشکرایە خزمەتکردن بە هونەر و هونەرمەندان و ئەدیبان و هونەردۆستانی کوردە.
لە جێگایان کە هونەرمەندێک دەمرێ لە ئێسـتگەو رادیـۆو تەلەفزیۆن و رۆژنامـەو گۆڤارەکان بـەدوور و درێژی باسی دەکرێت.
مێژووی لەدایکبوونی و تا لەجیهان دەرچوونـی دەنووسـنەوەو هیچ بەسەرهاتێکی پشتگوێ ناخەن.
لەگـەڵ ئەوەشـدا لەگـەڵ ڕێزم بۆ هەموویـان لەم سـەردەمەدا هیچ هونەرمەندێـک نەگەیوەتـە پایەی حەسـەن زیرەک.
وا ئێمەش هەندێک لەو راسـتیەی بەسـەرهاتە سەرسوڕهێنەرەکانی خوالێخۆشبوو دەخەینە بەرچاوی بەڕێزتـان بەهۆی ئـەم نامیلکەوە کە بریتییە لە دووبـەش، ئەوەیان بەشی یەکەمیەتی.
هەڵبـەت منیـش شـارەزاییەکی زۆرم هەیـە لـە ژیانی زیرەکـی نەمـر، هەروەهـاش زۆربـەی بەسـەرهاتەکانی کـە لێـرەدا نووسـیومەتەوە لەزمانـی خۆیـم بیسـتووە، یان خۆم لەگەڵیدا بووم لەو رۆژەوەی ناوبراوم ناسـیوە تا کۆچـی دوایی، کە خۆم لەسـەری بووم نووسیومەتەوە بۆ ئەوەی لە راستی دەرنەچێ.
جـا ئەم پەڕاوەیەم بە شـێوەیەکی سادەو ساکار و خۆماڵی خستۆتە سـەر کاغەز، نـەک وەک ئەدیبێک یان نووسـەرێکی پیشەیی، بەڵکو بەپێـی توانـا بەسـەرهاتەکانی ئـەم هونەرمەندە خۆشەویسـتەم خسـتۆتە بەرچاوی خوێندەوارانی بەڕێزو خۆشەویست.
لەبەرئـەوەی لـە چەنـد پەڕاوێکدا چـاوم کەوتـووە بـە هەڵبەسـتی گۆرانیەکانی حەسەن زیرەک بۆیە بەپێویسـتم نەزانی دووبارەو سێ بارەی بکەمەوە.
ناوی هەنـدێ مرۆڤیشـم گۆڕیوە لەهەنـدێ جێـگا بـۆ پاراسـتنی ناوبانگـی بنەماڵەکـە، جـا تکا لە خوێندەوارانی خۆشەویست دەکەم لـە کەموکوڕییەکانـم چاوپۆشـی بفەرموون، ئیتر زۆر سوپاس.
جا پـاش ئـەم پێشـەکییە کورتە، میـرزا کەریـم دیسـان بەکورتی "حەسەن زیرەک"مان پێ دەناسێنێ، هەرچەنـدە زیـرەک لـە "چریکەی کوردسـتان" زۆر بەجوانـی و بـە شـیعر بەزاری خۆی، خۆیمان پێ دەناسێنێ، بەڵام گواستنەوەی ئەم پێ ناساندنەش بەگرنگ دەزانین و لەهەندێک رووەوە زانیاری تازەی تێدایە.

**حەسەن زیرەک کێیە؟**

حەسەن زیرەک کوڕی "عەبدوڵلایە، حەسەن نازناوی زیرەکە، حەسەن دوو براوخوشـکێکی هەیـە، برای گەورەی ناوی "محەمەدئەمین"ە کە بە مینە ناسراوە برایەکەی دیکەی لەخۆی بچووکترە و ناوی حوسێنە، خوشـکەکەی ناوی سارایە، دایکی نـاوی ئامینەیـە، لە سـاڵی ١٩٢١ لەدایک بووە.
بەداخەوە لەدەسـتم چوو لەخۆیم نەپرسی لەکام جێگا لەدایک بووە، خـۆم دەمزانی لە "شەهرسـتان"ی بۆکان یـان دێهاتی بـۆکان، بەڵام لـەکام دێ و نـاوی دێیەکە چییە؟ نەمزانـی تـا پـاش کۆچـی دوایی زیـرەک چـاوم بـە ناسـیاوێکم کەوت خەڵکی دێهاتـی لای بۆکان بوو دانیشـتووی شـاری "بانە"یە لێم پرسـی ئایە دەزانی حەسـەن زیـرەک لەکـوێ لەدایـک بـووە؟ گوتی: کاکە وەکو دەزانی (باوکی) حەسەن ناوی (مام عەبدوڵلا) بوو زۆر ژیـرو زیرەک بـوو "واقیعەن" بەزیرەکی خـۆی توانیبووی لەناو دڵی "خانان" جێـگای کردبووەوە، مام عەبدوڵلا کاتی خۆی لای خانان کە برا گـەورەی حاجی ئەمیرخان کورانی حاجی پاشاخان، سەرکاری دێهاتەکانـی بـوو، کـە خۆشـی نیشتەجێی دێی "مەرخۆز" بوو، لە ناوچەی "مۆکوریان" سەرپەرشتی دێهاتـی "مەرخـۆز" و "ئاخ کەندی" و "یـازی بلاخـی" و "هەرمێلـە"ی دەکرد.
لەبەرئەوەی ئـەم دێهاتانە لەکاتی خۆیدا پەیوەندی بە شاری بۆکانەوە بـووەو مەرخۆزیـش دڵگیرتـر بووە لـە دێهاتەکانی تر بەلای مام عەبدوڵلاوە، بۆیە نیشـتەجێی ئەم دێیـە بووە جا کـە دەڵێن "زیرەک" لەبۆکان لەدایک بووە راست دەکەن وابزانم هەردێی "مەرخۆز" کە سەر بەشهرسـتانی بۆکانەوەیە لەدایک بووەو پاش مردنی باوکی چوونەتە شاری ناوبراو.
ئەم قسـەیەش هی ناسیاوێکمە کە ناوی کاک "عزەت شـوکری"یە، تا راددەیەک ئاگاداری و شـارەزایی هەبوو لە ژیانی زیرەک.
حەسـەن زیـرەک ٣٦ ژنی هێناوە لـە فـارس و کـورد و عەجەم. بە گوفتەی خۆی کە من لەدەمی خۆیم بیستووەو زۆربەی ئەو ژنانەشی بە شێوەی سیغە(١) مارەکردووەو تا ئێستاش لە ئێران لە عەجەموستان ئەو شێوە مارەکردنە کە "سیغە"ی پـێ دەگوتـرێ بـاوەو زۆریـش هەرمێنی هەیە.
بەڵام خۆشەویستترین ژنی ناوبراو "زێنـێ" بووە، چەند جار لای من باسـی کردووەو ئێسـتاش دەنگی خۆیـم هەیـە لەسـەر شـریتێکی تایبەتـی کە لە ماڵـی ئێمەو بۆمن تۆمار کـراوەو دەڵێ: ئەگەر مردم یان ئازاری سیلم گرت ئەوە بزانن لەتاوی "زێنێیە" هەروەک من ئەوم خـۆش دەوێ، ئەویش زۆرتر منی خۆشدەوێ.
زیـرەک لـەو هەمـوو ژنانـەی هێناویەتی تەنها دوو کچی هەبووە ئەویـش لە "میدیـا"ی زەندیە کچە گەورەکەی ناوی "ئارەزوو"ە کچی بچووکیشـی ناوی "سـاکار"ەو لە کۆتایـی سـاڵی ١٩٥٨ "میدیـا"ی هێنـاوە کـە لە ئێسـتگەی رادیۆی تاران پێکەوە ئیشیان کردووە.
لە ئێستگەی رادیۆی "کرمانشاە"ش هەر پێکەوە هاوکار بوون.
میدیا خانم لە بنەماڵەی زەندی یەو زۆر بەڕێزن و خەڵکی کرمانشاهن، نیشـتەجێی تاران ئـەو زۆر ڕێزی تایبەتی لای زیرەک هەبووە.
ژنی دوایی لە سەرەتا ساڵی ١٩٦٨ لە سـەقز بەناوی "رابیعەخانم" کە خۆی "رابـە"ی پێدەگـوت هێناوە، بەراسـتی ژنێکی ۆزر بەوەفاو ژیر و ئـازا بـوو، "رابیعە"خانم خەڵکی شاری "سەقز" کە دەکەوێتە نێوان شـاری بانەو بـۆکان، کە زۆربەی ڕێگاکانی بەسـەرەوەیە. حەسەن زیـرەک لـە سـاڵی ١٩٥٣ چـووە ئێستگەی رادیۆی کوردی لە عێراق بە یارمەتی "عادل عیرفان".
کاک نەشـئەت عەبدولرەحمـان و کاک حەمـەی دەروێـش کەریم و هاوڕێیەکەی قوتابی ئێسک سووک کـە نـاوی (......)* ئـەو سـاڵە لە "هوتێل شمیال ئەلکەبیر" دەخەوت، زیرەکیش لەوێ ئیشی دەکرد.
لە ئێسـتگە دایانمەزراند مانگی بە شـەش دینـار، واتە مانگـی چوار بەرنامەی هەبوو. یەکەم گۆرانیشی لە ئێسـتگە "ئەسـمەر یارم جوانە" بوو.
لە ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ گەڕایەوە ئێران، لە ١٩٧٢/٦/٢٦ کۆچی دوایی کرد لە شاری بۆکان لەلای خوشک و براکانی لە تەمەنی ٥١ساڵیدا.
میـرزا کەریـم وەک خۆی باسـی دەکات بەهۆی باری سیاسـی ئەو سـەردەمە ئاوارەی ئێـران دەبێت و لـەوێ بـە کاسـبییەوە خەریک دەبێـت، بـەڵام وەک هاوڵاتیەکـی کـورد و گەنجێـک بەهـۆی دەنگە خۆشـەکەی زیـرەک حـەزدەکات لەنزیکەوە زیرەک بناسێ، با بزانین میرزا کەریم چۆن ئەو هونەرمەندە مەزنەی دیوەو ناسیوە.

*** چۆن زیرەکم ناسی**

لە سـاڵی ١٩٦٦ بەهۆی زروفێکی نالەبارو ناخۆش زۆر بەپەرۆشەوە وڵاتـە شـیرینەکەی خۆمـم بەجێهێشـت و رووم کـردە ئێران بەخاوخێزانەوە.
لێرەدا باسی چۆنیەتی چوونە ئێران و هۆیەکانی جێدەهێڵم و راستەوخۆ دەچمـە نـاو باسـە شـیرینەکەی مرۆڤێـک کـە هونەرمەندێکـی بەناوبانگـی کوردەو توانی جێگای خـۆی لەنـاو دڵـی کوردەواریـدا بکاتەوە. بەدەنگە خۆشەکەی خۆی و هەڵبەستە دڵگیرەکانی، دەشتوانم بڵێـم کە جیاوازی هەبـوو لەگەڵ گۆرانیبێژەکانـی تـر، بـەڵام زۆر بەداخەوە زوو ئێمەی جێهێشت.
یـادگاری زۆر شـیرین و دڵگیـرو فراوانیشـی بـۆ هاوزمانانـی جێهێشـتووە، بەتایبـەت ئەوانەی لێیـەوە نزیک بوون، منیش یەکێک بووم لە نزیکەکانی ئەو، ماوەیەکی زۆریش پێکەوە بووین و هەرچەند زۆرجار بیر لە رۆژانی رابردوومان دەکەمـەوە کـە چەنـد خۆشـمان رابواردبوو، ئەکەومـە دەریایەکی قوڵـی خەیاڵاتـی سـەردەمێک کە لەگەڵ ئەم هونەرمەندە بەناوبانگە یەکترمان ناسی، چاک لەبیرمە زۆر هەوڵمدا بـۆ چاوپێکەوتنی زیرەک ۆزرم حـەز دەکـرد لـە نزیکـەوە بیدوێنم.
پرسـیارم دەکرد لە کەسـانێک کە لە زیرەکـەوە نزیک بوون، ئەموت ئەرێ نازانن کاک حەسەن زیرەک لەکام ناوچەیە؟ یـان ئەموت کەی دێتەوە ئەم ناوچەیە؟
رۆژێک گەیشـتمە "سەقز" هەڵبەت هاوڕێـی چـاک و خۆشەویسـتم هەبـوو لەوێـدا و دەیانزانـی کـە هیوام دیدەنی "حەسـەن زیرەک"ە، هاوڕێیەکـەم بانگی کـردم بـە پێکەنینەوە دەهات بۆ لام و گوتی: ماندوو نەبی.
وتم: خۆشبی کاکە.
وتی: ئەگەر موژدەیەکی خۆشـت بدەمێ چیم بۆ ئەکرێ؟
منیش گوتم: کاکە با بزانم موژدەکە تا چ پلەیەک ئەرزشـی هەیە بەپێی ئەرزشـی موژدەکـەت لەگەڵـی هەڵدەستم.
وتی: باوەڕم پێ دەکەی ئەگەر بڵێم خەبەری حەسەن زیرەکم پێیە؟
منیش وتم: ئەگەر تۆ راسـتیەکەی خەبەری زیرەکت لابێ، مزگێنیەکەت شتێکی چاکت بۆ دەکرم، دەی بڵێ بزانم چۆنت ئاگا بە زیرەک هەیە.
هاوڕێیەکەم وتی: کاکە، حەسـەن زییـرەک لێرەیە ئەتوانم نیشـانت بدەم و هەندێکیش لای دابنیشین.
منیش بەڕاستی زۆرم پێ خۆشبوو کە ئاواتـم دەهاتـەدی و چاوم بە ناوبراو دەکەوێ.
وتم: دەبا بڕۆیـن بزانم زیرەک لە کوێیە؟
وتی: نەخێر کاکـە زۆر هەڵەی، لە پێشا موژدانەکەم بەرێ جا لەدواییدا ئەوت نیشان دەدەم، موژدانەکەشم نانی نیوەڕۆ لە مسـافرخانەی سێ سـتارە، دەخۆین و تـۆش پارەکی بدە.
وتم: جا کەی مسـافرخانەی سـێ ستارە چێشتی تیایە؟ تەنها جێگای نووستنە، بەیانیانیش لەوانەیە نان و پەنیـر و چای هەبـێ، بەڵام من نەمبیستووە چێشتی هەبێ.
وتـی: باوکم هەرچـی بوویان من رازیم.
وتم: باشە بەسەرچاو با بڕۆین.
سوار ماشێن بووین و لەبەردەمی مسافرخانەی سێ ستارە دابەزین، مسـافرخانەی سـێ سـتارە دوو نهۆمە، نهۆمی خـوارووی دوکانی هەمەجـۆرە بـوون سەرەوەشـی مسـافرخانەکەیە، بەپلیکانـە سـەرکەوتین سـەرم سـوڕما کە دیـم ئـەم هەمـوو هاتووچۆیـەی بەسەرەوە بوو، ئێستا ئێرە هەندە هەرمێنی نەبوو.
گەیشـتینە سـەرەوە هـەر بـە سەرسـامی هۆڵی سـێ سـتارەم ئەکرد کە کورسی و مێزی رازاوەو چێشـتخانەیەکی زۆر پاک و رێک و پێـک و چێشـتی بۆنخـۆش و شاگردی زۆرخاوێن هەریەک بەر هەڵبێنەیەکـی سـپی و تەمیزیـان لەخۆبەسـتوو بە جوانترین شێوە پێشوازیان لە خەڵک دەکرد.
ئەوەی لەپشت مێزی پارە وەرگرتن دانیشـتبوو هەندێـک دەنگـی بۆڕ بـوو "دەنگ نێر" بەژنـی ناوەنجی و گەنـم رەنـگ بوو ئێسـک پتەو دەموچـاو پـان و لـووت رێـک و پیاوانە هەڵکەوتبوو، دەسـتووری ئەدایە شاگردەکان.
چەندی سەیری ئەم پیاوەم ئەکرد وەک بڵێی لەمەوپێـش ئەم پیاوەم دیبێت یان قسـەم لەگەڵ کردبێت، بـەڵام چەنـدی بیـرم ئەکـردەوە نەمدەزانـی کـەی و لەکـوێ، پاشـان لەپشـت مێزێک دانیشتین و شـاگردەکە هـات و مێزەکـەی سـڕیەوەو بەخێرهاتنـی کردیـن، ئێمەش داوای خۆراکمان کرد.
پاشـان رووم کـردە هاوڕێکەم و وتم: ئەرێ وەک بڵێی ئەم کابرایەم دیبێـت کـە لە پشـت مێـزی پارە وەرگرتن دانیشتووە؟ ئەو کابرایە کێیە؟ پێکەنی و وتی: کاکە لەوانەیە وێنەکەیت دیبێت.
لەم قسانەدا بووین کە چێشتەکەیان بۆ هانین و پاش خواردنی و دەست شۆردن، رۆیشتمە پای حیسابدان لەوکاتەی کە پارەکەم ئەدایە خاوەن چێشتخانەکە. هاوڕێکەم وتی کاک زیرەک ئـەم هاوڕێیـەم عێراقیەو نـاوی میـرا کەریمـەو دەمێکـە هەوڵـی چاوپێکەوتنـی تۆیەتـی. تـا ئـەم نیوەڕۆیـەش میوانی ئەو بووم کە تۆی نیشـان بدەم و زۆر جاریش چووەتە "بـۆکان" بەدوای تۆیە چاویشـی پێـت نەکەوتووەو گەڕاوەتەوە دواوە بە نائومێدی و تا ئێستاش هەروا بەدواتا ئەگەڕێت.
من سەرم سوڕمابوو کە هاوڕێکەم وتـی زیرەک، ئەوکاتـە زانیم ئەمە حەسـەن زیرەکە بەڕاسـتی زۆرم پـێ خـۆش بـوو کـە چـاوم بەو هونەرمەنـدە مەزنـە کـەوت کـە چەند دەمێکـە بە ئاواتـی دیداری بووم ئەوساکە دەستم بەپەلە بۆی درێژکرد کە دەست و مستی لەگەڵ بکەم.
بەڵام دیم زیرەک هەڵسـایە پێوەو باوەشی پییاکردم و یەکترمان ماچ کـرد و وتی: فەرمـوو هەندێکیش لای من دابنیشین.
منیش کە ئـەو رۆژەم بـە ئاوات ئەخواسـت لەگـەڵ هاوڕێکـەم دانیشـتین بەخێرهاتنێکـی زۆری کردین و بانگی شاگردەکەی کردو پێیـوت چای بۆمـان هانی و وتی: کاکـە ئێـوە میوانی منـن ئەمەش پارەکەت بدەمەوە، چونکە من زرۆ نمەکی عێراقیم کردووە، هەرچەند هەوڵماندا کە پارەکەی هەڵگرێتەوە، دەسـتی دایە بەردەسـتم و وتی: ئەمجـارە لەسـەر حیسـابی منە، لەمەودواش ئەگەر بەلای ئێمە رازی بوون ئەوا پولتان لێ دەستێنم.
ناچـار پارەکەمـان وەرگرتـەوەو هەڵسـاین ماڵاوایمان خواست هاتینە خوارەوەو زۆریش دڵخۆشبووم، لەو کاتە بەدوا هەرچەندە بهاتبوامە "سەقز" دەبووایە سەرێکی زیرەکم بدابایە.
هەرچەندە زیـرەک لە گۆرانیەکیدا گلەیی لـە "عێراقی"یەکان دەکات و دەڵێ: سـەت سـاڵ لە عێراق بی، هێشتا پێت دەڵێن عەجەمی" لەگەڵ ئەوەشـدا هێندە بەوەفاو دەسـت و دڵکـراوە بـووە، هـەر عێراقی- کوردێکی دیبێ، خۆی بە قەرزاری زانیوەو چی لە دەست هاتبێ کەمی نەکردووە.
ماوەیەک رێگام نەکەوتە "سەقز" تا رۆژێک حەسەن زیرەک لە شاری "سـەقز" رادێتە شاری بانەو نزیک شـار چایخانەیـەک لەسـەر رێگا بەنـاوی "رەشـە قـەڵات" کەناوی دێیەک لە بەرامبـەر چایخانەکەیە بەناوی ئەم دێیە ناودەبردرێ.
جێگای ئـەو چایخانەیـەش زۆ خۆشە، رووی کەوتووەتە جادەی گشتی "سەقزو بانە" و دێهاتەکانی، رۆژهەڵاتی چایخانەکە سـپیدار و جۆگـەی ءاوە، رۆژ ئاوایەکەشـی باغـی سـێو و هەرمێـو هەڵوژەو خۆخ و مێوەی هەمەجۆرە، جگە لە سپی دار و داری زۆر پڕ سێبەر.
دوو لای چایخانەکە دارو درەخت و سەوزەڵاتیە پشتیشی دەکەوێتەوە "کلکە" کێـوی "بایوس" کە کێوێکی بـەرزەو کەوتووەتـە رۆژهەڵاتـی شـاری "بانە" بـە پانوبەرینی و بە بـەرزی ئـەم کێـوەدارو درەختی سروشتی داپۆشـیوە. کانی ئاوی سـارد و تاقگەی سـپی پێـدا دێتە خـوارەوە دیمەنێکـی ئەفسـانەیی بەخۆیەوە گرتووە. مرۆڤ هەرحەز دەکات سـەیری ئەم کێـوە جوانە بکات هەر دەڵێی بەهەشـتی سەر زەمینە.
زیـرەک کـە چـاوی بـەم جێگایە دەکـەوێ هەوڵدەدات لەم شـوێنە گازینۆیەکـی لـێ بکاتـەوەو هەندێکیشـی بکاتـە چێشـتخانە.
پـاش رێکوپێککردنی کە دەسـتی کاسـبی بۆ بـدات، بەڵامبەداخەوە دەڵێـم لەبـەر دەسـتکورتی و نـەداری بڕیاری دا لەگەڵ مرۆڤێک بەشـەریکی لـەم شـوێنە بگرن و دوو بـەدوو بە برایانە کاسـبی تیا بکەن، ئەوساکە ئەم شوێنە خۆشە هی کاک "محەمەدی روفاعی" بوو کە لـە حەکیمانی "سـەبەتلو" بوو کە بنەماڵەیەکی نـاودارن، ئەویش لەکاتی خۆیە لەکرێـی چایخانەکە یارمەتـی دا وادیاربوو کاک "محە" بوویەنی جێگای باوەڕی حەسـەن زیرەک بووە ئەوی هەڵبژاردووە بۆ شەریکی.
پشت بەخوا ئەم شوێنە خۆشەیان رێک و پێک کردو دەستیان بە ئیش کرد.
پەیتـا پەیتـا خەڵـک لەهەمـوو جێگایەکەوە دەهاتنـە لایان و لەو شـوێنە خۆشـە دادەنیشن و گوێ دەگرنە دەنگە خۆشەکەی حەسەن زیرەک کە لەگەڵ ئاوازی بولبول و مەلی سـەر چڵی دارەکان تێکەڵاو دەبوو ئاوازێکی ئەفسانەیی کە هیچ کاتێک لەدڵیان دەرنەچوو بە شادی و دڵخۆشی دەگەڕانەوە ماڵەکەیان.
چایخانەی رەشـە قەڵات ناوبانگی پەیداکرد.
ماوەیـەک ئیشـیان پێکـەوە کـرد بەرێک و جوانی.
هەڵبەت منیش زۆربـەی ئێواران ماندوویـی کاری رۆژانـەم لای زیرەک دەحەسـاندەوەو پاشـان بەدڵێکـی پڕ لـە کامەرانـی رووم دەکردە ماڵەوە.
رۆژێـک لەگەڵ شـەریکەکەی لێک جیابوونەوە لەبەر چەند هۆیەک، کە حەسەن زیرەک ئەوێی بۆ جێهێشت، خەڵکیش هەندێک تەکیتەوە زۆریش بـە پـەرۆش بوون بۆ زیـرەک کە نەیاندەزانی چی بەسـەرهاتووە بۆ کام لا رۆیشتووە.
ئـەم شـوێنە خۆشـە وەک جاران بەدڵی خەڵـک دڵگیر نەبـوو وەک بڵێی شتێکی کەم بوو.
بەڵـێ: هونەرمەندێکی کـەم بوو، گەورەتریـن هونەرمەنـدی کـەم بوو! "حەسەن زیرەک"ی کەم بوو، عەرەب لەمێژە گووتویانە:" پیرۆزی شوێن لە پیرۆزی ئەو کەسەدایە کە لێی دادەنیشـێ" شاعیری گەورەی کـورد "هێمـن" لە باسـی پیرۆزی شـوێن و شـوێن پێـدا، لەبـارەی پیرۆزی شـاری کۆیـە و پیرۆزی حاجی قادردا دەنووسێ:

**چلۆن بـۆ سـورمە نابێ خاکی شـارێک**
**کە حاجـی پێی لەسـەر دانابێ جارێک**

**بەشی یەکەم**


زیرەک و میدیای زەندی و ئارەزووی کچیان

*** ئـەو گەنجـەی میـرزا کەریم باسـی دەکات، کە حەسـەن زیرەکـی بردووەتە ئێسـتگەی بەغدا، بەڕێـز (مام جەلال) بووە، کە ئێستا سەرۆک کۆماری عێراقە.**
*** خوێندنەوەیـەک بۆ کتێبی "حەسـەن زیرەک و هەندێک لە بەسـەرهاتەکانی" نووسینی میرزا کەریم خۆشناو**



بڵاوکراوەیەکی رووناکبیریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

سەرپەرشتیاری کەلچەری بەدرخان:
عەبدولرەحمان مەعروف: awrahman2002@yahoo.com
بە هاوکاری راوێژکاری رووناکبیریی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان:
د.ئازاد حەمە شەریف
ژمارە ٧١ - ١٤٢ - ٢٠١٠/٦/٨ی زایینی

# جۆیس : نووسەری پەیامداری راستەقینەی ئێرلەندی



عەتا قەرەداخی

رەنگە قسەکردن لەبارەی نووسەرێکی گەورەی وەکو جەیمس جۆیسەوە هەروا کارێکی ئاسان نەبێت بە تایبەتی لە نێوەندی رۆشنبیری کوردیدا کە تاکو ئێستا بەشێکی کەم لە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە دیارە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراون و لەپاڵ ئەوەشدا تا مێژوویەکی نزیکیش بەرهەمی ئەم نووسەرە دیارە لە نێوەندی رۆشنبیری ئێمەدا وەکو بەشێک لە ئەدەبی بێهودە سەیرکراوە و بە بێ خوێندنەوەی جیدی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەش وەکو چەندین نووسەری تر لەخۆڕا و بەبێ هیچ بنەمایەک بەر نەفرەت کەوتووە. بێگومان ئەوەش ئاشکرایە بە هۆی هەژموونی ئەو عەقڵیەتە سیاسی و نامەعریفیەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بالادەست بووە و دەسەلاتی بەسەر عەقڵیەتی رۆشنبیری ئێمەدا گرتووە ئێمەی وەها پەروەردە کردووە تەنیا یەک رەهەندی بینینمان بۆ دنیا هەبێت و هەر بیر و بۆچوونێک لەگەڵ روانین و فیکری ئێمەدا یەکنەگرێتەوە ئیتر بە نەیار و دژ و بێسوود سەیری بکەین. بێگومان ئەم روانینە دۆگماییە زیانێکی گەورەی لە نێوەندی رۆشنبیری ئێمە داوە و شوناسی داهێنانی لە پەیوەستبوون بە ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتەوە بەند کردووە و هەموو پێوانە هونەری و ئێستەتیکی و هەموو پرسیارە شووناسدارەکان و هەموو جۆرە جیهانبینیەکانی لە تاکە رستەیەکدا کۆکردۆتەوە کە ئەویش ئەوە بووە ئایا ئەم ژانرە ئەدەبی یان هونەرییە بە پێوانەی مارکسیزم یان ناسیونالیزم داهێنانە و بارگاوی کراوە بە توخم و رەگەزەکانی بەرگری یان نا. ئەویش بەرگری تەنیالا بە یەک پێوانەو یەک روانین کە ئەویش پێوانە و روانینی ئایدیۆلۆژیانە بووە ئایدیۆلۆژیایەک کە شوناسی ئایینی هەبووە.

بێگومان لە وەها زەمینەیەکی رۆشنبیریدا کە ئەویش خوڵقێنراوی ئەو هەموو نەهامەتی و بەدبەختیانە بووە کە بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا هاتووە ناشێت تەسەوری ئەوە کرابێت کە ئەدەبی نووسەرێکی خاوەن دیدی جیهانی و خاوەن پرسیاری مەعریفی و گەڕاو بە دوای نهێنیەکانی ژیاندا لە تونێلە تاریکەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵگادا هەروا بە ئاسانی لەم ناوەندە رۆشنبیرییەی ئێمەدا پێشوازی لێبکرێت. ئەمە سەرباری ئاستی لاوازی هۆشیاری ئێمە نەک تەنیا وەکو نەتەوە بەڵکو وەکو نوخبەی خوێندەواریش بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی وەها ئەدەبێک و وەها هونەرێک کە پێویستی بە پاشخانێکی رۆشنبیری و مەعریفی دەوڵەمەند هەیە.

نووسەری بە ناوبانگی ئێرلەندی جەیمس جۆیس (١٨٨٢-١٩٤١) لە دەبڵین و لە خێزانێکی گەورەدا لە دایک بووە و پەروەردە بووە و خوێندنی زانکۆیی لە فەلسەفە و زماندا بووە. سەرەتا بایەخی بە شیعر داوە و پاشان مەیلی بەلای شانۆدا چووە و دیارترین نووسینی سەرەتای جۆیس وتارێکە لەسەر شانۆگەری " کاتێ ئێمەی مردوو بە ئاگا دێین"ی نووسەری بە ناوبانگی نەرویجی هێنریک ئیبسن. لە راستیدا ئەم شانۆگەرییەی ئیبسن بەرجەستەکردنی ژیانی هونەرمەندێکە کە هەموو بەهاکانی جوانی و هەموو چێژەکانی جوانی و تەنانەت پاکژی و مرۆڤایەتیبوونی مرۆڤ لە هونەردا دەبینێ یان هونەرمەندانە هەموو بەها مرۆییەکان لە جوانیدا دەبینێت کە مەبەست لەوەش جوانی رۆح و ویژدانە کە لە ئاستێکی قوڵتردا مەبەستی لە گەوهەری راستەقینەی مرۆڤە وەکو بوونەوەرێک کە ویست و خواستی کۆنترۆڵکردنی گەردوونی هەیە. روویەکی ئاشکرای کاریگەری جیهانبینی ئیبسن لەسەر جۆیس ئەوەیە کە بەرهەمی ئیبسن سەرباری ئەوەی کە رەخنەیەکی کۆمەڵایەتی توند و بێبەزەییانەیە لە کۆمەڵگا و دەسەلات و چینی بالادەست لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی هێماگەرییانە بەرجەستەی پەرتبوونی رۆحی مرۆڤ دەکات و لەوەشدا پێی وایە مرۆڤایەتی بە بێ رۆحێکی یەکگرتوو کە رۆحی راستەقینەی مرۆڤە ناتوانێت ئاسوودە بێت و وەکو مرۆڤ بژی. ئەم تێڕوانینە ئەنتۆلۆژییە کۆمەڵایەتیەی ئیبسن بە ئاشکرا کاری لە جۆیس کردووە و سەرەنجام سێبەری ئەم بۆچوونە ئیبسنیە لەسەر بەرهەماکانی جۆیس دیارە بە تایبەتی لەسەر رۆمانی (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی)دا. جۆیس بە شێوەیەکی ئاشکرا بەرجەستەی ژیان و مەرگی رۆح دەکات ئەوەش لە میانەی بەرجەستە کردنی کێشەکانی هونەرمەندەوە نیشان دەدات. هەر لەو رێگایەوە ئەم نووسەرە دەیەوێت وێنەی ریالستانەی ژیان بە هەموو کێشەکانیەوە و بە شێوازێکی هێماگەرییانە بەرجەستە بکات و ئەو راستیە تاڵە دەربخات کە بریتیە لە هەڵسەنگاندنی ئیفلیجیە ئاکارییەکانی کۆمەڵگا یان ئیفلیجیە کۆمەڵایەتیەکان. لە راستیدا خەریک بوونی جۆیس بە ئیبسنەوە بە گشتی و بە شانۆگەری "کاتێ ئێمەی مردوو بە ئاگادێین"، بەتایبەتی روانینی جۆیسی ئاشکرا کردووە و ئەو روانینەش وەکو جیهانبینی ئەو سەیر دەکرێت و هەندێ لە رەخنەگران و توێژەرانی بواری جۆیس ناسی پێی دەڵێن" مانیفێستی جوانناسی و ئاکاری جۆیس". ئەمەش دەری دەخات کە جۆیس هەروا نووسەرێکی سادە و رووکەش نەبووە بەڵکو روانینی تایبەتی خۆیی بۆ ژیان و بۆ مەسەلەی جوانناسی و بۆ رەفتار و ئاکاریش هەبووە و نەیتوانیووە لە دەرەوەی کۆمەڵگا باسی هیچ کام لەو مەسەلانە بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە پێی وابووە مرۆڤ وەکو تاک و وەکو کۆمەڵیش لە ژیانی ناسروشتی و نائاسایدا دووچاری کێشەی گەورە بووە کە ئەویش کێشەی پەرتبوونی رۆحە کە ئەوەش بەرەو ونبوون و تەمومژاوی بوونی ئایندە و چارەنووسی نادیاری دەبات. لێرەدا جۆیس لەگەڵ هیگل کۆکە کاتی باسی رۆحی رەهای کۆمەڵگا دەکات و پێی وایە تەنیا لە یەکگرتنی رۆح و بڵندبوونیدا مێژوو دروست دەکرێت کە ئەویش مێژووی بە مرۆڤبوونی مرۆڤە و ئەوەش لە بنیادنانی شارستانیدا بەرجەستە دەبێت. لە لای جۆیس رۆح پەرتبووە و بەوەش گەوهەر و ماهیەتی راستەقینەی خۆی ونکردووە و بەها جوانەکانی و بەها ئاکاریەکانی لەدەست داوە و ئەم لە بەرجەستەکردنەی وێنەی تاکە کەسی نوخبەدا کە ئەویش هونەرمەندە هەوڵدەدات لە لایەک لەو کێشە ترسناکە بدوێت کە یەخەی مرۆڤایەتی گرتووە و لە ئاستی نەگوتراویشدا هەوڵدان یان پرۆژەیەک بۆ جۆرێک لە بیناکردنەوە هەیە.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە جۆیس بە جۆرە پەخشانێک یان هێلکارییەک دەست پێدەکات کە بە (Epiphany) ناو دەبرێت واتە بەیانکردن و ئاشکراکردن یان دەرخستن و خستنەروو و نیشاندانێکی بالا. کە ئەمەش لە راستیدا چەمکێکی ئایینیە و لە لایەن بیرمەندانی مەسیحیەتەوە بەکارهێنراوە بۆ دەرخستنی ئامادەبوونی خودا لە هەموو دنیای ئافریدەکراودا. هەندێ لە رەخنەگرانی دنیای جۆیس پێیان وایە سەرباری ئەوەی کە زاراوەی ئێپیفانی رەگ و ریشەیەکی ئایینی هەیە بەلام جۆیس لە رێگای پاڵەوانی وێنەی هونەرمەندەوە واتە ستیڤن ئەم زاراوەیە بۆ ئەزموونێکی عەلمانی دەگونجێنێت. ئەویش بەمەبەستی ئاماژە کردنی ئەزموونی تیشک خستنەسەرێکی لەناکاو و ئاشکراکردنی ئەوەی کە لە کاری پەیپێبردنی بابەتێکی ئاسایدا روودەدات. لە رۆمانی (وێنەی هونەرمەند)دا ستیڤن مەبەستی ئاشکراکردنێکی رۆحیە لە چرکەساتێکی چاوەڕوان نەکراو یان لە ناکاودا، واتە رۆح و چیەتی رۆح لە بەرگی سرووتی ئەزموونی ئەودا دەگەنە ئێمە واتە رۆحی هەرە گشتیترین بابەت وادەردەکەوێت بۆ ئێمە پرشنگ بداتەوە. بەرهەمەکانی جۆیس لە کورتە چیرۆک و رۆمانەکانی بەوە دەناسرێنەوە کە ژمارەیەک ئێپیفانیان تێدایە کە بەرزترینیان خستنەرووی ئەوەیە کە ستیڤن لە بەرچاوی کچێکی گەنج کە لە کەناری دەریاکەدا دەپەڕێتەوە ئەزموونی ئەو شتانە دەکات لە رۆمانی" وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا". جۆیس لە وەسفکردنی سادەترین شێوازی ژیاندا دەیەوێت ئەوە بەرجەستە بکات کە خەڵکی مەبەستیانە شتێک لە بارەی گەوهەری ژیان و ئەو یاسایانەی کە بە رێوەی دەبەن بگوازنەوە. بێگومان مەبەستی جۆیس لەم شێواز بەکارهێنانە هەوڵدانی ئەوە بۆ یەکخستنی وەسفکردنی ریالیستانە و ناچرالیستانە پێکەوە و کۆکردنەوەیان لەگەڵ بەها سیمبۆلیەکان. بەهەرحاڵ دەشێ بگوترێت (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی)دا سەرباری ئەوەی وەکو ئۆتۆبیۆگرافیای جۆیس سەیر دەکرێت و ستیڤن بریتیە لە وێناکردنی جۆیس، دیسان دەتوانرێت بگوترێت ئەم رۆمانە لە پاڵ ئەوەدا کە لە ئاستی نادیاردا لە قەیرانی رۆح و پەرتبوونی رۆح و مردنی رۆح دەدوێت دیسان ئەو هۆکارانەش دەخاتە روو و کە بێ رەتکردنەوە بوون بە هۆی مردنی رۆح کە مەبەست لەوەش رۆحی گشتییە - ئەو رۆحە گشتیەی کە هیگڵ پێی وابوو لە بڵندبووندا شوناسی راستەقینەی مرۆڤ بە مرۆڤایەتی دەبەخشێت و لە قۆناغە سادە و سەرەتاییەکانی ژیانەوە دەیگوازێتە بۆ قۆناغە بالاکان ئەو قۆناغانەی کە مرۆڤ شایستەی ئەوەیە تیایاندا بژی و بیانگاتێ.



لەم رۆمانەدا جۆیس هەر ئەوە نییە کە بەسەرهاتی کەسێکی گەنجی ئێرلەندیمان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بۆ بگێڕێتەوە کە چۆن ئەو کەسە گەنجە پێدەگات و گەورە دەبێت، نەخێر بەڵکو لەگەڵ ئەم گێڕانەوەیەدا کە جۆرەها ئاشکراکردن و خستنە رووی تێدایە، جۆیس ئەو رێگایانە لەبەر دەگرێت کە بە هۆیانەوە رێگای تەواو ئاڵۆزی بوون بە هونەرمەند یان بوون بە شاعیر لە واقیعی ئێرلەندا و لەو کاتەدا نیشان بدات. لێرەوە زیاتر رووی ریالیستانەی (وێنەی هونەرمەند) لە بەرگێکی سیمبۆلیزمانەدا ئاشکرا دەبێت. جۆیس لە (وێنەی هونەرمەند)دا قۆناغ بە قۆناغ لە رێگای هەڵکشانی ژیانی پاڵەوانەکەیەوە ئەم گێڕانەوەیە دووبارە دەکاتەوە و سەرئەنجام وادەردەکەوێت کە ئەوەی دەیگێڕێتەوە بەسەرهاتی ژیانی خۆیەتی هەربۆیە بەهەڵەدا نەچووین ئەگەر پێمان وابێت (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی)دا بەجۆرێک بریتیە لە ئۆتۆبایۆگرافیای جۆیس خۆی. جۆیس ژیانی منداڵی خۆی لە ناو خێزانەکەیدا وەها بەرجەستە دەکات کە وێنەی یان لاسایی کردنەوەی پێکهاتەیەکی گەورەترە کە ئەویش کۆمەڵگای ئێرلەندیی ئەو کاتەیە کە ئەم لە تافی منداڵیدا بووە. لەم رۆمانەدا جۆیس کۆمەڵێ شتی پێکەوە بەستراوی ژیانی خۆی و کۆمەڵگاکەی و واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و کەلتووری ئێرلەندا دەخاتە بەردەم لێدوانەوە و سەرەنجامیش وەکو تاکە کەسێکی سەر بە نوخبەی رۆشنبیر بەهەموو شتێک دەڵێ نا نەخێر، ئەوەش وای لێدەکات هەموو ئەو لایەنانەی کە ژیانی لاوێتی ئەمیان پێکهێناوە بۆ نیشتیمان بەجێ بهێڵێت. لە راستیدا جۆیس ژیانی پاڵەوانەکەی کە لە ئاستێکی تردا بریتیە لە ژیانی منداڵی و لاوێتی خۆی بەم شێوانە و لەم بارودۆخانەدا بەرجەستە دەکات:





یەکەمجار خوێندن لە قوتابخانە و کۆلێژی یەسوعی و پەروەردەبوونێکی ئایینیانە و پێشنیارکردن لە لایەن خێزان و دەوروبەرییەوە بۆ ئەوەی فەرمانی پیرۆز بە روانینێکی ئایینیانە و لە روانگەی کڵێساوە وەربگرێت بۆ ئەوەی سەرەنجام ببێت بە پیاوی ئایینی و رێنوێنیکەر و رێنیشاندەر. بەلام لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا جۆرێک لە گومانی ئایینی لای جۆیس دروست دەبێت و سەرئەنجام بڕوای بە ئایین لاواز و لەق دەبێت و لەوێوە بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکی تردا دەگەڕێت و پاشتر خۆی لە ناو رێکخستن و پێکهاتە و ئەڵقە ناسیونالیستەکانی ئێرلەندادا دەبینێتەوە، مانەوەش لە نێو ناسیونالیستی ئێرلەندەدا ناتوانێت جۆیس بگەیەنێتە یەقین و ئۆقرەی پێبگرێت بۆیە سەرسەختانە لەگەڕانی بەردەوامدا دەبێت - گەڕانێک کە خاسیێتی سەرەکی داهێنەرە. لەوێوە جۆیس دەکەوێتە خۆپەروەردەکردن و دەگاتە ئەو بۆچوونەی کە دەبێ لە خودی خۆیەوە دەست پێبکات و گەڕانەکان زیاتر گەڕان بن لەناو بوونی خۆیدا پێش ئەوەی گەڕان لە دەرەوەی خۆی دەست پێبکات. بۆیە دەکەوێتە پەروەردەکردنی خۆی وەکو شاعیر و وەکو هونەرمەند و لەوێشەوە دەکەوێتە نێو دنیای عیشق و خۆشەوستیەوە و ئەوەش وای لێدەکات کە ژیان لە خۆشەویستیدا ببینێت و پێیوابێت هێزی عیشق و خۆشەویستی لە توانایاندا هەیە مرۆڤ بکەن بە مرۆڤ و ژیان بە ئاقارێکی راستتر و دروستتردا ببەن لەچاو ئەو شێوازەی ژیانی ئێرلەندە و کۆمەڵگای ئێرلەندیدا. سەرهەڵدانی ئەم جۆرە روانینە لەلای جۆیس دەبێتە سەرتایەک کە بەرەو ئەوەی دەبات ژیانی ئێرلەندا و کۆمەڵگای ئێرلەندی رەتبکاتەوە و بەدوای جۆرێکی تر لە ژیان و جوگرافیایەکی تر بۆ ژیان و کۆمەڵگایەکی تر بۆ تیادا ژیان بگەڕێت. ئەمەش سەرەنجام دەیگەیەنێتە بڕیارێکی چارەنووس ساز کە بەجێهێشتنی زێد و نیشتیمانی خۆیەتی واتە ئێرلەندا. هەرچەندە یەکەمجار ئێرلەندا بەجێدەهێڵێت و پاش ماوەیەک لەبەر نەخۆشی دایکی دەگەڕێتەوە بەلام دواتر بە یەکجاری کۆچ دەکات و ژیانی لە زیوریخ و فەرنسا بەسەر دەبات هەتا لە ساڵی ١٩٤١دا کۆچی دوایی دەکات. لە راستیدا ئەمە ئۆتۆبایۆگرافیای جەیمس جۆیس خۆیەتی کە بەتەواوەتی لە ئاستی گوتراو و ئاشکرادا یان لە ئاستی نەگوتراو و لە شێوەی نادیاردا لە ئاستی بینراو و نەبینراوی دەقی رۆمانەکەدا بەرجەستە کراوە.

دیارە ئەوە ئاشکرایە کە لە رۆمانی کلاسیکدا نووسەر هەموو وردەکارییەکی ژیانی پاڵەوانەکەی باس دەکات و وێنەیەکی ئاشکرا و ناسراوی بەرجەستەکراوی پاڵەوانەکە و دەوروبەر و پەیوەندی بە دەوروبەر و راستیەکانی ئەو واقیعەوە دەردەخات کە پاڵەوانەکەی تێدا بەرجەستە دەکات و تێیدا دەیجوڵێنی یان پاڵەوانەکە خۆی تێیدا دەجوڵێت. بەواتا لە رۆمانی کلاسیکدا هەر لەسەرتاوە نووسەر شووناسی تەواوی پاڵەوانەکەی پێشکەش دەکات و خوێنەر بەئاسانی ئەو و تەنانەت کەسێتە لاوەکیەکانیش دەناسێتەوە. راستە هەندێ پێیان وایە کە جۆیس لە سەرەتای نووسین و بە تایبەتیش لە رۆمانی (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی)دا بە شێوەیەکی ریالیستانە دەنووسێت و ئاڵۆزی و تەمومژی زۆر لەسەر پاڵەوان و رووداوەکان نابینرێت بەلام ئەم قسەیە زۆر نزیک نییە لە راستیەوە چونکە لە (وێنەی هونەرمەند)دا بنەمای شێوازی نووسینی جۆیس ئاشکرا دەبێت و وەکو شێوازێکی نوێ و ←

# سینەم خان جەلادەت بەدرخان بوو سەرۆکا روومەتا ناڤەندا پەنا کورد



سینەم خان جەلادەت بەدرخان

د کۆنگرەیا ناڤەندا پەنا کورد یا کۆ د ڤێ هەفتەیێ دە هاتە ل دارخستن، سینەمخان جەلادەت بەدرخان وەکی سەرۆکا روومەتا پەنا کورد هاتە هلبژارتن.

ناڤەندا پەنا کورد کۆنگرەیا خوە یا ٧´مین ل باژارێ کۆنگسونتەرا عالمانیایێ ل دار خست. د کۆنگرەیا ٢١´ێ گولانێ دە دەست پێ کر و د ٢٣´ێ گولانێ دە قەدیا، هەم بەرێڤەبەریەکە نوو هاتە هلبژارتن و هەم ژی هنەک بریارێن ژ بۆ پێشڤەبرنا خەباتان ژی هاتن گرتن.

دگەل گوهەراندنا هنەک خالێن رێزکنامەیێ، نیقاشەک دن یا کۆنگرەیێ رەخنەیا کێمبوونا ئەندامێن پەنێ و بەشداریا کێم یا ئەندامان یا کۆنگرەیێ بوو. د ڤێ دەربارێ دە بریار هاتە وەرگرتن کۆ نقیسگەهێن پەنا کورد یێن ل وەلاتێن جودا د ڤێ چارچۆوەیێ دە خەباتێن خوە گورتر بکن. ل سەر پرسگرێکا دارایی یا ناڤەندا پەنا کورد، هاتە گۆتن کۆ دگەل دەرفەتێن ئابۆری یێن کێم د قادا ناڤنەتەوەیی دە پەنا کورد گاڤێن مەزن ئاڤێتنە و ژ بۆ گاڤێن مەزنتر وێ چاڤ ل رێبازێن بدەستخستنا ئابۆریەکە باشتر یا پەنا کورد وەرە گەراندن. خالەکە گرنگ یا کۆنگرەیێ ل سەر مالپەرا وان بوو. بریار هاتە ستاندن کۆ مالپەرەکە ل گۆرا پێدڤیێن دەمکی وەرە چێکرن.

ژ بۆ سەرۆکاتیا کۆنگرەیێ د ئەنجاما یەکدەنگیێ دە تەنێ سەرۆکێ بەرێ یێ پەنا کورد دۆکتۆر زەردەشت هاجۆ وەکی نامزەت هاتە دەستنیشانکرن و ب هلبژارتنێ ژی دیسا سەرۆکاتیا وی یا پەنێ هاتە نووکرن. ژ بۆ دەستەیا برێڤەبەریا پەنا کورد ژی بێریڤان دۆسکی، بەدرەدین سالەح میرهەم یگت، کاکشار ئۆرەمار وەکی یەدەک ژی ئەڤدلەهـ هیجاب، نەجیب بالایی هاتن هلبژارتن. دگەل داخوازا ب یسرار، ژ برێڤەبەرێ کەڤن یێ پەنێ مستەفا رەشید خوە نەکر نامزەتێ برێڤەبەریێ.

ژ هێلا دن ڤە کۆنگرەیا پەنا کورد، کەچا رەوشەنبیرێ کورد جەلادەت ئالی بەدرخان، سینەمخان جەلادەت بەدرخان وەکی سەرۆکا روومەتا پەنا کورد هاتە هلبژارت.

جیاواز سەیر دەکرێت کە دواتر لە ڕۆمانی (یۆلیسیس)دا ئەو شێوازە دەگاتە لوتکە و بەشێوازی جۆیسی دەناسرێتەوە. جۆیس لە بری پێشکەشکردنی ئەو هەموو وردەکارییەی نووسەرانی کلاسیک لەبارەی کەسێتی پاڵەوانەکانیانەوە دەیخەنە ڕوو، لە بری گێڕانەوەی هەنگاو بەهەنگاوی ژیانی پاڵەوانەکەی دێت چرکەساتە گرنگ و دیار و حەساسەکانی ژیانی ئەو بەرجەستەدەکات و تەکنیکی ئیپیفانی و فلاش باک و شەپۆلی هۆش و مۆنۆلۆگی ناوەوە هەموویان یارمەتیدەرن بۆ زیاتر ڕاوەستان لەسەر ئاشکراکردن و دەرخستنی ئەو چرکەساتە گرنگ و حەساسانە بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەری لەسەر خوێنەر و پێشکەشکردنی وێنەیەکی کاریگەر بە مەبەستی ئامادەکردنی خوێنەر بۆ ڕۆیشتن لەگەڵ تەکنیکی جۆراو جۆری نووسینیدا کە ئەوەش هەمووی بۆ بەرزکردنەوەی پرسیارە گرنگ و پڕ ماناکانی مرۆڤە سەبارەت بە بوون و مردن یان سەبارەت بە یەکبوونی ڕۆح و کاریگەرییە نێگەتیف و ناجۆرەکانی پەرتبوونی ڕۆح و ونبوونی بەهاکانی جوانی و ئاکار کە ئەو ونبوونانەش لەکۆتاییدا دەبنە هۆکاری ونبوونی بەها مرۆییەکان کە ئەوەش ئەو قۆناغەیە مرۆڤایەتی بە ترس و گومانەوە سەیری دەکات. جۆیس وەکو نووسەرێکی خاوەن دید و بۆچوونی هونەرمەندانە لە دەرگای ئەو بابەتە هەستیارانە دەدات کە ڕاستەخۆ پەیوەندیان بە کێشەکانی مرۆڤەوە هەیە چ لەسەر ئاستی تاکە کەس و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگا.

وەکو گوتمان جۆیس هەندێ ساتی زۆر گرنگ و حەساس لە ژیانی پاڵەوانەکەی هەڵدەبژێرێت. لە ڕۆمانی (وێنەی هونەرمەند)دا مامەڵەیەکی وردی لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا کردووە و چەندین چرکەساتی حەساسی لە ژیانی ستیڤن بەرجەستە کردووە وەکو ئەوەی کە "لێرەدا ستیڤن کوڕێکی بچووکە. خەڵکی چیرۆک بۆ ستیڤن دەگێڕنەوە. ستیڤن سەرسامە بە ئاوازی وشەکان. ئێستا ستیڤن دەبرێت بۆ کۆلێژ و کە دەگاتە ئەوێ لەبەر دەرگا گوێی لێدەبێت کە دایک وباوکی خواحافیزی لێدەکەن. ئێستا لە نێو هاوپۆلەکانیدا هەست بە بێئارامی و تەنیایی دەکات. سیستەمی قوتابخانە و خوێندن بۆ ئەو و بەلای ئەوەوە نادادپەروەرانە و پڕ لە سزایە. ستیڤن لە موناسەبەی جەژنی سەری ساڵدا دەگەڕێتەوە بۆ لای دایک و باوکی بەڵام جارێکی تر ناچاردەبێت بگەڕێتەوە بۆ کۆلێژ و بۆ بەردەم سیستەمی بێسۆزی خوێندن و هەست بە تەنیایی کردن و سزا و پەرتبوونی ڕۆح و وردە وردە هەڵکشانی تەمەن و سەردانی ماڵی ئافرەتە لەشفرۆشەکان بۆ یەکەم جار و لە تەمەنی شانزە ساڵیدا. پاشان ستیڤن هەست بە ئازاری سەختی ئەو یەکەم چرکەساتانە دەکات کە هەستکردن بە هەرەسهێنانی بڕوا بوونی بە ئایین دەست پێدەکات. ستیڤن هەست دەکات نیعمەتی ئیلهامی بەسەردا دەبارێت". ئەمانە بەشێکن لە چرکەساتە گرنگ و حەساسەکانی ژیانی ستیڤن ڕووداوی ناو ڕۆمانەکەن و ئێمە لێرەدا ئاماژەمان بۆ هەندێکیان کردووە و لە نێو چەندین ڕووداوی تری گرنگ و حەساسدا هەڵمان بژاردوون.

یەکێکی تر لەو خاسیێتە دیارانەی کە جۆیس لەم ڕۆمانەدا بەرجەستەی کردووە و بە پێچەوانەی ڕۆماننووسانی کلاسیکەوە کاری کردووە ئەوەیە لە ڕۆمانی کلاسیکدا چ لە ئەدەبی ئینگلیزی و فەرەنسی چ لە ڕۆمانی کلاسیکی ڕوسیدا یاسایەک بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و دنیا و هۆشیاری هەبوو کە بریتی بوو لە پەیوەندی هاوتای نێوان دنیا-مرۆڤ- هۆشیاری، جۆیس ئەو پەیوەندییەی هەڵگێرایەوە بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤ – هۆشیاری- دنیا. ئەمەش ئەو ڕاستیە نیشان دەدات کە لە ڕۆمانی تەقلیدی یان کلاسیکیدا دنیا بە سەنتەر دانراوە و بایەخی مرۆڤ بە دنیاوە بووە و هۆشیاری و بەئاگایش لە ئاستی سێیەمدا دەهات بەڵام جۆیس مرۆڤ دەکات بە سەنتەر و هۆشیاری و بەئاگایش وەکو پێویستیەک لە دوای مرۆڤ ڕاستەوخۆ دێت و دنیا دەکەوێتە کۆتاییەوە کە ئەمەش بایەخی بەرزی مرۆڤ نیشان دەدات و ئەوە بەرجەستە دەکات کە ئەوەی مانا و بایەخ بە دنیا دەبەخشێت تەنیا مرۆڤە و لە ڕێگای هۆشیاریشەوە دەگاتە ئەو ئاستەی کە ئەو بایەخە بە دنیا ببەخشێت ئەگینا دنیا بە بێ بوونی مرۆڤی هوشیار و بە ئاگا لەسەر هیچ بایەخێکی نییە.

(وێنەی هونەرمەند) کە لە پێنج بەش پێکهاتووە لە ڕوانگەی مێژووی ئەدەبەوە وەکو سەرەتای گۆڕانکارییەکی گەورە لە فۆرم و لە ناوەڕۆکی ئەدەب بەگشتی و لە ڕۆماندا بە تایبەتی سەیر دەکرێت کە تیایدا جۆیس ڕوانینەکانی سەردەمی ڕۆمانی کلاسیک بۆ کەسێتی مرۆڤ هەڵدەگێڕێتەوە و مرۆڤێکی وەها بەرجەستە دەکات کە هەموو نیگەرانی و کێشە و ئازارەکانی سەردەمەکەیی و ململانێ ناوەکیەکانی مرۆڤی هەڵگرتووە بەواتا ئەگەر تا ساتەوەختی جۆیس مرۆڤ تەنیا لە ڕووکەشی دەرەوە سەیر کرابێت و کەسێتیەکەی بەو شێوەیە و لەسەر ڕووی بینراو و ئاشکرای ئەو کەسێتیە هەڵسەنگێندرابێت ئەوا جۆیس مرۆڤ یان کەسێتی نێو ڕۆمانەکانی دەگێڕێتەوە بۆ ناو خودی خۆیان و بە جۆرێک دەیانکات بە خاوەنی شوناس کە بتوانن بیر بکەنەوە یان بە واتایەکی تر دەیەوێت ئەو چەمکە بە ناوبانگە بۆ بە دەستهێنانی شووناسی مرۆڤ بکات بە بنەما کە دەڵێت "من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم". بەهەرحاڵ جۆیس لە ڕۆمان و چیرۆکەکانیدا کەسێتێک بەرجەستە دەکات کە بگەڕێتەوە بۆ ناو دنیای تایبەتی خۆیی و لەوێوە سەیری دەرەوە بکات. وەک گوتمان ئەم ڕۆمانە لە پێنج بەش پێکهاتووە و ڕیزبەندی ڕووداوەکانیش جیاوازن لەو ڕیزبەندیەی کە بە پێی گەشەی بایۆلۆجیانەی پاڵەوان بەرجەستە دەکرێن، بەڵکو وەکو پێشتر باسمان کرد جۆیس گوڵبژێرێک لە چرکەساتە گرنگ و کاریگەر و حەساسەکانی ژیانی پاڵەوانەکەیی هەڵبژاردووە بۆیە گرنگ نییە چۆن ڕیز دەکرێن و چۆن ڕێکدەخرێن چونکەزۆربەیئەوچرکەساتانەش لە گەڕانەوەی پاڵەوانەکەیدا بۆ یادەوەری ڕابردووی خۆی و بە فلاش باک دەهێنرێنەوە یاد و دەخرێنە بەرچاو یان بەردەم لێدوانەوە. دیارە هەندێ بۆچوونی لەو جۆرەش هەیە کە پێیان وایە بنیادنانی (وێنەی هونەرمەند) لە پێنج بەشی درێژ لە ژێرکاریگەری سەرسامبوونی جۆیسدا بووە بە هێنریک ئیبسن و هەمان بنەمای شانۆگەرییەکانی ئەوی دووبارە کردۆتەوە لە بنیادنانی دەقی ڕۆمانی (وێنەی هونەرمەند) دا.

لە ڕاستیدا جۆیس لە کۆی بەرهەمەکانیدا بە ڕۆمانی (وێنەی هونەرمەند)یشەوە سێ بابەتی گرنگ دەخاتە بەردەم لێدوان و قسەلەسەر کردنەوە کە ئەوانیش بریتین لە سیاسەت و ئایین و هونەر. لە یەکەمیاندا کۆمەڵگای ئێرلەندی و ناسیونالیزمی ئێرلەندی و مەسەلەی شووناس و بوون توخمە سەرەکیەکانی قسە لەسەر کردنی ئەو پێکدەهێنن. لە دووەمیاندا واتە ئایین مەسەلەی پەروەردەی ئایینی و خوێندنی لە کڵێسا و هەوڵدان و پێشنیارکردن بۆ ئەوەی ببێتە کاهین و مەسەلەی شلۆقبوونی بیرو باوەڕی بە ئایین و هەستکردن بە هەژموون و فشاری سەختی ئایین وەهادەبینێت کە بە جۆرێک ئازادییەکانی مرۆڤ بەرتەسک دەکەنەوە و ڕێگای بە کۆیلەبوونێکی هەمیشەیی واڵادەکەن. لە بابەتی سێیەمیاندا کە پەیوەست بە کەسێتی داهێنەرانەی ئەو بایەخێکی زیاتری کە ئەویش هونەرە. بە شێوازێک هونەری کلاسیکی ڕۆمان و تەنانەت کورتە چیرۆک دەخاتە بەردەم ئەزموونێکی نوێوە و لە دوو ئاستی هونەریدا شۆڕش بەرپا دەکات کە یەکەمیان لە ئاستی شێوازدایە و دووەمیشیان لە ئاستی جیهانبینی هونەریدایە. لە هەردوو ئاستەکەشدا هەوڵدەدات بە شێوازێکی جیاواز لە پێش خۆی سەیری ئیستەتیک واتە مەسەلەی جوانی و بەهاکانی جوانی هونەری و ئاستەکانی چێژی جوانی بکات و لە هەموو ئەمانەشدا بە ناوەندبوونی مرۆڤ دەکاتە پێوانە و تەنیا لەو ڕوانگەیەشەوە هەم سەیری هونەر و هەم سەیری بەهاکانی جوانی و چێژی جوانیش دەکات.

بێگومان جۆیس لە تەکنیکی ڕۆمان و گێڕانەوەدا بە یەکێک لە ڕابەرە دیارەکانی شەپۆلی هۆش و مۆنۆلۆگی ناوەوە دادەنرێت هەرچەند پێش جۆیس ئەم تەکنیکە بەکار هاتووە و هێنری جەیمس لە ساڵی ١٨٩٠دا لە کتێبەکەیدا بە ناوی " بنەماکانی دەرونزانی" ئەم زاراوەی بە کار هێناوە بۆ وەسفکردنی پەیبردنی بەردەوام و لێکنەپچڕاوی حسی و یادەوەری و بیرکردنەوە و هەستکردن لە مێشکێکی بە ئاگا یان وروژاودا و ئەمەش بەکار هاتووە و کاری پێکراوە بۆ وەسفکردنی میتۆدێکی دیار و ئاشکرای گێڕانەوە لە ڕۆمانی نوێدا کە بە دوای هێنری جەیمسدا چەندین نووسەری دیاری بواری ڕۆمان و چیرۆکنووسین بە تایبەتی لە ئەدەبی ئینگلیزیدا هەریەکە بە جۆرێک بە کاریان هێناوە لە ڕیزی پێشەوەی ئەوانەش جۆیس دێت. لە ناو نووسەرانی پێشەنگی بەکارهێنەری ئەم تەکنیکەی گێڕانەوەدا ناوی نووسەران ویلیەم جەیمس و ڤێرجینا وۆڵف و کاترین مانسفیلد دێت بەڵام ئاشکرایە ڕۆڵی جۆیس دیارتر و باڵاتر دیارە بە تایبەتی لە ڕۆمانی (یۆلۆسیس)دا.

بەهەرحاڵ قسەکردن لەسەر جۆیس هەمە لایەنە و فرە ئاراستەیە لەبەر ئەوەی ئەم نووسەرە خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆیی و شێوازی تایبەتی خۆیەتی و هەر بەو پێیەش دەقی جۆیس دەقێکی بارگاوی کراوە بە مەعریفەی جۆراوجۆر و گوتاری ئەدەبی ئەو گوتارێکی فرە ڕەهەندە و کۆی دەقەکانی بە دەقی کراوە دادەنرێن لەو ڕوانگەیەوە کە بە ڕێگای جیاواز دەخوێندرێنەوە و هەڵدەگرن خوێندنەوەی هەمەجۆریان بۆ بکرێت. هەر ئەم فرە ڕەهەندی و فرە ئاراستەییە وەهای کردووە کە وەرگێڕانی دەقەکانی جۆیس هەروا کارێکی ئاسان نەبن . ئەم قسەیەش بۆ کۆی بەرهەمەکانی جۆیس ڕاستە هەر لە چیرۆکەکانیەوە واتە کۆمەڵە چیرۆکی (دەبلینیەکان) تا دەگاتە (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی)دا و تا دەگاتە (یۆلۆسیس) و (وەئاگاهاتنەوەی فینگیان). بێگومان زۆرێک لە وەرگێڕە دیارەکانی زمانی عەرەبی و تەنانەت فارسیش نەیانتوانیووە دەست بدەنە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی جۆیس. ئەویش لەبەر ئەو هەموو ئاڵۆزی و نائاشکرایی و تەکنیکی چڕ و مامەڵەکردنی بەرزی لەگەڵ زمان و شێوازی نووسیندا. دیارە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی جۆیس بۆ زمانی کوردی کە وەکو خۆمان دەیزانین زمانی کوردی کارێکی ئەوتۆی پێنەکراوە لە بواری وەرگێڕاندا و نە لە ڕووی ڕستەسازی سینتاکسەوە بەشی ئەوە دەکات بە ئاسانی هەموو شتێکی پێ وەربگێڕدرێت نە لە ڕووی زاراوەکانەوە دەتوانرێت زاراوەی گونجاو بۆ هەموو زارەوەکانی زمانانی تر بدۆزرێتەوە. دیارە هەر ئەم بۆچوونەشە وامان لێدەکات بڵێین تەنیا کاتێک زمانی کوردی دەوڵەمەند دەبێت کە پرۆژەی گەورەی وەرگێڕان لە زمانە زیندووەکانی دنیاوە بۆ سەر زمانی کوردی دەست پێبکات. دیارە تەنیا لە بارودۆخێکی وەهادا زمانی کوردی بە جۆرێکی ئەوتۆ دەوڵەمەند دەبێت کە بتوانرێت نەک هەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسەرانی داهێنەری وەکو جۆیسی پێ وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی بەڵکو پرۆگرامەکانی خوێندنیشی بە شێوەیەکی شایستە پێ وەربگێڕدرێت و بنووسرێت.



دکتۆر ئازاد حەمە شەریف

## دکتۆر ئازاد سەربارى ئەوەی لە ڕیزی پێشەوەی ئەو ژمارە کەمەی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردە کە ئینگلیزی دەزانن، دیسان لە زمانی کوردیشدا دەوڵەمەند و بەسەلیقەیە

هەوڵ و کۆششی دکتۆر ئازاد حەمە شەریف لە ڕیزی پێشەوەی ئەو هەوڵ و کۆششە بە ژمارە کەمانەیە کە دەبێ بە ڕێزەوە سەیریان بکرێت بە تایبەتی کە کاک ئازاد سەرباری ئەوەی لە ڕیزی پێشەوەی ئەو ژمارە کەمەی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردە کە ئینگلیزی دەزانن، دیسان لە زمانی کوردیشدا دەوڵەمەند و بەسەلیقەیە. ئەو لە کاتێکدا دەستی دایە وەرگێڕانی (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی)دا کەم کەس لە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا جۆیسیان دەناسی. ئەمەش کارێکە ناکرێت هەروا بە سادەیی سەیر بکرێت و بە ڕێکەوت دابنرێت بەڵکو پەیوەندی بە ڕوانین و تێگەیشتنی دکتۆر ئازادەوە هەیە بۆ داهێنانی گەورە و بۆ هەستکردنی بە پێویستی ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی بە ئەزموونە دیار و ناوازەکانی ئەدەب و هونەری جیهانی. بێگومان چاپی یەکەمی (وێنەی هونەرمەند) لە کاتێکدا کراوە کە تەمەنی کاک ئازاد لە نیوەی یەکەمی بیستەکاندا بووە. مەبەستمان لەم قسەیەش ئەوەیە کە ئەو تەمەنە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەزموونی نووسین و وەرگێڕان تەمەنێکی کەمە بۆیە بۆ ئەو کاتە دەبێ دەستخۆشی لەو بکەین و بۆ ئەم چاپەی ئێستاش کە ئەزموونی کاک ئازاد لە بواری وەرگێڕان و نووسیندا دەوڵەمەنتر بووە و وەرگێڕانەکەی (وێنەی هونەرمەند)ی چەند جارێک بژارکردۆتەوە، دڵنیام هێز و پێزێکی زیاتری داوەتە وەرگێڕانەکەی و هیوادارم دکتۆر ئازاد تەندروست و سەرکەوتوبێت و لە ئایندەی نزیکدا ببینین (یۆلۆسیس) و چەندین شاکاری تری ئەدەبی جیهانی لە سەردەستی ئەودا بکرێن بە کوردی و بکەونە بەر دیدەی خوێنەری خۆشەویستی نەتەوەکەمان. بەداخەوە، تاکو ئێستا ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی بایەخی وەرگێڕان نازانێت لە کاتێکدا ناشێ و ناکرێت ئێمە وەکو کورد لە خەمی ئەوەدا بین بێینە ناو مێژووە و بە ئومێدی بنیادنانی کەسێتی مادی و مەعنەوی نەتەوەیی خۆمان بین و نەمانتوانی بێت پردی پێکەوەبەستن لە نێوان خۆمان و کەلتوری پێشکەوتووی ڕۆژئاوادا دروست بکەین کە بێگومان ئەو پردە تەنیا و بەس تەنیا لە ڕێگای وەرگێڕانەوە دەکرێت. وەرگێڕانیش کاتێ نرخ و بەهاکەی دیار دەبێت کە لە زمانی یەکەمەوە وەربگێڕدرێت. بایەخی وەرگێڕانەکانی دکتۆر ئازاد لە پلەی یەکەمدا ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ لە زمانی یەکەمەوەیە کە زمانی ئینگلیزییە. لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ دکتۆر ئازاد دەخوازم و دەستخۆشی لێدەکەم.

## نۆڤلێت (٣٠)

## خەرەندەکانی سنوور

**کاروان عەبدوڵڵا**



من ئاگام لەوە نەبوو کە لە بڵندگۆکەوە ناومیان خوێندبۆوە ،یەکێ لە زیندانییەکان دوای ئەوەی زۆر بە پەلە ڕایتەکاندم، بە ناڕەحەتییەوە پێمی وت:

- سەران ، لە ئیدارەوە تۆیان بانگ کرد!

شێوەی قسەکردنی ئەو زیندانییە، ترسێکی زۆری بۆم هێنا، دەستێکی ڕەش لە چاوە بێئۆقرەکانییەوە دەرچوو، دەستێک دروست وەک لە مێژبێ بە دوای ڕۆحی مندا بگەڕێ، بە نێو هەناومدا ڕۆچوو، گوێم لە قرتەو کەرتبوونی شتێک بوو، لەوە دەچوو دەمارێک لە دەمارەکانی ڕۆحی ترس تێهەڵگەڕاوی مندا پسابێ، من نازانم بۆچی ڕوخساری ئەو زیندانییە لەبەر چاومدا زۆر بە خێرایی دەگۆڕاو جاری وا هەبوو لە هەموو شتێک دەچوو تەنیا لە مرۆڤ نەبێ، من دەبووایە باوەڕ بە قسەکەی بکەم و بە پەلەش بڕۆمە ئیدارە، لەوێ عادەت وابوو ئەگەر لە بڵندگۆکەوە ناوت بخوێنرابایەوەو کەمێک دواکەوتبای ئەوە دوو پاسەوان دەهاتن و پەلکێشیان دەکردی. کە هەڵسامە سەرپێ و ویستم هەنگاو هەڵێنم، وا هاتە بەرچاوم، بەنێو قۆرتێکی گەورەو عاسێدا تێدەپەڕم، قۆرتەکە دەیبردمەوە سەر گۆڕستانێک سەری دیارنەبوو، من ناچاربووم هەنگاوەکانم بە پێش خۆم بدەم و بۆ هەر چیەک بێ لەبەردەمی ئیدارە ئامادە بم، هێشتا نەگەیشتبوومە بەر دەرگای هۆڵەکە، جارێکی دیکە ناوم بانگکرایەوە، بەڵام ئەوجارە مەبەستی داواکردنەکەشیان ڕاگەیاند، ئاوڕێکم لەو هاوڕێیە دایەوە، کە پێش کەمێک لە خەودا بە پەلە ڕایتەکاندم، بە چاو تێمگەیاند کە وێدەچێ چوونە دەرەوەم جێی مەترسی نەبێ، من هەقمبوو لەو ڕۆژانەدا لە هەموو شتێک بترسم، تۆ ئەگەر بە بەر چاوی خۆتەوە بە لێشاو زیندانییەکان بەرەو دەرەوەی زیندان ڕاپێچ بکەن، بیر لەچی دەکەیتەوە؟ ئایا دەتوانی بۆ لەحزەیەکیش بیر لە جوانی و خۆشییەکانی نێو زەینت بکەیتەوە؟ هەر کەس شەوانە گوێبیستی هاوارو گوللەبارانکردنی زیندانیی و کوشتنی خەو و خەونەکان و خوێندنەوەو سڕینەوەی ناوە بانگکراوەکان بێ، بۆ ساتێکیش ئۆقرە لە گیانیدا دەمێنێ؟ من ئەگەرچی لەو بانگکردنە تێگەیشتم کە بۆ دیتنی خزم و کەسە نزیکەکانی زیندانییان بوو، بەڵام ترس و تۆقین هێشتا بە جەستەمەوە دیاربوون، من لەبەرئەوەی چەند جارێکی دیکەش ئەو چاوپێکەوتنانەم بینیبوو، یەکسەر خۆم خزاندە ئەو شوێنەی، کە لەوێدا زیندانییەکان کۆدەبوونەوە و بە کۆمەڵ دەچوونە ژووری چاوپێکەوتنەکان، کەچی سەیر ئەوە بوو کە نۆبەتی من هات و ویستم بۆ ژوورەکە سەرکەوم، کارمەندەکە ڕێی لێگرتم و داوای ناومی کرد، منیش ناوی خۆمم پێوت، چەند جارێک لە کاغەزەکەی نێو دەستی ڕاما، بەسەرسوڕمانەوە دیقەتی لە من و ناوەکان گرت، من لەوە تێگەیشتم کە بەئیحتیمالی هەرە زۆر ناوم لەلیستەکە نییە و تازە هەر دەبێ بچمە ئیدارەو خۆمیان پێ بناسێنم. جارێکی دیکە ترس هەڵمەتی بۆ گیانم هێناو بەرچاومی تاریک کرد، بۆ ماوەیەک لە شوێن خۆم وەستام، نەمدەتوانی بیر لەهیچ شتێک بکەمەوە، ئاخر بانگکردن لە ئیدارەوە مانای زۆری هەبوو، خراپترینیان، ڕاپێچدان بوو بەرەو مەرگ، بەڵام ئەو ئیحتیماله بۆ من زۆر دووربوو، لەگەڵ ئەوەش زۆرجار بیرم لەوە دەکردەوە کە لەوانەبێ بیانەوێ کەسانی وەک منیش لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە، بۆ نا! چ بەربەستێک هەبوو وابکا من نەکوژن؟ هیچ! بۆچی ئەوانەی دوای شەڕەکانی ئیسلام ئاباد، لە زیندانەکانەوە، برانە دەرەوە، کەسیان گەڕانەوە؟ نەخێر ! چما کەسیان حوکمی لە سێدارەدانیان لەلایەن دادگاوە بۆ دەرچووبوو؟ نەخێر! لەوانەی دەمناسین، هێشتا هێندێکیان هەر بەگومان گیرابوون، تێیاندا هەبوو شێت بوو، ئەی خوایە! خۆ ئەو شێتە نەیدەهێشت کەسمان بە ئیسراحەت بخەوین، دالغە و خەیاڵ بمانباتەوە، لەگەڵ یەکدی بدوێین . ئەو شێتە هەر لە فیشەکە شێت دەچوو، وەک تەڵقە بەلامانەوە تێدەپەڕی، جاروبار خۆی لار دەکردەوەو نیوە پێچەیەکی دەکرد، تا هێزی لە دەمدادەبوو هاوارێکی لێدەردەچوو، کەسمان لەو هاوارانە تێنەدەگەیشتین، من وا دەهاتە بەرچاوم ڕەنگبێ کەسێک لە دەروونیدا هەبێ و بەردەوام ڕاوی بنێ و ئەشکەنجەی بدا. من لەوە تێنەدەگەیشتم بۆچی ئەو شێتەیان لەگەڵ ئێمە دانابوو؟ ئەگەرچی لە نێو زیندان وا بڵاوببۆوە کە (حەسەنی سنەیی ) شێت نییە، ئەوە نمایشی شێتێتی دەکا! بەڵام من باوەڕم بەو قسانە نەبوو، زۆرجار بەنهێنی دیقەتم دەدایێ، ئەو نەک هەر شێتێکی ئاسایی نەبوو بەڵکو ئەگەر زۆر تورەت بکردایە دەستیشی دەوەشاند و پڕ بە دەمیشی هاواری دەکرد:

-- دەیوس، دەیوس!

ئێمە تا ئەو ڕۆژەی لەگەڵماندا بوو هەر پێمان دەوت (حەسەنی سنەیی)، بەڵام کاربەدەستانی زیندان ناویان بۆ (حەسەنی دەیوس) گۆڕیبوو. تۆ بێنە بەرچاوت حەسەنێک لەو گەڕەلاوژێیەی مەرگدا ونبکرێ، بۆ دەبێ منیش بیر لە مردن نەکەمەوە؟ تۆ وەرە و بەچاوی خۆت ببینە کە من دەچمە بەردەمی ئیدارە، بزانە چۆن مامەڵەم لەگەڵدا دەکەن، چیم پێدەڵێن، بۆ کوێم دەبەن.. کە چوومە بەر پەنجەرەی ئیدارەی زیندان زەلامێک کە ئەگەر بتانپێوایە سێ هەندەی من بوو، سیمایەکی پڕ لوغزو پڕ پرسیاری هەبوو،کە لێم پرسی:

-- من ناوم سەرانە.. ئێوە بانگتان کردبووم.. فەرموون ئەوە هاتووم.

یەکسەر لە کاغەزەکەی بەردەمی وردبۆوە، بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکا، شتێکی لەسەر پارچە کاغەزێک نووسی و دای بەمن، لەسەرخۆش وتی:

-- بێرەدا بڕۆ و ئەم نامەیە بدە ئەو پۆلیسە!

من بەڕاستی نەمدەتوانی بەرێکوپێکی بیر لە هیچ شتێک بکەمەوە، ئاخر ئەو شێوە بانگکردنە بۆ لێکۆڵینەوەش نەبوو، من شارەزای هەموو جۆرە بانگکردنێک ببووم، کەچی ئەوجارە سەرم لێدەرنەچوو، تازە دەبووایە هەر بچم. کە لە پۆلیسەکە نزیک بوومەوە، نامەکەم دایە دەست، خێرا بۆم هەڵسایەوە و منی وەپێش خۆی دا، ویستم بەپۆلیسەکە بڵێم (بۆ کوێ دەمبەن؟) کەچی لەوە دەچوو ئەو ئامادەیی گوێگرتنی نەبێ. سەیر ئەوەبوو لە چەند دەرگایەک دەرچووین، لە شوێنێک ڕایگرتم و تەسلیم بەکەسێکی چەکداری کردم، من وەک مەڕێکی گێژم لێهاتبوو چاوەڕێی ڕووداوی لە ناکاوو چەقۆی دەستی قەسابێکم دەکرد. ئەوەی زۆریش جێگەی سەرسوڕمانی من بوو، منیان بردە نێو باخچەیەک و لەوێ وەستاندمیان. لە پڕ ئەوەی پێشبینیم نەدەکرد و قەتیش بیرم لێ نەکردبۆوە، بینیم. سەرەتا لە شوێن خۆمدا تاسام، وام هەستکرد خەونێکی خۆش و پڕ تەلیسم دەبینم، (ئەو) چاوەڕێی ئەوەبوو کە زۆر بەگەرمییەوە بەخێرهاتنی بکەم، بەڵام نازانم بۆ نەمتوانی، (ئەو) بەخێرایی بۆم هاتە پێش و خەریک بوو باوەشم تێوەربێنێ، کەچی من لە ترسی کارمەند و پۆلیسەکانی ئەوێ هیچم نەکرد، تەنیا بزەیەکی شیرینی پڕ مانام بۆ فڕێ دا، ئەویش تۆقەییەکی گەرمی لەگەڵ کردم و پەنجەکانمی گوشی. پێم سەیربوو کە بەتەنیا بۆ دیتنی من ئەو هەموو ڕێگایەی بڕیبوو، من دەمزانی لەو شوێنانەدا دەبێ زۆر بە پارێزەوە قسەکانم بکەم، چونکە چاودێری دەکرام، ئەویش هەر زوو لەوە تێگەیشت. من کە لێم پرسی (چۆنە بەتەنیا هاتووی؟) لەسەرخۆ و بە زەردەخەنەیەکی ناسکەوە وتی:

- ئەگەر هەر کەسێکم لەگەڵ بووایە نەم دەتوانی بتبینم!

زەرفێکی دایە دەستم، داوای لێکردم لە دواییدا بیکەمەوە. (ک) هەموو شتێکی بەچاو و جەستە پێدەگوتم، دیتنی ئەو لە زیندانێکی دوور وڵات و ئاوا ترسناک، سڕینەوەی دیمەنەکانی زیندان و زەمەنێک لە ئازارەکان بوو. لە بێدەنگییەکی کورتی نێوانماندا وتم:

- چۆن نەترسای بێیتە ئێرە؟

خێرا ڕووی گەش و چاوە بزێوەکانی نیشاندام و وتی:

- لەبەر ئەوەی تۆ ئازابوویت !

من هیچ قسەیەکی دیکەم پێنەکرا، چونکە هەموو شتێک بەدیتنی ئەو و قسەکانی ئەو، گۆڕانیان بەسەر داهات. هەستم بەهێزێکی بێسنوور دەکرد، لەوە دەچوو بتوانم دیوارەکانی زیندانیان پێبڕوخێنم! ئەگەرچی ئەو دیدارەمان زۆر کورت بوو، بەڵام بۆ من شەوو ڕۆژەکان مانای زەمەنی جارانیان لە دەستدا. من بەر لەوەی زیندانی بکرێم (ک)م زۆرجار دەبینی، چەند جارێک لە نێو باخچەی ماڵەوەیان پێکەوە دادەنیشتین، باسمان لە زۆر شت دەکرد تەنیا لە خۆشەویستی نەبێ!



## فەرهەنگی ناوو نازناوو ناوو ناتۆره

**عەبدولوەهاب شێخانی**

یەکێک لەوگۆیندانە، کە بە "تالب مەجید" کە بە "تەڵە" بەناوبانگ بوو.
تەمەر: تەمێ: ناوی کوڕانە.
تبۆ: ناوی ژنانە.
-ج-
جەمال: جەمۆ.
جەلیل: جەلۆ:. جەلە.
جەوهەر: جەوەر.
جەواهێر: جەوە: جەوێ.
جەعفەر: جەفعەر: جافر: جەحۆ: جەمە: جاجێ.
جەمیل: جامیلە: جەمۆ.
جهانگیر:جانگیر.
جبرایل: جبە: جبۆ.
جەرگۆ: سووکەلە ناوی جەعفەر.
-ح-
حەسەن: حەسۆ:. حەسکۆ: حەسەکە: حسە.
حسێن: حوسە: حوس: حەسۆ.
حیکمەت: حەکۆ: حیکۆ.
حەبیبە: حەبێ: حەبە.
حەفسەت: حەوسەت.
حەیدەر: حەیدۆ.
حەمزە: هەمزە.
حاتەم: حەتک: حەتەکە: حەتەم: حەتۆ.
حەمەلە: حەمە تەوسوودی.. رامان- ل١٠٨- ژ٤٥.
-ر-
رەشید: رەشۆ: رەشە: رەشێ: رەشۆل.
رەجەب: رەجۆ: جو.
رەمەزان: رەمۆ.
رەفعەت: رەعفەت.
رەفیق: رەفە.
رەسوول: رەسووکە: رەسوو.
رابیعە: رابە: رابی.
-خ-
خالید:خالۆ: خالە: خالند.
خدر: خدە: خدۆ.
خەلیل: خلە: خەل.
نازناوی کاکە+ ڕەنگی ڕوو
نازناوی کاکە+ ڕەنگی ڕوو: بەو کەسانە وتراوە، کە ڕەنگیان جۆرێکەو بۆتە نازناویان.
١- کاکە سوور: کاکە+ سووری ڕووی.
٢- کاکە رەش+ کاکە+ ئەسمەری رووی.
٣- کاکەشین: کاکە+ رەشی روخسار.
٤- کاکە بۆر: کاکە+ بۆری روخساری.
٥- مامە رەش: مامە+ رەشی روخساری.
نازناوی بیانی
بریتییە لەو نازناوانەی کە لەزمانی عەرەبی و تورکی و زمانی تری بێگانەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی و بەکارهاتووە.
نازناوی سینی و هیتر
١-سینی:
ئیبۆ سینی: رەنگی دەم و چاوی بە سینیان دەچوو
٢- سکۆرت: خەڵکی سکۆتلەندەی بوو. عەبدوڵڵا سکۆرت.
٣- سیکە: چاوشینی وەکو رووسیان. عوسمان سیکە.
نازناوی عەرەبی
زۆر کەس لە کوردستان نازناوی عەرەبی هەبووە، بەم شێوەی خوارەوە.
١- گویل: درێژ.
حەسەن گویل، ئیسماعیل گەویل.
٢- کەمال: کەمال شەعبی.
ناتۆره: ناوونەگ: ناونیتکە:
لێرەدا دەمەوێ ئەوەبڵێم، کە ناتۆرە کەوەک نازناوێک بە دوای ناوی ئەو کەسە لکێندراوە. کەسەکە خۆی پێی خۆش نییە ئەو ناتۆرەیەی لە دوابێ. بۆیە من لە جیاتی ناوی ئەسڵی بەشێکم لە ناوەکەی هەڵبژاردووە لەگەڵ ناتۆرەکە نووسیومەتەوە، بۆ ئەوەی کەسەکە زویر نەبێ، بەڵام هەندێ ناتۆرە لە سەرچاوەکان دەرهاتووە بۆ من لەگەڵ ناوەکە نووسیومەتەوەو ناوی سەرچاوەکەشم نووسیوەتەوە. کە لەم سەرچاوەم وەرگرتووە سەر چاوەکە بەم شێوەیە باسی کردووە.
١- فەریکە کەر.
مەلا حەمەدەمین ناوێکی نابوو "فەریکە کەر".
٢- کەللە کەر: بێ عەقڵ. رەعیەتی کەللە کەر و نەفام — حەمەدۆک- ٢- ل ٢٥٤.
٣- بەرخ: لەبەر نەرم و نۆڵی وەیان پێ دەکوت. قادر بەرخ.
٤- بارگین: بێ عەقڵ:
جەنەت بارگین- حەمەدۆک- ل ٧٩.
٥- دێوە: بۆ درێژی و پان و پۆڕی و روخسار رەش محەمەد دێوە.
- مشکۆ:. روخساری وەکو مشک بوو
شەوکەت مشکۆ
- کتک: چاوی شینی وەکو پشیلە
حەسەن کتک.
چاوەش: زۆروەر
عومەر چاوەش لە کۆڕو مەجلسی بێگاناندا زورنابێژی عەولاغا بوو.. خاک- ل٢٠١.
- مام دۆم: رەش بوو لەبەر هەندێ پێیان دەگوت مام دۆمە.
- دەوبەش:. دەمی لەبەر لێو ئەستووری دەکرایەوە- خالد دەوبەش.

**ماویەتی**

# سەروەریی گەل و ڕێزگرتن لە دەستوور

**پارێزەر: کەمال محێدین**

دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵ بریتییە لەو"دەق و بەندانەی"، کە لە رۆژی ٣٠ی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥بۆ یەکەمینجار پەسەندکراوە لەلایەن گەلی کورد و عەرەب و کەمایەتییەکانی ئایینی و نەتەوەیی وڵاتەکەمان بە هەڵبژاردنێک ی"ریفراندۆم"گشتی و نهێنی و ئازادو ئازایانەی راستەوخۆ بونیاتنانی عێراقێکی فیدراڵ و دیموکرات و سەربەخۆ لەسەر بنەماکانی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری و ئاشتی و خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان. بە دروستکردنی کۆماری عێراقی فیدراڵ و دیموکرات و شکۆدار و سەربەخۆ، بۆ سڕینەوەی هەموو ئاسەوارەکانی رژێمی فاشستی گۆڕبەگۆڕو دەستەبەرکردنی هەموو ئاوات و ئامانجە پیرۆزەکانی گەل و نیشتیمان.
لەهەموو وڵاتانی دیموکراتی راستەقینەو دەستوور ناسی بەخۆشمانەوە دەقەکان و بەندەکانی دەستوور لە هەموو دەق و بەندەکانی یاساو راگەیاندن فەرمانەکانی وڵات و کاربەدەستان باڵاتر و بەهێزترن، واتا نابێ هیچ دەقێکی یاسایی یا.... دابنرێت یا کاری پێ بکرێت ئەگەر گونجاو نەبێت لەگەڵ دەستووری وڵات وەک لە ماددەی ١٣ی دەستوور بەیان کراوە.
لە ماددەی٤٩ بەندی یەکەمی دەستوور هاتووەو دەڵێت:ئەنجومەنی نوێنەران پێکدێت لە ژمارەیەک ئەندام بە رێژەی یەک ئەندام بۆ سەد هەزار"١٠٠٠٠٠"کەس لە دانیشتوانی عێراق، ئەم ئەندامانە بە هەڵبژاردنی گشتی و نهێنی و ئازادو یەکسەر دادەنرێن" واتا هەموو ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەران دەبێ لەرێگای هەڵبژاردنەوە دەستنیشان بکرێن و پلەی ئەندامییەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی پێبدرێت، نەک بە بڕیاری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان یا بە بڕیاری لایەنێک یا لیستێکی سیاسی یا ئایینی یا نەتەوەیی.
بەڵام بەداخەوە دووجارە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٦ – ٢٠١٠ چەند کەسانێک پلەی ئەندامییەتی ئەنجومەنی عێراقی فیدراڵیان پێدەدرێت لەژێر ناوی"الكراسی التعویضیة"بێ ئەوەی ئەو کاندیدانە واتا ئەو کەسانە دەنگی پێویستیان بەدەستهێنابێت بۆ وەرگرتنی پلەی ئەندامییەتی ئەنجومەنی نوێنەران بە بیانووی یاسای هەڵبژاردن یا دەسەڵاتی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن یا بەپێی دەسەڵاتی سەرکردایەتی کۆماری یا ئەنجومەنی وەزیران، کە هەموو ئەو یاساو دەسەڵاتانە لە دەستوور بچووکترن و ناتوانن و ناکرێت ئەم چەشنە بڕیارانە بدەن، ئەگەر بڕیاریشیان دابێت ئەوا بەپێی ماددەی"٥٢"ی دەستوور ئەنجومەنی نوێنەران لەماوەی ٣٠رۆژ لە دەستپێکرنی کارەکانی دروستی و نادروستی مەرجەکانی ئەندامییەتی ئەنجومەنی نوێنەران یەکلا دەکاتەوە، واتا ئەوانەی بە هەڵبژاردن نەهاتوون دەبێ بچنەوە ماڵی خۆیان و پاش چوار ساڵی دیکەوە بێنەوە مەیدانی هەڵبژاردن، بەڵکو سەرکەوتن بەدەستبێنن، بەخشینی شەرەفی ئەندامییەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ بەو کاندیدە بەڕێزانەی کە لە هەڵبژاردنەکان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە راستەوخۆ نەک تەنها پێشێلکردنی گەورەو ترسناکی دەستوورە، بەڵکو تێکەڵکردنی سەرنەکەوتووەکانە لەگەڵ سەرکەوتووەکان بەیەک پێوەریش حیسابیان بۆ دەکرێت لە ئەرک و مافەکانیان، کە ئەمەش دژی بنەماکانی دیموکراسییەت و عەدالەتە، هەروەها خودی ئەو کاندیدە سەرنەکەوتوانەش خۆیان بێ هێز و زمان کورت دەبینن لەناو ئەنجومەنی نوێنەران، چونکە دەزانن نە بە هێزی خۆیان و نە بەهێزی جەماوەر بوونەتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران، هەربۆیە هەمیشە بە ترس و لەرزەوە هەڵوێست وەردەگرن لەناو ئەنجومەنی نوێنەران بە رەچاوکردنی پاراستنی کورسییە شلوقەکەیان، لەلایەکی دیکەوە ئەو دەنگانەی، کە بۆ ئەو کاندیدە فاشیلە کۆکراوەتەوە لەملاو لەولا ئەوا بەشی زۆری خاوەنی ئەو دەنگانە رەنگە قەت و قەت رازی نەبن دەنگی خۆیان بدرێتە ئەم کاندیدە سەرنەکەوتووە بێ ئەوەی پرسیان پێبکەن.
لەهەمووی ترسناکتر لەم دیاردەیە ئەوەیە، کە لیستە سیاسییەکان و ئایینی و نەتەوە پەرستە باڵا دەستەکان ئەو کورسی قەرەبووە بەکاردێنن بۆ مەبەستی سیاسی ناڕەوا دژی بەرامبەرەکانیان، هەروەکو لیستی عێراقییە وتی: ٢ کورسییە قەرەبووەکەم لەکەرکووک وەردەگرم، ئەمەش دیارە، کە بۆ دژایەتی کورد بەکاری دێنن، هەروەها هەندێ لە برا شیعەکان لە کوردستان خۆیان کاندیدکرد لەگەڵ ئەوەش دەیانزانی سەرناکەون، بەڵام مەبەستی سیاسی و ئایینیان بەکارهێناو لەپاشان کاندیدە فاشیلەکەیان هێنایەوە ناو ئەنجومەن لەژێر پەردەی کورسی قەرەبوو.
واتا هەموو ئەو کەین و بەین و فرتوفێڵ و پێشێلکردنی دەستووره بەناوی هەر دەسەڵاتێک یا پاساوێک بێت، کە ناگاتە ئاستی دەستوور"ریفراندۆمی"گشتی، بێگومان لە بەرژەوەندی گشتی و ئەزموونی دیموکراسی نییە، بۆیە نەک تەنیا جێگای قبووڵ نییە بەڵکو دەرگایەکی پان و بەرین و ترسناک دەکاتەوە بۆ پێشێلکردنی دەستوور و بنەماکانی دیموکراسییەت، کە تەنانەت لە قازانجی دوژمنانی گەل و نیشتیمانەکەمانە، بۆیە دەبێ بە هەموومان هەوڵبدەین ئەمجۆرە دەرگاو کون و کەلەبەرانە دابخەین، کە دوژمن ئومێدی هاتنە ژوورەوەی هەیە لێیانەوە، بۆیە داواکارم لە سەرۆکی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و گشت ئەندامە سەرکەوتووەکانی ئەنجومەن بەجددی و بێ باکانە هیچ کەسێک قبووڵ نەکەن بە ئەندامییەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەگەر لە رێگای دەنگدانێکی یاسایی تەواوەوە نەبوو ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی عێراقی فیدراڵ، هەروەها ئومێدەوارم چیتر لایەنە سیاسی و ئایینی و نەتەوەپەرستەکان بە فرتوفێڵ دەستوور پێشێل نەکەن و کەسانێکی ناشیاو دزە پێنەکەن بۆ جێگای شیاوو ئەو کەسانەی کۆمەڵگا نایانەوێ بە سەریان فەرز نەکەن، چونکە پێشێلکردن و بەزاندنی سنووری دەستوور نەک پیاوەتی نییە، بەڵکو ماڵوێرانی لەدواوەیەو گەل و نیشتیمان سەروەرو ئاسوودە نابێت.
خۆ ئەگەر مەبەستیش لەوەیە، کە کاندیدە فاشیلەکان خاوەنی ئەزموون و بیرۆکەی سیاسی و یاسایی و زانستی و سەربازی و ئەمینن ئەوا دەکرێت بە گرێبەستی تایبەت لەناو ئەنجومەنی نوێنەران سوودیان لێ وەربگیرێت و پلەوپایەی راوێژکاریان بدەنێ، نەک پلەوپایەی ئەندامییەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە تەنها هی کاندیدە سەرکەوتووەکانە لە هەڵبژاردنەکەی ٢٠١٠/٣/٧.

# ڕووەکی

**د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکە سوور**

نامیلکەیەکم بە زمانی عەرەبی بەناوی فەلسەفەیەک لە چینەوە خوێندەوە، بیروباوەڕی فەیلەسووفێکی چینی تیادا بوو، کە درندەیی و نادرندەیی ئاژەڵانی بە گۆشت خواردن و رووەک خواردنەوە بەستابووەوە، لەم رووەوە باسی لەوە کردبوو، کە ئەو ئاژەڵانەی گۆشت خۆرن درندەن و ئەو ئاژەڵانەی رووەکخۆرن نادرندەن، لەم رووەوەش نموونەی شێرو پلینگ و کەمتیار دەچێتە قالبی ئاژەڵی گۆشتخۆری درندەو کەروێشکیش دەچێتە قالبی ئاژەڵی رووەکخۆری نادرندە.
ئینجا ئەمەی بە سەر مرۆڤدا جێبەجێکردبوو، کە گوایە ئەو مرۆڤەی گۆشت زۆر بخوات توندوتیژ دەردەچێت و ئەو کەسەی رووەکخۆر بێت نەرم و نیان دەبێت، نموونەی بە پاشاکان و سەرکردەکانی سوپا هێنابۆوە، کە چۆن لەبەرئەوەی زۆر گۆشتیان خواردووە، زوو بڕیاری شەڕیان داوەو خەڵکیان بە کوشت داوە.
لەسەرەتادا ئەم نووسینەم پێ ماقووڵ بوو، بەڵام دواتر بیرم کەوتەوە خۆ من جووجەڵەو مریشکم بینیوە گۆشتیان خواردووە ئەگەر بۆیان رێک کەوتبێ، هیچ درندەش نین. ئینجا بەبیرم هاتەوە هیتلەر رووەکی بووەو چ درندەیەک بوو و ملیۆنەها کەسی بەکوشتن داو زۆر گۆشت خۆریش هەن مریشکیشیان پێ سەرنابڕدرێ، بۆیە گەیشتمە ئەو باوەڕەی مەرج نییە هەرچی بەناوی فەلسەفەوە بووترێ راست بێ و هەرچی خۆشی لێمان بکات بە فەیلەسووف شایانی ئەوە بێت نووسینەکانی بخوێنینەوە و گوێ لەقسەکانی رابگرین یان ئەگەر واشمان کرد با هەر نەبێ ئەوەندە خۆش باوەڕ نەبین بەتەواوی باوەڕی پێ بکەین. ئەگەر فەیلەسووفەکەش یان بەناو فەیلەسووفەکە چینیش بێت.
رووەکییەکان، گۆشتخۆرەکان بەوە تاوانبار دەکەن، کە ئەوان خۆپەرستن و بێ بەزەیین، لە پێناوی خۆش و چێژییان ئاژەڵ سەر دەبڕن و گۆشتیان دەخۆن، بەبێ ئەوەی حیسابی ئەوە بکەن، کە ئەو ئاژەڵانەش رووحلەبەرن، گوناهن!
گۆشتخۆرەکانیش وەڵامییان دەدەنەوە، کە جۆرە هاوسەنگییەک لە سروشتدا هەیە، مرۆڤ دەتوانێت ئاژەڵ و رووەک بخوات، بەڵام هەندێک ئاژەڵی گۆشتخۆرە و هەندێکی تریان رووەکخۆرن، بۆیە کاتێک مرۆڤ تەنیا ببێتە رووەکخۆر، ئەوا کێبڕکێ لەگەڵ ئاژەڵدا دەکات لە خواردنیاندا، بەتایبەتی ئاژەڵی رووەکخۆرە کەم تواناکان لە رووی جەستەییەوە، بۆیە پێیان وایە، کە مرۆڤە رووەکییەکان زیاترین زوڵم لەو ئاژەڵانە دەکەن.
رایەکی تر هەیە دەڵێ ئەوە هەر مرۆڤ و ئاژەڵ نین رووحلەبەرن، بەڵکو هەموو شتێک لەسروشتدا لەوانەش رووەک رووحی هەیە، ئەوە نییە رووەک تەمەنی هەیە، وشک دەبێ، نەخۆش دەبێ و چارەسەردەکرێ بۆ گەڕان بەدوای ئاو لە ژێر زەویدا ڕەگی لەناو خاکدا درێژ دەکاتەوە، بۆ نموونە گوڵەبەڕۆژە بۆ مانەوەی رووی خۆی بەلای خۆردا وەردەگێڕێ، باس لەوە دەکرێ درەخت هەبێ تەمەنی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەسیح خودای لێ رازی بێت، واتە پتر لە دوو هەزار ساڵ، کە ئەم تەمەنەش لە تەمەنی مرۆڤ و ئاژەڵ پترە. کەواتە هەر خواردنی گۆشت نابێتە هۆی لەناوبردنی رووحلەبەرێک، بەڵکو رووەکخۆرەکانیش رۆحی رووەکەکان لەناو دەبەن!
ململانێ لەنێوان رووەکییەکان و گۆشتخۆرەکان دوورو درێژ و بەردەوامیشە و هەریەکە لە دوو لایەنەکەش پاساوی خۆیان هەیە.
لەکۆتاییدا من پێم وایە کە رووەک و گۆشتخواردن ئەگەر زێدەڕۆیی تیادا نەکرێ، هەریەکە چێژو سوودی خۆی هەیەو رووەک لە روویەکی تریشەوە بۆ مرۆڤ گرنگە، کە ئۆکسجینمان بۆ فەراهەم دەکات، کە ئاژەڵ ئەوەمان بۆ ناکات.

# سەرپێچی و فڕوفێڵ و لە هاووڵاتیان

**هۆشیار کۆیی**

هەر لەدوای راپەڕینەوە و لەبەر لاوازی چاودێری دەزگاکانی حکومی، سەرپێچی و فڕوفێڵەکی بەرچاو تەشەنەی کردووە، بە تایبەتی لە بوارەکانی خۆراک بە چێشتخانەکانەوە و دەرمان و بەنزین و... هتد، هەر لە مانگی رابردوودا دوو هاوڕێم کە یەکێکیان دکتۆرە و مامۆستای زانکۆی سەلاحەددینە، بە خواردنی یانەکانی هەولێر تووشی ژەهراویبوون بوون، ئەو مامۆستایەی زانکۆ ماوەیەکیش لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن بۆ چارەسەر مایەوە.
بەڕەڵڵاییەک لە دەرمانخانەکان هەیە هەر مەپرسە، بڕوا بکەن حەب و دەرمان لە دەرمانخانەیەک بۆ ئەوی تر جیاوازییەکی زۆری هەیە، جار هەیە دەگاتە ١٠،٠٠٠ دینار بۆ یەک شووشە حەب، بەڵگەشم بۆ قسەکەم هەیە، لە وڵاتی ئوردن بۆ نموونە لەسەر هەر حەب یان دەرمانێک نرخی لەسەر نووسراوە و مۆری سەندیکای لەسەرە و کەس ناتوانێ یەک فلس زیاتری بفرۆشێ.
ئایا ئەمە سستی نییە لە کارەکانی وەزارەتی تەندروستی؟!.
باشە ئەوا نزیکەی ١٩ ساڵە کەسانێک هەن فڕوفێڵ لە بەنزین و نەوت دەکەن و زیانییان لە سەدان ئۆتۆمبێلی هاووڵاتییان داوە و دواتر سزایەکی سووکیان بەسەر سەپاندوون و فڕوفێڵەکەشیان دووبارە و سێ بارە بوویتەوە، ماوەیەکە لێژنەی بەدواداچوونی سەرپێچی بەنزینخانەکان دەسبەکار بوون، هیوادارین لە کارەکانییان بەردەوامبن.
لە زۆر وڵات سزای سەرپێچی و ساختە لە هاووڵاتییان زۆر قوورسە، بۆیە لای ئەوان زۆر کەمتر دەبینرێ.
لە کۆمەڵگاکەی ئێمە کەسانێکی مشەخۆر هەن، کە گیرفانییان بە فڕوفێڵ پڕکردووەو تەلارو باڵەخانەیان پێ دروست کردووە لافی پێ لێدەدەن و بە پارەکەش حەج و عەمرەی پێدەکەن و دەڵێن: لەخودای بەزیاد بێ.
لەو رۆژانە لێژنەی سەرپێچی بەنزیخانەکان لە قائیمقامیەتی هەولێر لەبەرئەوەی پێوەری بەنزینەکانی ٨ بەنزینخانە فێڵی لێکرابوو و لەبڕی ١٨-١٩ لیتر ٢٠ لیتری دەخوێندەوە، لێرە ئەو بەنزینە دزراوە لە هاووڵاتیان، جا رۆژانە و مانگانە و ساڵانە چەند دەکا؟
گومانم لەوە نییە کە پارەیەکی یەکجار زۆر دەکا!!با بزانین لەسەر ئەو فڕوفێڵە گەورەیە چ سزایەک دروان،پێیان راگەیاندن کە بەنزینخانەکانتان دابخەن تا ئەو کاتەی کە پێوەرەکانتان چاک دەکەنەوە و بەڵێننامەش پڕبکەنەوە، ئەو بەنزینە زۆرەی لە هاووڵاتیانیش دزراوە، "عفی الله عماسلف".
با یەک دوو قسەش لەسەر شارەوانی ئەو شارە بکەین، کە خاوەنی شەش بەشی شارەوانییە و تا ئێستا سەرپێچی سەر شۆستەکانی پێ چارەسەرنەکراوە، نموونەش زۆرە و لە زۆر شوێن هاووڵاتی لەسەر شەقام دەڕواو تووشی کارەسات دەبێ و دووکانداریش شۆستە بە موڵکی خۆی دادەنێ!!. تا ئێستا لۆری و ترێلە و شۆفەڵ لە کۆڵانەکان بە شەو و رۆژ دەوەستێ و تەنانەت هەندێکیان کاری فیتەری ئەنجامدەدەن و هاووڵاتیان بێزار بوون.
سەرپێچی لەسەر کارەبای بیرەکان، ئەوا چەندین ساڵە تا ئێستاش بەردەوامە.
بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆش لەبەر زۆری ئۆتۆمبێل سەرپێچی پێ کۆنترۆڵ ناکرێ، راستە دەبێ هاووڵاتیانیش بە رێنماییەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەو یاساکانی هاتووچۆ پابەند بن، بەڵام ئێمە لە وڵاتێک دەژین، دەبێ لەگەڵ ڕۆشنبیرکردنی هاووڵاتیان هەر لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە لە منداڵییەوە بە ڕێزگرتن لە یاسا پەروەردە بکرێن. زۆرجار لای راستی شەقامەکان کە بۆ رۆیشتنی ئۆتۆمبێل کراوەیە، بەڵام بە وەستانی ئۆتۆمبێلی تر دەگیرێ، کەچی پۆلیسی هاتووچۆ بێدەنگ دەوەستێ و ڕێگایەکە واڵا ناکا.
لە زۆر وڵات کاتی قەڵەباڵغی ئەفسەرانی پلە بەرزی هاتووچۆ ژوورەکانییان جێدەهێڵن و بەسەر شەقامەکان دابەش دەبن و بەدواداچوون دەکەن. خۆزگە لای ئێمەش بەهەمان شێوە ژوورە فێنک و سێبەر و سبلیتەکانیان جێدەهێشت و لە خزمەتی شارەکەیاندا دەبوون.
لەکۆتاییدا دەڵێم، میللەتی کورد ستەم و ئازاری زۆری دیوە، با لەسەر حیسابی ئەو میللەتە کەس بە فڕوفێڵ گیرفانی پڕنەکاو بەماوەیەکی کورت خۆی دەوڵەمەند نەکا.
یاساش بە کردەوە و بە یەکسانی با سەروەر بێ و لێژنەی چاودێری و لێپێچینەوە لە کارەکانیان سست نەبن و لەلایەن دەزگاکانی پەیوەندیدار ئەوانیش چاودێری بکرێن، بۆ ئەوەی ژیان و سامانی هاووڵاتیان پارێزراو بێ.

# میتۆلۆژیا و داستانەکانی هیندوستان



**د. ئیسماعیل قەرەداغی**

بیردۆز و هیڵکاری گشتی داستانی ئەسکەندیناڤیی کۆن زۆر لە ویژەی هیندوستانی کۆن دوور نییە، بە تایبەتی نموونەی مهابهاراتا "٤٠٠پ. ز" و رامایانا "٣٠٠پ. ز". داستانەکەی یەکەیان بە لە دایکبوونی ڤیاسا "Vyasa" دەستپێدەکات. ناوی تەواوی ئەم خواوەندە "کریشنا دوائیپایانا ڤێدیی یاسا"یە، واتای ناوەکە بەم جۆرە لە پەرتووکە پیرۆزەکانی هیندوستان راڤەکراوە: کریشنا= واتا رەشپێست، دوائیپایانا-واتا لەنێوان دوو دوورگە، لەنێو دوو خاک: ڤێدیی یاسا= واتا زانای دین و یاساناسی پەرتووکی ڤێدای ئاسمانی هیندوستان.
ناوی "ڤیاسا" کورتەی ئەم نازناوە وردە. ڤیاسا نەمرە، مەزنە، چاکە، تەنها بۆ بڕواداران لە کاتی تەنگانەدا خۆی دەردەخات، تەنانەت ئێستاش لەو وڵاتەدا. بەڵام ئەگەر خۆی دەرنەخست بۆ بڕواداران، ئەوا واتای ئەوە نادات، کە ئەم بوونەوەرە هەبوونی نییە. بە پێچەوانەوە، زانایانی کریشنای ئەمڕۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە "ڤیاسا" هەیە و مەحاڵە وجوودی نەبێ. سیستەمی هەموو زەوی، مانگ و خۆر و ئەستێرەکان تێکدەچوو، ئەگەر "ڤیاسا" هەبوونی نەبووایە.

چۆن ڤیاسا لە دایکبوو؟

هەزارها ساڵ بەر لە زەمانی مهابهاراتا، پاشاییکی گەورە و دادوەر بەناوی "ئووپەری چارا" دەناسرا، زۆر خودای خۆی دەناسی، زۆر ئیندرای خواوەندی خۆی خۆش دەویست. بە شەو رۆژ هەر خەریکی نوێژ و رۆژوو بوو.
هاوسەرەکەشی زۆر جوان و بێ وێنە بوو. ئەویش زۆر خواناس بوو و بە شەوو رۆژ خەریکی نوێژ و رۆژوو بوو.
داوای ئەوان لە ئیندرا ئەوە بوو، کەوا منداڵیان ببێ بەبێ ئەوەی نوێژ و رۆژووی خۆیان بشکێنن.
ڤێجا، ئیندرا وایکرد کە ئووپەری چارا سەفەری دوورگەی رۆژئاوا بکات و خانمەکەشی "شاژن گیریکا" گەشتی دوورگەی پەرستگای رۆژهەڵات بکات.
پاش چل رۆژ و چل شەو نوێژ و رۆژوو و بێخەوی، کە هەر یەکێک لەم ژن و مێردە بەڵێنیان دابوو بە "ئیندرای خواوەند" پێوەی پابەند بن، پاش ئەم ماندووبوونە و دوورکەوتنەوە لە یەکدی، کەوتنە خەوێکی درێژخایەن و لە جیهانی ناسراو بە "جیهانی سێبەرە رووحییەکان" رووحی ئەم دوو خواپەرستە یەکیان گرتەوە، ئیندرا تۆی هۆشمەندی و دانایی و یاساناسی و ئایینناسی و دادوەری و " هەزارەها شتی جوانی دیکە"ی بە ئامادەبوونی "ئووپری چارای" مێردی ناشتە ناو مێشکی گیریکای بێگوناه.
لەپاشان، هەریەکێ لەم دووانە لەخەو هەستان و ئاگایان لەوە بوو، کە هەزارەها میل لەیەک دوورن، کە گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان، دیتیان کەوا ماسییەکی زۆر گەورە پێشوازیان لێ دەکات و دەڵێ: "گەورەی ئەم جیهانە، ئەوە ئەمانەتە و تەسلیمتان دەکەم"، ماسییەکە کە بزر دەبێ، لەجێی ماسی منداڵێکی رەش و جوان و زیرەک قسەدەکات "بەردەوام بن لەسەر نوێژو رۆژوو، ئیندرا زۆر لە ئێوە رازییە!" منیش هەرچەندە منداڵم، فێرتان دەکەم چۆن یاسای ئیندرای باوکی هەموو کەون بپارێزن و هەواڵەکەی ببەن بۆ هەموو دوورگەکان و ئەستێرەکان"، پاشاو هاوسەرەکەی تێدەگەن، کەوا پێویستە پاشایەتی خۆیان بگاتە هەموو دۆڵ و هەموو شاخ و هەموو خاکێک، نەک بۆ پایەبەرزی بەرژەوەندی خۆیان، بەڵام بۆ بەرژەوەندی ڤیاسای کوڕیان، لە هەمان کاتدا ئیندرای باوکی باوکانی گشت جیهانی ئاسمانی هیندوستانی کۆن"

**بەشی دووەم**

## کتێبێکی نوێی د. ئیسماعیل قەرەداغی

# بڵاوبوونەوەی ئەسکەندناڤییەکان لە چواردەوری وڵاتدا

**خوێندنەوەی بەدرخان**

فەیلەسووفی گەورەی ئیتاڵیا "بنیدیتۆ کرۆتشە" بڕوای وایە، کەوا مێژوو بریتییە لە چیرۆکی ئازادی و رزگاری. داستانەکان و چیرۆکی قارەمانی نەتەوەیی، قۆناغێکن پێش قۆناغی فیکری لۆژیک و بیری زانستیانەن. قارەمانی نەتەوەیی خاوەنی مێشکێکی زۆر ئاست بەرزن و بەشێوەی لۆژیکانەوە بیردەکەنەوە، بۆیە بەزیرەکی و بە ژیری مامەڵە لەگەڵ گەلەکەیان دەکەن، بە تایبەتی لەگەڵ جەنگاوەرەکانی خۆیان مامەڵەیان زۆر بەرهەمهێنەرە. ئۆلاف قارەمانی ئەسکەندناڤیاجەنگاوەری زۆری هەیە، بەکاریان دەهێنێ بۆ رزگارکردنی میللەتانی باکوور، ئۆلاف کوڕی توورخا مارای خانمی ئۆقیانۆس جەنگاوەری ڤایلینگ دەنێری بۆ لۆمباردیا و نۆرماندیا و دالماشیا و هیلڤیشیا و گریکیا و سلاڤیا بۆ ئەوەی دادوەری و یەکسانی لە دەست نەڕوا. بەڵام! مرۆڤ بوونەوەرێکی سەیرە! لەجیاتی رووناکی، داوای تاریکی دەکات! لەجیاتی رزگاربوون لە ستەمکاری، داوای بەردەوامبوونی کۆیلایەتی دەکات! ئۆلاف قارەمانی ئازادی ئەسکەندناڤیایە، بڕ بڕەی پشتی سیستەمی نوێ کە لەسەر بنەمای توانست دروست بووە، نەک لەسەر بنەمای بۆماوەیی چینی دەرەبەگایەتی "سیستەمی فیودالی کۆن".



د. ئیسماعیل قەرەداغی

جیهانی "بڵاوبوونەوەی ئەسکەندناڤییەکان لە گشت وڵاتان" جیهان گۆڕانکاری لە دۆخی لۆکاڵ بۆ دۆخی گلۆباڵ، لە دۆخی سیستی بۆ دۆخی کارایی، لە بێدەنگی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەی چارەنووسساز.
رووداوەکان زۆر گرنگن: ئۆلاف جەنگاوەری خۆی دەنێرێتە جەنگی گەورە دژی هێزی تاریکی بەناوی "ڤۆلکانۆ" خواوەندی بورکانەکان و ئاگر و خراپەکاری، خۆی و جەنگاوەرەکان دەتوانن ڤۆلکانۆی خراپ بگرن و بەندی بکەن لەبن حەوت چینی ژێر زەوی. هەر جارێک بوومەلەرزە یان بورکانێک روودەدات، ئەوا واتا "ڤۆلکانۆ" بەتەمای جموجۆڵە. پەرتووکەکەش بریتییە لە "١٢٠" لاپەڕە، کە پوختەی چیرۆک و داستان و رووداني هەڵبژاردەی ئەسکەندناڤیایە، چونکە ماددەی سەرچاوەکانی رەسەن، بە شیعر نووسراون، بەڵام مەرج نییە شیعر بکرێ بە شیعر، تەنها نۆ پارچەی کراوە بە شیعر لەبری سەدو بیست پارچەی دەقە ئەسڵەکەی.
خوێنەر ئاشنادەبێ لەگەڵ کۆمەڵە ناوی سەرەکی لە ئەدەبیاتی جرمانی وەکو توور، مارا، ئۆلاف، ئۆدین، راڤین، ئۆلگا رانگارۆک، ڤوویلوسویا، لۆکی، فینیریس، هایمدال، ترۆل، ڤیلی، ڤێ، یمیر، ئاود هومبلا، ئاسگارد، جیالات، ڤیدار، خرایەر، فریجیا، هاکن، هارکوون، کودرون، ئادولفوس، ڤایکینگ، هتد...
لەکۆتاییدا، ئەم پەرتووکە دەتوانێ بمانباتە جیهانی ئەسکەندناڤیای کۆن و بەسەلامەتی بمان گەڕێنێتەوە بۆ سەدەی بیست و یەکەم دوا بەدوای گەشتێکی تەواو لەناو جیهانی ڤالهالا و ڤالکووری و ئاسخاردی ئۆلاف و تووری مەزن.
ئەم پەرتووکە ساڵی ٢٠٠٨ دەرچووە، کۆمپانیای عەنکاوا میدیا بەچاپی گەیاندووە، بریتییە لە ١٢٠ لاپەڕە جگە لە پێشەکی و وێنە و هێڵکاری. کورتە و پوختەی رۆحی داستانەکانی وڵاتانی ئەسکەندناڤیا بەشێوەی ئاسانکراو کراوە بە زمانی عەرەبی.



## کاکم گۆتی



**سەرتیپ جەوهەر**

## وەزارەتی شارەوانی بۆمبی تێدایە

کاکم گۆتی چەند رۆژێک بەر لەئێستا لەپڕ وەزارەتی شارەوانیء گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان لەفەرمانبەرانی چۆلکرا لەترسی تەقینەوە، بەگومانی بومبێکی تەوقیتکراو لەناو باڵەخانەکەدا، هەرزوو کەوتینە تەعقیبکردنی هەواڵەکە، دوایێ دەرکەوت هیچ نەبووەو ئەفسەرێکی ئاسایش بەهەڵە وەزارەتی شارەوانی ئاگادارکردۆتەوە لەبوونی بۆمبێکء هیچی دیکە.
هەر کاکم گۆتی بەرلەماوەیەکیش لەپڕ فەرمانبەرو هاووڵاتیان لەبەڕێوبەرێتی پۆلیسی هاتوچۆ ئاگادارکرانەوە بەپەلە بچنەدەرەوە بەگومانی بۆمبێک لەنێو بەڕێوبەرێتییەکە، خەڵکیش تەنگەتاو، ترسگرتوو بەلێشاو خۆیاندەکرد بەدەرگای چوونەدەرەوە.
لێرەدا پێویستە هەڵوەستەیەک لەسەر ئەم دوو رووداوە بکەین، چونکە هیچ نەبێت بارێکی دەروونی خراپ بۆ هاووڵاتیان دروستدەکات، ناشکرێت بەئاسانی بوترێت:"هیچ نەبوو بەهەڵە ئەفسەرێکی ئاسایش وەزارەتی ئاگادارکردۆتەوە"، بەتایبەت هەڵەکردن لەنێوان بنکەیەکی پارکی گەورەی هەولێر لەگەڵ وەزارەت، بەراستی هیچ کاممان ئیقناع ناکات.
ئەگەر لە وڵاتێکی دیکەی پێشکەوتوو بوایە نەخاسمە لەئەمریکا ئیدی بارێکی نائاسایی دروستدەبوو، دەبووە سەردێڕو هەواڵی یەکەمی کەناڵەکانی راگەیاندن، ئەمەو رێبەرانی ئاسایشیش روونکردنەوەی پێویستیان لەمەڕ رووداوەکە دەبوو بۆئەوەی هاووڵاتیان دڵنیا ببنەوە لەوەی هیچ شتێک نەبووە، هاوکات کاریش دەکرا بۆئەوەی رووداوی لەوشێوەیە دووبارە نەبێتەوە.
بەڵام کاکم گۆتی لەدوای ئەم رووداوە تائێستا دەزگای ئاسایشء پۆلیس هیچ روونکردنەوەیەکیان نەبووە بۆ رووداوەکە، ئەمەش لە دوو لاوە زیانی دەبێت، لەلایەک هاووڵاتیان لە دڵەڕاوکێیء بەگومانەوەدەڕواننەئەمرووداوانە، بەتایبەت لە دووبارەبوونەوەیدا پرسیاری زیاتر دروستدەبێت، لەلایەکی دیکە کرانەوەی دەرگایە بۆ بڵاوبوونەوەی پڕوپاگەندەو سیناریۆی ناراست، هەر بۆنموونە لەماوەی بەدواداچوونی رووداوەکەی ناو وەزارەتی شارەوانی تاگەیشتینە راستییەکان چەندین سیناریۆمان گوێ لێبوو، وەک بیستمان ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو دێتە پارک یان گەراجی وەزارەت، یان بیستمان ئاسایش هاتۆتە وەزارەت سێ کەسی دەسگیرکردووەو فەرمانبەرانیشی ئاگادارکردۆتەوە دەستبەجێ وەزارەت چۆڵبکەن..تد، دڵنیاشبن پڕوپاگەندەی زیاتریش بڵاوبوویەوە تا بڵاوکردنەوەی لێدوانی رەسمیی وەزارەت لەبارەی هۆکاری چۆڵکردنەکە.
بەکورتیء کرمانجی دەشێت دوو قسە لەسەر رودواوی لەو جۆرو شێوەیە بکەین، ئەویش دەزگای ئاسایش لەهەولێر لەمەڕ رونکردنەوەی راستیی ئەمجۆرە رووداوانە نەک خەمساردە، ئەمەش جێی رەخنەیە، چونکە سەرەنجام بەشێک لەپڕۆپاگەندەکان ڕووبەڕووی خۆیان دەبێتەوە، ئەمە جگە لەوەی دەبێتە هۆی وەستانی کاروباری وەزارەتێک یان بەڕێوبەرێتی پۆلیسی هاتوچۆ، کە خەڵکێکی زۆر رۆژانە روویان تێدەکات بۆ مامەڵەکردن، ئەمەش زیاتر هاندەرە بۆئەوەی پرۆپاگەندەکان زووتر بڵاوببنەوە.

# تەنز

وەکو رۆژانی تر، بەیانی زوو خۆم گۆڕی و بەرەو باخچەکەم رۆیشتم، کە کەوتبووە دامێنی گوندەکەمان، ئەفسووس ئەوەی جێی پێ لەقکردم کەوتنی تەرمی مرۆڤێکی نەناسراو بوو، لەسەر چەقی ئەو رێگایەی منی دەبردەوە سەر باخچەکە، تەواوێک شڵەژام، بە هەڵپەیەکەوە خۆم گەیاندە سەر تەرمەکەو تێیرامام ئێستاش نەمزانی کێیە، داهاتمەوە کەوتمە پشکنینی باخەڵەکانی وەلێ لەیەک لە باخەڵەکانی نەختێ پارە و ناسنامەیەکی تێدابوو، پارەکە و ناسنامەکەمدەرکردوتەماشامکرد شوێنی لە دایک بوونی کابراکە نووسراوە گەڕەکی عەدالە لەو سەروو حەدە بێ ئەوەی ئەوەم بەخەیاڵدا بێت بچم مەخفەری پۆلیسی لێ ئاگادار بکەمەوە بەپێ چوومە سەر جادەی سەرەکی و لە رێگەدا تووشی دوو ئامۆزای خۆم بووم، کە پرسیاری ئەوەیان لێکردم بۆ کوێ دەچم، باسی تەرمەکەم بۆ کردن و وتم گوناهە ئەو تەرمە هەروا لێرە بکەوێ دنیا گەرمەو رەنگە بۆگەن ببێ، بۆیە چاوەڕوێی ئەو ئۆتۆمبێلانە بووم، کە لەسەر جادەکە تێدەپەڕین یەک لەو ئوتومبێلانە رایگرت تا منی گەیاندە شار، کە لە گەراج دابەزیم یەکسەر لەسەر حیسابی خۆم تەکسییەکم بۆ گەڕەکی عەدالە گرت و لە ئەوەڵی گەڕەکەکە دابەزیم، بەو گەرمایە کەوتمە لە دەرگادانی ماڵان و پرسیاری ماڵی ئەو کابرایەم کرد، کۆڵانی یەکەمم هەموو کوتاوە، کەس نەبوو بڵێ دەیناسم، کۆڵانی دووەمم هەر بەپێ کوتاوە، کەس نەبوو بڵێ دەیناسم، هانکە هانکم پێکەوت، لە دەروونەوە دەمووت: بزانە لە هیچ و خۆڕایی چیم بەخۆم کرد، وەها بێزار بووم، وتم: ئەگەر لەو کۆڵانە هیچم بەردەست نەکەوت رێ و رێ دەگەڕێمەوە گوندی یان دەچمە مەخفەرێک و لەو رووداوەیان ئاگادار دەکەمەوە، وەلێ لەو کۆڵانە کە نزیکی سەد سەدوپەنجا ماڵ دەبوو لە دوا ماڵ کاتێک لە دەرگایانم دا، ژنێکی بە ساڵاچوو وتی: زیاتر لە دوو ساڵ دەبێ ماڵیان لەم کۆڵانە بووە خانوویێکی لەو کۆڵانەی پشتەوە کڕیوە گوایە چووەتە ئەوێ.. بەو سەرەداوە دڵخۆش بووم، وتم: دەی مادام تازە هەر پیاوەتییەکەم کردووە با بەتەواوەتی بیکەم، رووم وەرگێڕا بەرەو ئەو کۆڵانەی بەرەوە چووم، لەوێش لە چەند دەرگای ماڵێکم دا، یەک لەماڵەکان ئیشارەتی دایە ماڵێکی ئەو تەنیشتەیان و وتی: "پێش ئەوەی لەم کۆڵانە بڕۆن ماڵیان لەو خانووە بووە بەڵام نازانم بۆ کوێ چووینە". سوپاسم کردو بەرەو ئەو ماڵە چووم کە لە دەرگام دا، پیاوێکی بەتەمەن دەرگاکەی کردەوە حاڵ و مەسەلەی خۆم و تەرمەکەم بۆی گێڕایەوە، وتی: "ئەو خانووە هی ئەوە ساڵێک پێش ئەمڕۆ خانوویەکی لەو کۆڵانەی ئەم بەرەوە کڕیوەو چووەتە ئەوێ، منیش ئەو خانووەم لەو کڕیوە". سوپاسم کردو برسێتی تەنگی پێ هەڵچنیم، ئارەقەش لە لەشمدا بەلێشاو دەهاتە خوارێ، چوومە ئەو کۆڵانەی پشتەوەو لە چەند ماڵێکی پرسیار کرد، لەوێش یەک لەماڵەکان ئیشارەتی بە ماڵێکدا کە پێشتر ئەو ماڵی لەو خانووە بووە، چوومە ئەوێ، ژن و پیاوێکی جاحێڵ بەیەکەوە هاتنە دەرەوە، کە حاڵ و مەسەلەی خۆم و تەرمەکەم بۆیان گێڕایەوە کابرا ئاهێکی قووڵی هەڵکێشاو وتی: من ئەو خانووەم لەو کڕیوە، ماوەی شەش مانگ دەبێ ماڵی چووەتە ئەو کۆڵانەی بەرەوە، زۆر هیلاک بووم هاتە سەرم لەوەندە کۆتایی بەو ماندووبوونە بێنم و بگەڕێمەوە بەڵام ترسام نەوەک ئەو ئامۆزایانەم دوای تەحقیق و تەحقیقکاری بڵێن: ئەو خزمەمان بۆ ئەو شتە چووەتە شار، بەناچاری کە پێم بەدوامدا نەدەهات، چوومە ئەو کۆڵانەو لەوێش کە پرسیاری ئەو ناوەم کرد یەکسەر کابرایەک وتی: "ماڵیان لەناو ئەم خانووەی مندا بوو، ماوەی سێ مانگە ماڵی بارکردووە بۆ گەڕەکی هەڤالان و ماڵیان رێک بەرامبەر نەخۆشخانەی رزگارییە". ئاهێکی قووڵم هەڵکێشاو بەناچاری تەکسییەکم گرت بەو ناونیشانەی وتی، یەکسەر چوومە بەر دەرگای ماڵیان، سەیرم کرد قەرەباڵغییەک لەوێیە، پرسیاری کەسوکاری ئەو ناوەم کرد، گەنجێک وتی: "من برای ئەوم". کە حاڵ و مەسەلەی خۆم و تەرمەکەم بۆ گێڕایەوە تا بەو ئان و ساتە ڕادەگات، نازانم کێ یەکسەر تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کردبوو، هەر ئەوەندەم زانی ئۆتۆمبێلێک پڕ لە پۆلیس چوار دەوریان گرتم و دەستیان کەلەمچە کردم و سواری ئۆتۆمبێلیان کردم و لەو بنکەیە بەندیان کردم. کاتێک مەفرەزە دەچێتە شوێنی رووداوەکەو ناسنامەی من لەتەک تەرمەکە دەدۆزرێتەوە ئیدی هیچ گومانێکیان نەما، شەو و رۆژێک بەدار و کێبل و لە کارەبایاندام، هەر دەیان وت: دەی قسە بکە، ئیعتراف کە.. چی بڵێم خۆ بەدرۆ ناڵێم من کوشتوومە ئێستاش هیچیان لێ سەوز نەکردم، وەلێ کاتێک برایەکم هاتە لام تێمگەیاند بچێتە دوای ئەو خەڵکەی من بۆ دۆزینەوەی ماڵی ئەو کابرا کوژراوە لە دەرگایانم دا، ئەوەبوو دوای زیاتر لە دوو سەعات خەڵکی ئەو گەڕەکە ئەوەی من لە دەرگامدابوو بۆ هاوسۆزی و پشتگیریم هاتنە ئەو بنکەیە، ژاوە ژاوێک دروست بوو، حکومەت ترسی لێ نیشت ئینقیلابی دەرهەق بکرێ، هەرچی ئۆتۆمبێلی نەژدەو پۆلیسی ئەو شارە هەبوو هەمووی لە دەوروبەری ئەو خەڵکە خڕبۆوە، ئەمەش وایکرد ئەوان بەیەک دەنگ داوای ئازادی منیان دەکرد، ئەوانیش بەڵێنیاندا بە زووترین کات بکوژی ئەم کابرایە بدۆزنەوە، لێدانم لەسەر هەڵگیرا تا کاتێکم زانی بانگ کرام و بڕیاری ئازادکردنم درا. لەو رۆژەوە ئەوە بووە پەندێک بۆ من، قەت لە هیچ و خۆڕایی و بێ بیرکردنەوە پیاوەتی نەکەم، ئەوقسەیەش زۆر راستە، کە دەڵێ: چاکەی سەربەخۆ سەری ساحێبی دەخوا، وەکو خەریکبوو سەری من بخوا.



**شاخەوان عەلی حەمەد**

# حاجی مەمۆ: ی.ق.ک هاوڕێی بەحەوسەڵەی وەک "عادل موراد، حەمە قەرەداغی ئازاد خەفاف"ی هەبوو



حاجی مەمۆ

هەر لەساڵی دووەمی خوێندن ، ئێمەی هاوڕێیانی کۆمەڵە ، کە بەشێوەیەکی چڕوپڕ خوومان دابووە خوێندنەوەو بەدواداچوونی بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ، کە ئەودەمی زۆر بڵاو و مۆدەی بیری شۆڕشگێڕی ڕۆژگار بوو . بالوێزخانەکانی وڵاتی چین و کۆریا و ئەلبانیا زۆر بەهەڕمێن بوون بۆ هاتووچۆی قوتابیانی هەڵگری ئەو بیروباوەڕە ، بەتایبەت بۆ ئێمەی قوتابیانی بەلەنگازو دەستکورت لەرووی گوزەرانەوە . هەفتە نەبوو سەر بەیەکێک لەو سەفارەتانەدا نەکەین و لەو کتێب و نامیلکانەی لەژووری پێشوازی دایاننابوو ، سەرو چەپکێکی لەگەڵ خۆمان نەهێنینەوە ، چونکە هەموویان بەخۆرایی پێشکەش دەکردین ، وامان لێهاتبوو لەگەڵ کارمەندەکانیان ببووینە ئاشنا و هەندێ جار لەگەڵمان دادەنیشتن .. بەڵام هاتووچوونەکەمان زۆر بەپەنادزە بوو ، بەتایبەت بۆ سەفارەتی وڵاتی چین، کە ئەو دەم هەم نزیکی کۆشکی کۆماری بوو ، هەمیش لە ژێر چاودێری پیاوەکانی رژێم بوو . کەچی ئێمەی قوتابی گوێمان بەهیچ نەدەدا و وونە ئەو سەفارەتانەمان کردبووە ڕێچکەی مێرولان و نەدەپسایەوە .. دیارە خوێندنەوەی نووسینەکانی ماوتسی تۆنگ بەزمانی عارەبی لەچاو خوێندنەوەی سەرچاوەکانی ئەساسی مارکسیزم هەر بەزمانی عارەبی زۆر ئاسان و سادەتر بوو ، چونکە هەم خودی ناوەڕۆکی نوسینەکانی ماوتسی تۆنگ لەگەڵ کەشوهەوای کۆمەڵی جووتیاری کورد نزیک و گونجاو بوو ، هەمیش وەرگێڕانەکان زۆر وردو سادەتر بوون .

لەگەڵ تەواوبوونی ئەو ساڵەی خوێندن ، لەرێگای هاوڕێی خۆشەویستم ، سەباح عەبدوڵا کە باوکی لە هەولێر کرێکاری ڕێگاوبان بوو ، ئاگاداری ئەوە بووم کە لەهەولێر دەستکراوە بە لێدانی دوو ڕێگای نێوان هەولێرو مەخموور، هەولێرو کۆیە . ئەوەبوو لەگەڵ سەباح بەیەکەوە چووینە وەزارەتی ڕێگاوبان، کە ئەوکاتە یادی بەخێر نوری شاوێس وەزیری بوو ، بەراستی یەکێک بوو لەو وەزیرە کوردانەی ناو حکومەتی عیراق، کە کاری زۆر گەورەی بۆ کوردستان دەکرد و لەگەڵ خەڵک سادە و بە لوتف بوو ، لەخۆی نەگۆڕابوو ، بەبێ هیچ واسیتەیەک لە ڕێگای سکرتێرەکەیەوە ، بەگەرمی پێشوازی لێمانکرد و هەتا چای و قاوەی بۆ بانگکردین ، بەتایبەت کە زانی ئێمە دوو قوتابی زانکۆین و دوو کوڕە هەژارین ، دەمانەوێ پشووی هاوینە بۆ خۆمان کار بکەین . دوای بەخێرهێنانی گەرممان ، یەکسەر بەدەستخەتی خۆی نووسراوێکی بۆ کردین و دایە دەست سکرتێرەکەی بۆ فەرمانی وەزاری لەلای خۆیەوە بۆ دەرکردین، کە بۆ ماوەی پشووی هاوین ، هەردووکمانی بەناونیشانی چاودێر لە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر دامەزراند. پێی گوتین ئەو زۆر سەرفرازە بەوەی کە کارئاسانییەکی بۆمانکردووە . تاکو لەپشووی هاوینە دەستبەتاڵ دانەنیشین و ئەو کارە بۆ خۆمان بکەین و لەبواری کارکردنی ڕۆژانە ، زۆرتر لە ژیان بگەین و خۆمان پێبگەیەنین لە پێناوی چاکتر خزمەتکردنی وڵات و نەتەوەکەمان . ئێمەش بە سوپاس و ڕێزەوە ماڵئاواییمان لێکرد و بەوپەڕی دڵخۆشی گەڕاینەوە هەولێر . بەدوای یەک دوو ڕۆژ هەر لەگەڵ سەباح بەیەکەوە چووینە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر، کە ئەوکات لە نێوان ناوەندی زازا و منارەی چۆلی بوو . لە پێشەوە ئەوەی سەباحیان بەبێ هیچ بەربەستێک جێبەجێکرد و فەرمانەکەیان دایەوە دەستی . بەڵام ئەوەی من دەنگی نەبوو ، ناچار بەخۆم یەک پێ چومە ژوری بەڕێوەبەر ، سەرباری ناڕازی بونی فەڕاشی بەردەرگا ، کە ئەوکاتە جەلال مەدحت خۆشناو بەڕێوەبەر بوو ، دوای سڵاوکردن، مەسەلەکەی خۆم بۆ باسکرد، کە من قوتابی بەشی زمان و ئەدەبی کوردیم لە زانکۆی بەغداد و لەگەڵ فلان کەس ئەمری وەزاریمان هێناوەتەوە بۆ کارکردن لەپشووی هاوینە ، نازانم بۆ فەرمانی دەست بەکاربوونی ئەوەی سەباح دەرچووە و ئەوەی من دەنگی نییە !لەگەڵ ئەوەی ئەمرە وەزارییەکەی هەردووکمان بەیەکەوە بووە . هەر ئەو ڕۆژەش خەڵکێکی زۆر لەلایەن لێژنەیەکی حیزبی دیدەنی دەکران بۆ دەمەزراندن . جەلال خۆشناو سەرێکی هەڵبڕی و بە پێکەنینەوە گوتی ،دەستی نووسینی چیت هەیە . منیش وەڵامم دایەوە و قسەکانی منی بەدڵ بوو . گوتی دانیشە . من دانیشتم و خۆی هەستا و دیاربوو چووە ئەو ژوورەی لێژنەکەی دامەزراندنی لێدانیشتبوو ، لەگەڵ یەکێک قسەی دەکرد، کە ناوەکەی منی ناسیبوو ، بە جەلال خۆشناوی دەگوت ، ئەوە کاتی خۆی جەلالی بووە و یەکێکی دیکە لە شوێنەکەی دادەمەزرێنین . گوێم لێبوو ، جەلال خۆشناو هەرچەندە ئەندازیار بوو ، بەڵام شعریشی دەنووسی ، وەک پارێزەری من ، بەو زاتە عەقل قوندەیەی گوت ، کاکی خۆم من بەڕێوەبەری ئەو دائیرەم و ناتوانم فەرمانی وەزیرەکەم جێبەجێ نەکەم، کە ئەندام مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی تۆیە و ئەو کارە لەدەسەڵاتی تۆدانییە و نووسراوەکەی منی وەرگرتبۆوەو هاتەوە ژوورەکەی خۆی، کە هەر یەک دەرگایان لە نێوان بوو . ئەوجا ڕووی لەمن کردوگوتی ، هەنووکە دەوام خەریکی تەواوبوونە و سبەینێ زوو وەرەوە لای خۆم و فەرمانەکەت دەدەمە دەست و هەر بەخۆشم ڕەوانەی سەرکارت دەکەم لە ڕێگای کۆیە . بەڵام دەبی بۆ گۆڤاری هەولێر هاوکاریمان بکەی . تومەز خۆی لەدەستەی نووسەران بوو . من گفتم پێدا و یەکەمجار پارچە پەخشانێکم لەسەر نەورۆز بۆ نووسین و لەو ڕێگایەشەوە بە خزمەت چیرۆکنووسی نەمر محەمەد مەولود مەم گەیشتم و دۆستایەتیمان پەیدا کرد .

یەکێتی قوتابیانی کوردستان وەک ڕێکخراوێکی گورجوگۆڵی سەرەتای حەفتاکان ، بۆ خۆی مێژوویێکی پڕ لەسەروەری لەدەواری خەباتی نەتەوەکەمان گرتووە، کە ئەو ڕۆژانە بەبیرخۆم دەهێنمەوە و دەکەومە تەتەڵەکردنی ڕووداوەکان ، قوتابیانی ئەوێ ڕۆژان ، گەنجولاوی ڕۆژگارەکە بوون ، خاوەن خەون و خۆزگەی خۆش بوون ، بەڵام ئەو ڕۆژە دوور لەهەرجۆرە ئازادی بیرورا و هەرجۆرە کەشوهەوایەکی دیموکراتی ئێستاکە ، بزێوترین و بگرە شۆڕشگێڕترین توێژی ئەوان ڕۆژان بوون . ڕۆژانێک دەسەڵاتی بەعس دروێنەی گیانی خۆڕاگری و ئازادی کوردی دەکرد . قوتابیان ئەوێ ڕۆژێ بە ڕوتووڕەجالی بەرگی بەریان ، بەگیرفانی بەتاڵ و خۆراکی هەرزانی ( بەتایبەت لە زانکۆکانی ئەوسای بەغداد و موسڵ و بەسرە و دواییش سلێمانی ) سەرجادەکان ، وەک هێزێکی لەبن نەهاتووی کوڕی خەبات ، لەپاڵ خوێندن و کۆششکردن بۆ بەدەستهێنانی زانست و مەعریفە و بڕوانامە ، چاونەترسانە و بەبێ گوێدانە یاریکردن بە مەرگ و چارەنووسی خۆیان ، ڕووبەڕووی بەعس دەبوونەوە .

بەڵێ یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەوان ڕۆژاندا ، بۆ چاکتر تەیاربوون و قۆشمەکردنی مەیدانی ، بەرەوکۆنفرانسی حەوتەمی خۆی لەشاری سلێمانی هەنگاوی ناو و قوتابییە نوێنەرەکانی ئەو کۆنفرانسە، کە هەموویان بەوپەڕی ئازادی و گیانی دیموکراتی لە کۆبوونەوەوکۆنفرانسە ناوخۆییەکان هەڵبژێردرابوون، پۆل پۆل بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتن ..ئێمەش لە نوێنەرانی بەغداد هەموو بەیەکەوە بە دوو پۆستەری گەورە لە بەرەبەیانێکی زوو بەڕێکەوتین .. لەبیرمە دەمەدەمی پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو گەیشتینە ناو دەروازەی کەرکووکی بریندار بەردەستی بەعس ، بەبێ گوێدانە هەر مەترسییەک ، هەموو قوتابییەکان بەیەک دەنگی یەکگرتوو، کە هەموو پەنجەرەی پۆستەرەکانمان خستبووە سەرپشت ، بەدەنگێکی دلێرانە سروودی ئەی ڕەقیب و کوردستانی بوونی کەرکووکی خۆشەویستمان دەگوتەوە، کە بەیەکجار خەڵکی کوردی ستەمدیدەی سەرجادەکانی هێنابووە خرۆشان .. بۆ ئێوارە گەیشتینە شار و هەرچەندە جێگاوڕێگامان بۆ دیاریکرابوو . بەڵام لە پڕ هاوڕێ عەزیز مەحمودمان لێپەیدا بوو، کە بەزۆر بەندە و یاسین ئەنوەرو ئەرسەلان بایزی بردەوە ماڵە قەلەندەرخانەکەی خۆی و دایکە کلۆلەکەی ..ئەو دایکە قارەمانەی،کە دواتر لەساڵی ١٩٧٥/ ١٩٧٦ ببووە گەنجینەی پاراستنی نهێنییەکانی کاک ئارامی نەمر و بۆ هەموومان دایکێکی لاچەک بەسەرو بەوەفا بوو ، یەک بەیەکمانی لەباوەش دەگرت و هەمووانی خۆشدەویست.

کۆنگرەی قوتابیان چەند ڕۆژێکی تژی لە گفتوگۆی بەسودو هەندێ دەمەتەقێی توندوتیژی بەخۆوە بینی ، بەڵام لەتێکڕای بینەوبەردەکانی هاوڕێیانی بەحەوسەلەی وەک عادل موراد و حەمە قەراخی و ئازاد خەفاف و چیا عباس و یاسین ئەنوەر و گەلێکی دیکە، سیمبۆلی هێمنکەرەوەو سەرپەرشتی کاری ژێر بوون لەپیناوی گەیشتنە ئەنجامی سەرکەوتوو . کە لەگەڵ هەڵبژاردنی ستافی نوێی سەرکردایەتی قوتابیان ، کۆنگرە بەجەپلەڕێزان کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا و لاپەڕەیەکی نوێی لە مێژوودا تۆمارکرد .

**بەشی چل و شەش**

# عەلی حەسەن مستەفا : دکتۆر مەحمود عوسمان ئازادی کردین لە مانەوەو گەڕانەوەمان بۆ عێراق



عەلی حەسەن مستەفا

**کۆکردنەوەی پیتاک**

دکتۆر (مەحمود عوسمان) چووە تاران بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران و دانانی ڕێ و شوێنێک بۆ ئاوارە کوردەکان، پاش چەند ڕۆژێک گەڕایەوە شاری نەغەدەی کوردستانی ئێران، لە گۆڕەپانەکەی پێش ماڵی (مەلا مستەفا) وەستاو خەڵکەکە لە دەوری کۆبوونەوە، قسەی بۆکردین:

گوتی: ئەی خەڵکینە ئێوە ئازادن پاش چەند ڕۆژێکی تر هەرکەسێک دەگەڕێتەوە بۆ عێراق ڕێی پێدراوە، ئەوەشی دەمێنێتەوە حکومەتی شاە دابەشیان دەکات بەسەر گوندو شارە فارس و عەجەمەکاندا. لە کوردستاندا مانەوە قەدەغەیە، نابێ کەس لێرە بمێنێتەوە، ئەوەشی دەیەوێت بچێتە دەرەوەی وڵات جگە لە (روسیاو ئیسرائیل) بۆ کوێی تر دەڕوات ئازادەو ڕێ پێدراوە، بەڵام من وای بەباش دەزانم گەڕانەوە بۆ عێراق باشترین ڕێگاچارەبێ بۆ گەلی کورد!! ئیتر ئەوەبوو من و مەلا عومەرو چەند کادرێکی تر گەڕاینەوە خاکی کوردستانی عێراق و شاری هەولێر.

هەر لەو کاتەش کە دکتۆر مەحمود کۆتایی بەقسەکانی خۆی هێنا، من و شێخەی حاجی ڕەسول و ئازاد قەرەداغی بەیەکەوە وەستا بووین، لەهەمان کات کوڕە بچووکەکەی مەلا مستەفا بە پێشمان تێپەڕی، پیاوێکیش گوتی: ئەمە کێیە پیاوێکی تر گوتی وابزانم ئەمە کوڕی بارزانییە.

هەروەها لەدوای سێ مانگ دوای گەڕانەوەمان ڕۆژێک کاک حەمە سادقی سێبیران لە بەغدا گەڕایەوە، هاتە لام، گوتی: کاک عەلی دەزانی برادەرانی خۆمان هەموو لەبەغدان؟ گووتم: چۆن وایە؟ گوتی: بەخوا خۆم کاک سمکۆ عەلی و عەریف عوسمان و کاک فارس باوەم دیت، گوتم: دەباشە با بە محەمەد مەولود هەولێری بڵێین، چونکە زۆر حەز دەکا کاک فارس ببینێ، لەوانەیە بچێتە لای، گوتی بابچین، وەڵڵا بە کاک محەمەدمان گووت، گوتمان ئەگەر دەچیت، ئەوا لەگەڵ کاک حەمە سادق بچۆ ئەو جێگەیان دەزانێ؟ گوتی: نەوەڵڵا ناچم، بەس توخوا ئەگەر چوویت ئەوەیان بەناوی من بۆ بگێڕەوە، بلێ لەگوندی قشاغلوو ژنێک شوانکارەی ماڵی ئاغای پاشا بوو، خۆی سەرپشک بوو لەهەموو ئیشێک و زۆر سەربەست بوو و شەوین و شیوەخواری دەکرد، هەرچەند داواکاری دەهات دەیگوت داواکاری ژنان دێت من پیاوم پیاو چۆن من شوودەکەم.... دوای ماوەیەک ڕۆژێک بەدوو(ڕەدوو) پیاوێکی قەساب کەوت، کە خەڵکی دووسەرەی قەراج بوو. ئەوەیان بۆ بگێڕەوە، خۆیان تێدەگەن و زۆر سەڵامیشیان لێ بکە.

ئیتر لە گەڕانەوەمدا دەستم دایە گرتنی بەلێندەرایەتی (قۆنتەرات)، حزبی بەعسیش بەیانێکی دەرکرد، کەوا نابێ حزبە کوردییەکان ئەو پێشمەرگە گەڕاوانە (عائدون) بگرنە خۆیان و دەبێ پەیوەندی بکەن بە حزبی بەعسەوە، زۆربەشیان پەنجە مۆریان پێکراو، لە ناو دامودەزگاکانی میری دادەمەزران. پاشان حزبی بەعس بڕیارێکی تری دەرکرد بۆ ئەو کەسانەی کە درەنگتر گەڕانەوە، لە بازگەی خەسرەوی یەکسەر بۆ باشوور ڕەوانە دەکران، هەندێک لەو لێپرسراوانەیشی گرتەوە، کە درەنگتر گەڕابوونەوە بۆ وڵات و لەناو شاری هەولێر دوورخرانەوەو (نەفی)کران بۆ باشوور.

ئەوەبوو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە بارودۆخەکە نائومێدبوون و دوورخستنەوە و بە زۆر کردنە بەعسی خەڵکەکەی بێزار کرد و دیسانەوە هەڵهاتن و ڕێگای شاخیان گرتەبەر و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بڵێسەی دا.

**شەڕی ماکۆک:**

لە ساڵی ١٩٧٤، کە شەڕ دەستی پێکردەوە لەگەڵ دەستەکەمدا گواستراینەوە بۆ هێزی بێتواتە لە بناری کۆسرەت تا ماوەیەک ماینەوە، لە هێز بروسکەیەکم بۆ هات، کە بەپەلە بگەڕێینەوە ناو بێتواتە بۆ ڕێگرتن لە هێرشی سوپاکەی ڕژێم، نزیکەی چل چەکدارم لەگەڵدا بوو، کە لە دەریاچەی دووکان پەڕینەوە بۆ ناوچەی پشدەرو لەوێشەوە بەرەو چیای کارۆخ، دوای سێ ڕۆژ بە پێ ڕۆیشتن گەیشتینە سەر چیای ماکۆک، هێزی دوژمن بە پەنجا دەبابەوە گەیشتبووە چوارقورنە. ئێمە شەوێک پشوومان دا پاشان سنووری بەرگریکردنمان دابەش کرد، ناوچەی سەروچاوە بە ئێمە سپێردرا بۆ بەرگریکردن، بەڵام هیچ پشتگیرییەکی ئاوو زەخیرەو شەکرو چایان بۆ دابین نەکردین و ناوچەکەش چۆڵ بوو، هیچ ماڵی تێدانەبوو، زۆرینەی خەڵکەکە ڕوویان کردبووە ئێران. کەریم فەقێ ئامر بەتالیۆنی هێزی سێی سەفین لەسەر قۆپکی خانزاد بوو، بەڵام شوێنەکەی داگیرکرا و چەند بریندارێکیش لە هێزەکەی سەفین بەلای ئێمەدا هاتنەخوارەوە، لێمان پرسین بارودۆخی شەڕەکە چۆنە؟ لە وەڵامدا گوتیان جێگاکەی ئێمە گیراوەو دوژمن بەسەر ئێمەشدا زاڵ بوو، بۆیە ئێمەش بە ناچاری پێش ڕۆژهەڵاتن کشاینەوە گوندی ئەنگۆز. (شێخ ئەحمەد)ی سەرپەلمان زۆر زیرەک و بلیمەت بوو لەبەسەر کەوتنی چیادا، پێم گووت (شێخ ئەحمەد) بچۆ لای مولازم (حەسەن)، داوای ئازوقەو تەقەمەنی لێبکەو ئەو کات ئامادەین پەیوەندی بە بەتالیۆنەکەیان بکەین و هاوکاریان بکەین، بەیەک کاتژمێر بەسەر چیادا سەرکەوت و گەڕایەوە، نامەیەکی مولازمی بۆ هێنابووم، کەوا داخوازییەکانمان جێبەجێ دەکات، شەوێ خۆمان بۆ هێرشی سەر چیای ماکۆک ئامادەکرد، لەگەڵ بەیانیدا ڕژێم دەستی کرد بەتەقە، ئێمەش بە توندی بەرەنگاریان بووینەوە هەتاوەکو کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆ زۆر بە گەرمی دەجەنگاین، بەڵام بێئاگا لە هێزەکەی لای ڕۆژهەڵاتمانەوە، کە بەتالیۆنی یەکی هێزی بێتواتە بوو و جێگاکەیان گیرا بوو، لەلای جێگاکەی ئەوانیشەوە تەقەمان لێدەکرا، ئێمەش چۆکمان دانەداو نەبەزین، هەر بەردەوام بووین لە شەڕ تا کات ژمێر (١)ی نیوەڕۆ، دوو فرۆکەی ڕژێم گەیشتنە سەرمان بۆمبیارانی خەستی ناوچەکەیان کردین، بەتالیۆنی هێڵی پێشەوە، کە معاون (عەبدوڵڵا) سورچی ئامر بەتالیۆنی بوو و سەرپەرشتی شەرگەکەی دەکرد بەهۆی فرۆکەکانەوە دوو بریندار لە هێزەکەیان هەبوو، کاک (عەبدوڵڵا)ش لەگەڵیان هاتە خوارەوە، بەبەردەمی ئێمەدا ڕووەو ئەشکەوتەکە، کە نەخۆشخانە بوو بۆ تیمارکردنی بریندارەکان، منیش گوتم کاک عەبدوڵڵا وا بە چاک دەزانم خۆت لەگەڵیان نەڕۆی، چونکە بە ڕۆیشتنی خۆت هێزەکەت دەشکێت و دوژمن زەرەرمان پێدەگەیەنێت، هەر ئەوەندە وەڵامی دامەوە گوتی: ئێستا دەگەڕێمەوە ئیتر نەم دیتەوە.

بۆردومان هەر بەردەوام بوو، فڕۆکەکان گەڕانەوە، هێرشەکەی دوژمن زۆر بە توندی بەرەو ڕوومان دەهات و هێزەکەی معاون (عەبدوڵڵا) پاشەکشەی کرد، ئێمەش بە ئازایی شەهید (نورەدین سەعید)و چەند پێشمەرگەیەکی تر دەرباز بووین، کە دوو نارنجۆکی دەستی پێ مابوو و هەردووکیانی بەکارهێناو دەرباز بووین. ئیتر کشاینەوە بۆ گوندی (ئەندێک)، سەعات سێی پاش نیوەڕۆ گەیشتینە گوندەکەو هێزەکەی دوژمنیش چوونە شوێنەکانی ئێمەوە. هێزی دەشتی هەولێر بە فریامان کەوتن و شەهید (سەعدی گچکە)و (عەبدولڕەحمان حاجی عەلی)و (حەسەن بانی مارانی)و (سابیر کاکە شین )لێپرسراوەکانیان بوون، هەریەکە بە خۆیان و دوو سێ بەتالیۆنەوە بۆ سەر چیای سەرچاوەی ئاوی ماکۆک سەرکەوتینەوە، خوالێخۆشبوو سەعدی گچکە بە منی گوت: ئەگەر سوپای دوژمن ئێرەشمان لێ بگرێ ئیتر کوێمان بەدەستەوە دەمێنێت. بۆیە دەبێت هێرش بکەینەوە سەر ئەو شوێنانەی گیراون بیانگرینەوە، تۆپێکی سەدو بیست ملیمان لەگەڵ دۆشکەیەک هەبوو، کە (عەریف جەعفەر)ی خەڵکی گوندی مەرگە بوو ئازاو بلیمەت بەکاری دەهێنان و تەقەی پێدەکردن، لە نوێژی مەغریبدا هێزەکانمان بەڕێکەوتن و بۆ سەعات دە چارەکی دەویست تەقە دەستی پێکردو مەردانە بەرەنگاری دوژمن بووینەوە، منیش بە (عەریف جەعفەر)م گوت تۆپ و دۆشکەکە بەسەر چیادا بەسەربێخەو با لە دەشتاییەکدا دەستی بەسەردا نەگیرێ، کاک (عەبدولڕەحمان حاجی عەلی) ئامر بەتالیۆن هاتەوە لامان، گوتم: بۆچی هاتنەوە، گوتی: فیشەکمان نەماوە، پێشمەرگەکانمان بێ پشوون، منیش گوتم: ها ئەوەتا شەش سندوق فیشەک، ئیتر ڕژێم سەرچاوەی ئاوی ماکۆکی لێ گرتین و سەربازگەی بەهێزی لێ دانا، ئێمەیش لە بەرامبەریاندا ماینەوە تا گەیشتینە زستانێکی ساردو سڕ.

ئێمە پانزە ڕۆژ پشوومان وەرگرت و چووینە دۆڵی گوڵان لە بناری کارۆخ، لەوێ (ڕەشید سندی) سەرلەشکری هەرسێ هێزی (بێتواتەو سەفین و هەولێر) بوو، چوومە لای یارمەتی و خواردن و ئازوقەی داینێ، منیش لەبارودۆخی بەرەنگاری و سەرشەڕگەکان ئاگادارم کردنەوە و ڕووداوەکانم بۆ باس کرد، گوتی: زۆرباشە کۆبوونەوەی لەسەردەکەین و بۆ ئەو مەبەستەش بەسەرۆکایەتی خۆی لەگەڵ هەر سێ ئامرهێز (فارس باوە-ڕەسوڵ فەقێ-عەلی شەعبان) بڕیاردرا هێزێک دروست بکەن لە زیرەکترین و باشترین و لاوترین پێشمەرگە لە هەرسێ هێزەکە، کەوا ژمارەیان سەدو هەشتا پێشمەرگەی قارەمان بێت، بۆ گرتنەوەی سێ ڕەبییەکەی چیای ماکۆک هێرش بکەن، پاشان هەردوو شەرگەی پێشمەرگەو ڕژێم بەرامبەر بەیەک ماینەوە ئیتر شەڕ بە تۆپ دەستی پێکرد و ئێمە هێرشێکی نوێمان بردەوە سەریان، بەڵام بەداخەوە سەرکەوتنمان بەدەست نەهێناو گەڕاینەوە جێگاکانی پێشومان . شەوێک ڕژێمی عێراق هێرشی کرد لێپرسراوەکانی جەبهەکەی ئێمە، مامە غەفەو یاسین کەردزی و ئەحمەد ماهی و جەوهەر قەهار و مەلا حاجی ڕەسول و عوسمان حەمە و شەهید ڕەشید مەحموود تەلەرخێمی، کە بە ڕەشە کوڕ ناسرابوو لێیان هاتنە دەست و هێرشەکە شکاو بەشێک لە بەتالیۆنی یەک و دووی دەشتی هەولێر لێیان هاتنە دەست و زەبرێکی کوشندەیان لێ دان، کوشتاری زۆر کراو ژمارەیەکی زۆر لە کلاشینکۆف و تەقەمەنی گیرا، مامە غەفە لەو شەڕەدا بەشدار بوو، بەتالیۆنی دەشتی هەولێر دەوری بەرچاوو کاریگەرییان هەبوو لەو شەڕەدا، کە جێی ڕێزلێنانە.

**بەشی سی و حەوت**

# جەواهیری و یادەوەرییەکانی لە هەولێر بوون

## ڕاگەیاندنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان

بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیران و نووسەران و ئەکادیمیستان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بە هاوکاری سەنتەری ڕۆشنبیری فەڕەنسی لەژێر ناوی "یادەوەرییەکان لەگەڵ جەواهیری" ئێوارە کۆڕێکی بۆ دکتۆرە خەیالی کچی جەواهیری و سەباح مەندەلاوی و کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆشنبیر سازکرد.

لە دەستپێکی ئەو ئێوارە کۆڕەدا "د. تیسۆ" قونسوڵی فەڕەنسا لە هەولێر وتەیەکی پێشکەش کردو تێیدا ئاماژەی بە کاری هاوبەشی ڕۆشنبیری کرد لەنێوان کورد و فەڕەنسییەکان، هەروەک ڕۆڵی جەواهیریشی بەرز نرخاند لە خزمەتکردن بە دۆزی کورد.

دواتر حەمید ئەبوبەکر بەدرخان بەرپرسی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان وتارێکی پێشکەشی ئامادەبووان کردو تێیدا جەختی لەوە کردەوە کە دەزگای بەدرخان بەردەوام دەبێ لە سازکردنی چالاکییەکانی خۆی، سازکردنی ئەو چالاکییەشی بە کارێکی گرنگ و پڕ بایەخ زانی لە کاتێکدا جەواهیری وەکو شاعیرێکی عەرەب خزمەتی بە دۆزی ڕەوای کورد کردووەو توانیویەتی لەڕێگای شیعرەکانی ئێش و ئازار و موعاناتەکانی کورد دەرببڕێ.

دوابەدوای ئەوانە فیلمێکی دیکۆمێنتی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەژێر ناوی "جەواهیری" نمایشکرا، کە ئەو فیلمە لە ئامادەکردنی حەمید بەدرخان و دەرهێنانی ستار محەمەد ئەمین و مۆنتاژی دڵدار جاف بوو، کە لەو فیلمەدا توانرابوو بۆ یەکەمجار ئەو ئافرەتە بدۆزرێتەوە، کە لەساڵی ١٩٦٣ کڵاوێکی چنی بوو بۆ مام جەلال و ئەویش بەدیاری بەخشیبوویە جەواهیری کە لەسەر کڵاوەکە نووسراوە یان کوردستان یان نەمان، هەروەک لەو فیلمەدا بەشی زۆری ئەو شیعرانە خوێندرانەوە کە جەواهیری دەربارەی کێشەی کورد نووسیبوونی، هەروەها بەشی زۆری هاوڕێ نزیکەکانی جەواهیری باسیان لەو پیاوە کردبوو، هەروەک توانرابوو ئاماژە بەو هەردوو پەیکەرە بکرێ کە لە هەولێر و سلێمانی بۆ جەواهیری دروست کراوە.

دوابەدوای ئەوانە هەریەک لە "د. خەیال محەمەد مەهدی جەواهیری و سەباح مەندەلاوی" وەک دوو کەسی نزیک لە جەواهیری باسیان لە جەواهیری و یادەوەرییەکانی کرد، هەر لە ئاوارەبوونی لە عێراق و هەڵوێستەکانی بەرامبەر کورد و سەرکردە کوردەکان بەتایبەتی مەلا مستەفای بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی.

لە کۆتایی ئەو سیمینارەدا هەریەک لە"د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، د. جەلیل مەندەلاوی، زیوەر خەتاب، مومتاز حەیدەری، عوسمان ڕەشاد موفتی" باسیان لە گەورەیی جەواهیری کرد، وەک شاعیرێکی عەرەب کە مرۆڤایەتی و ئینسانیەت بەلایەوە زۆر گرنگ بووەو توانویەتی خزمەتێکی گەورە بە ڕەوشی مرۆڤایەتی بکا لەڕێگای شیعرەکانیەوە.

لە کۆتاییشدا بە چەپڵەڕێزانی ئامادەبووان کۆڕەکە کۆتایی پێهات، هەر لەو کۆڕەدا سێ کتێب بەسەر ئامادەبووان دابەشکرا، کۆڕەکەش بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بەڕێوەچوو، بەشە کوردییەکەی لەلایەن "د. ئازاد حەمە شەریف" و بەشە عەرەبییەکەی لەلایەن "د. ئیسماعیل محەمەد فەهمی قەرەداغی" بەڕێوەبردرا.

جێی ئاماژەیە هەر لەو ئێوارە کۆڕەدا خاتوو مرواری ئامادەبوو، ئەو خاتوونەی لەساڵی ١٩٦٣ کڵاوێکی چنیبوو بۆ مام جەلال و لەسەری نووسیبوو "یان کوردستان یان نەمان" دواتر مام جەلال ئەو کڵاوەی بەخشیبووە جەواهیری، کە لەو کۆڕەدا مرواری ملوانکەکەی ملی خۆی بەخشیە "د. خەبال"ی کچی محەمەد مەهدی جەواهیری شاعیر.



محەمەد مەهدی جەواهیری

# دوای ٤٣ ساڵ لە ڕوودانی، بەدرخان توانی کڵاوچنەکەی جەواهیری بدۆزێتەوەو بە بینەران و کچەکەی جەواهیری ئاشنا بکات

**لەدوای ٤٣ ساڵ لە چنینی کڵاوەکە، دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان توانی ئەو خاتوونە دەست ڕەنگینە بدۆزێتەوە، کە لە ساڵی ١٩٦٣ کڵاوێکی چنیوەو لەسەری نووسیبوو "یان کوردستان یان نەمان" و کڵاوەکەی بەدیاری بۆ مام جەلال ناردووە، دواتر مام جەلال کڵاوەکەی پێشکەشی شاعیری گەورەی عەرەب جەواهیری کردبوو.**

**لە دیدارێکی تایبەتی بەدرخاندا مرواری ئەحمەد عەبدوڵڵا باس لەو کارەی دەکا...**

## تایبەت بە بەدرخان

*** بەر لەوەی ئەو کڵاوانە بچنی، هیچ شتی دیکەت چنی بوو؟**

- نەوەڵڵا هەرخۆم حەزمکرد ئەوکارە بکەم،کەس پێی نەگوتبووم ئەو کارە بکەم، بەڵام بۆ نووسینەکە لەبەرئەوەی خوێندەواریم نەبوو براکەمم بانگکردو گوتم وەرە بۆم بنووسە "یان کوردستان یان نەمان"، دواتر خۆم چنیم.

*** بیرۆکەی دروستکردنی ئەو کڵاوە لەکوێوە سەرچاوەی گرت؟**

- ئەوکاتەی ئەو کڵاوەم چنی تەمەنم ١٣ ساڵ بوو، لە ساڵی ١٩٦٣ بەبیرمدا هات و حەزمکرد بە دەستەکانی خۆم کڵاوێک بۆ مام جەلال بچنم، دوایی لەبەرئەوەی نەخوێندەوار بووم و نەمدەتوانی هەندێ شت بکەم، براکەم بانگ کرد کە ئەوکات خوێندکاری شەشی سەرەتایی بوو، هات لەگەڵم دانیشت، خۆم کڵاوەکەم دووری و چاکم کرد، بە براکەمم گوت وەرە بۆم بنووسە "یان کوردستان یان نەمان" براکەم بۆی نووسیم، دوایی کڵاوێکی دیکەشم چنی، بەڵام بە جۆرێکی دیکە و هیچ شتم لەسەری نەنووسی، ئەو بۆ خاڵۆزایەکی دایکم، خاڵۆزاکەی دایکم لە گورگەیەر کادیر بوو، لەوێ ژنەکەشی لەگەڵی بوو و پێشمەرگە بوون، ئەوکات مام جەلال وەفد بوو لەنێوان ئەحمەد حەسەن بەکرو ئەوانە، یانی مام جەلال هاتووچۆی دەکرد، ئەوکات مەلا مستەفا سەرۆک بوو، بە خاڵۆزاکەی دایکمم گوت ئەوکڵاوەی لەسەریم نووسیوە "یا کوردستان یان نەمان" بگەیەنە دەستی مام جەلال، دامێ بردی بۆ گورگەیەر، لە گورگەیەر خاڵۆزاکەی دایکم بەرد بەسەری کەوتبوو، دایکم چووبوو بۆ لایان، کە چوونەوە لەوێ کڵاوەکەی دابووێ، ئیتر دابوویە مام جەلال، مام جەلالیش دواتر دابوویە شاعیری گەورەی عەرەب جەواهیری، دوایی نازانم چی بەسەرهاتبوو، بەڵام تا ئەو ساڵانەی دوایی من هەر لێی بێ دەنگ بووم.

*** ئەی چۆن زانیت ئەو کڵاوەی سەری جەواهیری دەستکردی تۆیە؟**

- ئێوارەیەکیان کوڕەکەم هاتەوە گوتی دایکە پەیکەرێکیان بۆ جەواهیری دروست کردووەو ئەمڕۆ پەردەی لەسەر لادرا، کڵاوێکی لەسەرەو تیای نووسراوە یا کوردستان یان نەمان، گوتم ڕۆڵە بەم دەستانەی خۆم ئەو کڵاوەم چنیوە.

*** دوای ئەوەی تۆ کڵاوێکت چنی بۆ سەرکردەیەکی گەورەی کورد، دوایی کە زانیت ئەو کڵاوەی تۆ چنیوتە لەسەر شاعیرێکی گەورەی عەرەبە هەستت بەچی کرد؟**

- دوای ئەوەی کە زانیم حەزدەکەم جێدەستم دیاربێ.

*** بەرلەوەی کوڕەکەت ئەو هەواڵەت بداتێ، ئەو کڵاوە لە خەیاڵت مابوو؟**

- بەڵێ بە بەردەوامی لە خەیاڵم بوو، بەر لەوەی لەبەردەم ئوتێل ئەبوسەنا ئەو کڵاوە لەسەری جەواهیری ببینرێ نەمدەزانی ئەو کڵاوە لەسەری جەواهیرییە.

*** ڕەنگی کڵاوەکەت چۆن بوو؟**

- کڵاوەکە ڕەنگی سپی بوو، بە خەیاتەی ڕەش و زەرد چنیبووم.

*** بە چ زمانێک ئەوەت نووسیبوو؟**

- بە کوردی، من خوێندەواریم نەبوو، براکەم بە قەڵەم بۆی نووسیم و منیش بە دەرزی و خەیاتە زەردەکە بە دەست چنیم، خۆم پیشەی بەرگدرووی دەزانم.

*** داواکاریت چییە؟**

- زۆر خۆشحاڵم بەوەی کە جێدەستم دیاربوو، دڵشادو دڵخۆشم، ئیتر ئەوانیش خۆیان و ویژدانی خۆیان هەڵوێستیان دەبێ ماڵیان ئاوابێ و مەمنوونم.

*** چی بە کچەکەی جەواهیری دەڵێی؟**

- خوا لەباوکت خۆش بێ و جێگای بەهەشت بێ.

*** بەڕێزتان لەو ئێوارە کۆڕەی دەزگای بەدرخان داوەتن، کە بۆ کچەکەی جەواهیری بەناوی یادەوەرییەکان لەگەڵ جەواهیری سازی دەکا؟**

- زۆر سوپاستان دەکەم، کە بەر لەهەموو کەسێک ئێوە منتان بەسەرکردەوەو لەو یادە گەورەیەش داوەتم دەکەن، بۆیە بەڵێنتان دەدەمێ دیارییەکی جوانیش پێشکەشی کچەکەی جەواهیری بکەم.



مرواری ئەحمەد عەبدوڵڵا، کڵاوچنەکەی جەواهیری، سلێمانی ٢٠١٠/٥/٢٥

# محمد مهدي الجواهري في سطور

ولد الشاعر محمد مهدي الجواهري في النجف في السادس والعشرين من تموز عام ١٨٩٩م ، والنجف مركز ديني وأدبي ، وللشعر فيها أسواق تتمثل في مجالسها ومحافلها ، وكان أبوه عبد الحسين عالما من علماء النجف ، أراد لابنه الذي بدت عليه ميزات الذكاء والمقدرة على الحفظ أن يكون عالما، لذلك ألبسه عباءة العلماء وعمامتهم وهو في سن العاشرة.

- تحدر من أسرة نجفية محافظة عريقة في العلم والأدب والشعر تعرف بآل الجواهر ، نسبة إلى أحد أجداد الأسرة والذي يدعى الشيخ محمد حسن صاحب الجواهر ، والذي ألف كتابا في الفقه واسم الكتاب "جواهر الكلام في شرح شرائع الإسلام " . وكان لهذه الأسرة ، كما لباقي الأسر الكبيرة في النجف مجلس عامر بالأدب والأدباء يرتاده كبار الشخصيات الأدبية والعلمية .

- قرأ القرآن الكريم وهو في هذه السن المبكرة وتم له ذلك بين أقرباء والده وأصدقائه، ثم أرسله والده إلى مدرسين كبار ليعلموه الكتابة والقراءة، فأخذ عن شيوخه النحو والصرف والبلاغة والفقه وما إلى ذلك مما هو معروف في منهج الدراسة آنذاك . وخطط له والده وآخرون أن يحفظ في كل يوم خطبة من نهج البلاغة وقصيدة من ديوان المتنبي ليبدأ الفتى بالحفظ طوال نهاره منتظرا ساعة الامتحان بفارغ الصبر ، وبعد أن ينجح في الامتحان يسمح له بالخروج فيحس انه خلق من جديد ، وفي المساء يصاحب والده إلى مجالس الكبار .

- أظهر ميلا منذ الطفولة إلى الأدب فأخذ يقرأ في كتاب البيان والتبيين ومقدمة ابن خلدون ودواوين الشعر ، ونظم الشعر في سن مبكرة ، تأثرا ببيئته ، واستجابة لموهبة كامنة فيه .

- كان قوي الذاكرة ، سريع الحفظ ، ويروى أنه في إحدى المرات وضعت أمامه ليرة ذهبية وطلب منه أن يبرهن عن مقدرته في الحفظ وتكون الليرة له. فغاب الفتى ثماني ساعات وحفظ قصيدة من (٤٥٠) بيتا واسمعها للحاضرين وقبض الليرة .

- كان أبوه يريده عالما لا شاعرا ، لكن ميله للشعر غلب عليه . وفي سنة ١٩١٧، توفي والده وبعد أن انقضت أيام الحزن عاد الشاب إلى دروسه وأضاف إليها درس البيان والمنطق والفلسفة.. وقرأ كل شعر جديد سواء أكان عربيا أم مترجما عن الغرب .

- وكان في أول حياته يرتدي العمامة لباس رجال الدين لأنه نشأ نشأة دينيه محافظة ، واشترك بسبب ذلك في ثورة العشرين عام ١٩٢٠م ضد السلطات البريطانية وهو لابس العمامة ، ثم اشتغل مدة قصيرة في بلاط الملك فيصل الأول عندما توج ملكا على العراق وكان لا يزال يرتدي العمامة ، ثم ترك العمامة كما ترك الاشتغال في البلاط الفيصلي وراح يعمل بالصحافة بعد أن غادر النجف إلى بغداد ، فأصدر مجموعة من الصحف منها جريدة ( الفرات ) وجريدة ( الانقلاب ) ثم جريدة ( الرأي العام ) وانتخب عدة مرات رئيسا لاتحاد الأدباء العراقيين .

- لم يبق من شعره الأول شيء يذكر ، وأول قصيدة له كانت قد نشرت في شهر كانون الثاني عام ١٩٢١ ، وأخذ يوالي النشر بعدها في مختلف الجرائد والمجلات العراقية والعربية .

- نشر أول مجموعة له باسم " حلبة الأدب " عارض فيها عددا من الشعراء القدامى والمعاصرين .

- سافر إلى إيران مرتين : المرة الأولى في عام ١٩٢٤ ، والثانية في عام ١٩٢٦ ، وكان قد أخذ بطبيعتها ، فنظم في ذلك عدة مقطوعات .

- ترك النجف عام ١٩٢٧ ليعين مدرسا في المدارس الثانوية ، ولكنه فوجيء بتعيينه معلما على الملاك الابتدائي في الكاظمية .

- أصدر في عام ١٩٢٨ ديوانا أسماه " بين الشعور والعاطفة " نشر فيه ما استجد من شعره .

- استقال من البلاط سنة ١٩٣٠ ، ليصدر جريدته (الفرات) ، وقد صدر منها عشرون عددا ، ثم ألغت الحكومة امتيازها فآلمه ذلك كثيرا ، وحاول أن يعيد إصدارها ولكن بدون جدوى ، فبقي بدون عمل إلى أن عين معلما في أواخر سنة ١٩٣١ في مدرسة المأمونية ، ثم نقل لإلى ديوان الوزارة رئيسا لديوان التحرير .

- في عام ١٩٣٥ أصدر ديوانه الثاني بإسم " ديوان الجواهري " .

- في أواخر عام ١٩٣٦ أصدر جريدة (الانقلاب) إثر الانقلاب العسكري الذي قاده بكر صدقي .وإذ أحس بانحراف الانقلاب عن أهدافه التي أعلن عنها بدأ يعارض سياسة الحكم فيما ينشر في هذه الجريدة ، فحكم عليه بالسجن ثلاثة أشهر وبإيقاف الجريدة عن الصدور شهرا .

- بعد سقوط حكومة الانقلاب غير اسم الجريدة إلى (الرأي العام) ، ولم يتح لها مواصلة الصدور ، فعطلت أكثر من مرة بسبب ما كان يكتب فيها من مقالات ناقدة للسياسات المتعاقبة .

- لما قامت حركة مارس ١٩٤١ أيدها وبعد فشلها غادر العراق مع من غادر إلى إيران ، ثم عاد إلى العراق في العام نفسه ليستأنف إصدار جريدته (الرأي العام) .

- في عام ١٩٤٤ شارك في مهرجان أبي العلاء المعري في دمشق .

- أصدر في عامي ١٩٤٩ و ١٩٥٠ الجزء الأول والثاني من ديوانه في طبعة جديدة ضم فيها قصائده التي نظمها في الأربعينيات والتي برز فيها شاعرا كبيرا .

- شارك في عام ١٩٥٠ في المؤتمر الثقافي للجامعة العربية الذي عقد في الاسكندرية .

- أنتخب رئيسا لاتحاد الأدباء العراقيين ونقيبا للصحفيين .

- واجه مضايقات مختلفة فغادر العراق عام ١٩٦١ إلى لبنان ومن هناك استقر في براغ ضيفا على اتحاد الأدباء التشيكوسلوفاكيين .

- أقام في براغ سبع سنوات ، وصدر له فيها في عام ١٩٦٥ ديوان جديد سماه " بريد الغربة " .

- عاد إلى العراق في عام ١٩٦٨ وخصصت له حكومة الثورة راتبا تقاعديا قدره ١٥٠ دينارا في الشهر .

- في عام ١٩٦٩ صدر له في بغداد ديوان "بريد العودة" .

- في عام ١٩٧١ أصدرت له وزارة الإعلام ديوان " أيها الأرق" .وفي العام نفسه رأس الوفد العراقي الذي مثل العراق في مؤتمر الأدباء العرب الثامن المنعقد في دمشق . وفي العام نفسه أصدرت له وزارة الإعلام ديوان " خلجات " .

- في عام ١٩٧٣ رأس الوفد العراقي إلى مؤتمر الأدباء التاسع الذي عقد في تونس .

- بلدان عديدة فتحت أبوابها للجواهري مثل مصر، المغرب، والأردن ، وهذا دليل على مدى الاحترام الذي حظي به ولكنه اختار دمشق واستقر فيها واطمأن إليها واستراح ونزل في ضيافة الرئيس الراحل حافظ الأسد الذي بسط رعايته لكل الشعراء والأدباء والكتاب.

- كرمه الرئيس الراحل «حافظ الأسد» بمنحه أعلى وسام في البلاد ، وقصيدة الشاعر الجواهري (دمشق جبهة المجد» ذروة من الذرا الشعرية العالية .

- يتصف أسلوب الجواهري بالصدق في التعبير والقوة في البيان والحرارة في الإحساس الملتحم بالصور الهادرة كالتيار في النفس ، ولكنه يبدو من خلال أفكاره متشائما حزينا من الحياة تغلف شعره مسحة من الكآبة والإحساس القاتم الحزين مع نفسية معقدة تنظر إلى كل أمر نظر الفيلسوف الناقد الذي لايرضيه شيء.

- وتوفي الجواهري في السابع والعشرين من تموز ١٩٩٧ ، ورحل بعد أن تمرد وتحدى ودخل معارك كبرى وخاض غمرتها واكتوى بنيرانها فكان بحق شاهد العصر الذي لم يجامل ولم يحاب أحدا .

- وقد ولد الجواهري وتوفي في نفس الشهر، وكان الفارق يوما واحدا مابين عيد ميلاده ووفاته. فقد ولد في السادس والعشرين من تموز عام ١٨٩٩ وتوفي في السابع والعشرين من تموز ١٩٩٧.

# بەدرخان Bedirxan حەوتەمین فێستیڤاڵی خۆی لە واشنتۆن سازدەکات





بەدرخان

Bedirxan

www.bedrxan.net

www.bedrxan.com

bedrxan@yahoo.com

- سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد باپیر - ئەڵمانیا

- خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
- بەڕێوەبەری نووسین:
عەبدولڕەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
- ستافی کارا: کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعودی مەلا هەمزە.
نەخشەساز:
ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
- بەشی کۆمپیوتەر:
ئەیوب یوسف ئەبوبەکر

بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

- راوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
- راوێژکاری رووناکبیریی: د. ئازاد حەمە شەریف
- راوێژکاری کلتووری: د. ئیسماعیل محەمەد قەرەداغی
- راوێژکاری مێژوو: د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور
- راوێژکاری هونەری: محەمەد زادە
- راوێژکاری یاسایی: پارێزەر حوسامەددین یاسین سەرداری

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری

نۆرماڵ: ٠٦٧٩ ٢٥١ ٦٦ ٩٦٤ +
مۆبایل: ٥٨٧٨ ٤٥٥ ٧٥٠ ٩٦٤ +